
ڕێبەندانی ۱۳۶۷
۳۱

سروە

ئەدەبی - فەرهەنگی


ناوەندی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی
ئینتشاراتی سەلاحەدینی ئەییووبی



گۆواری ئەدەبی - فەرهەنگی سروە - ساڵی چوارەم ژمارە ۳۱ ڕێبەندان ۱۳۶۷ - نرخ: ۱۵ تمەن

مناجات

■ وەرگێڕ لە فارسیەوە : قازی ئەحمەد



٢

ناوت دەستێکە چەتری بەسەر ئەبەدییەت دا ئەنگاوتووە
ناوت بورجێکە لە سەرووی قوربانگای ئیخلاسەوە
ناوت دەستێکە کە بە سەر نێو چاوانی ویستن دادەکشێ
ناوت دەستێکە کە رووحی توانین مەسح دەکا
لق بە بەرەکەتی ناوت چرۆ دەکا
دەریا بە موبارەکی ناوت دەهاژێ
مردوو بە بەرەکەتی ناوت زیندوو دەبێتەوە
ناوت دادانی هەر بوونی واتا دەقاپێلکی وشەدایە .

* * *

ئیبلیس چاو دەباتە بانگ هێشتنی ئێرەیی*
کوێ دەکاتە میوانی جاسووسی
و زبان دەباتە جێژنی تۆمەت و بوختان
و دەست دەباتە زیافەتی بەغیلی
پێ دەباتە میوانی کەللە رەقی
ئیبلیس دڵ دەباتە بانگ هێشتنی بێ خەبەری
گیان دەباتە میوانی ناهومێدی
ئیبلیس هەموان دەباتە هەوا و بەزمی دۆزەخ
مەگەر ئەوانەی بلێ* تۆ کەسیان نەدیت
مەگەر ئەوانەی بلێ ناوت هیچیان نەبیست

* * *

خودا چاو دەباتە زیافەتی دەرس وەرگرتن
کوێ دەباتە میوانی شحەت و ئەندەرز
زبان دەباتە بەزمی ئیقرار بە گەورەیی خوێ
دەست دەباتە زیافەتی بەخشین
پێ دەباتە بەزمی مل نەدان و چەقین
خودا دڵ دەباتە بانگ هێشتنی خوێ
گیان دەباتە بەزمی فریشتەکان
خوداهەموان دەباتە بەزم و بانگ هێشتنی بەهەشت
مەگەر ئەوانەی روویان لە راستی وەرگێڕا تا خوار و خێچەکە ببینن
مەگەر ئەوانەی روویان لە پاکی وەرگێڕا تا ناپاکی هەڵبژێرن

* * *

خاوەن ئیمانان لە دنیا تێ پەڕین
لە بەرزەخ تێ پەڕین
لە دۆزەخ تێ پەڕین
لە ... تێ پەڕین
لە ماکەی هەبوونی خۆیان تێ پەڕین
لە سەر تەختی تەحیەت ڕۆنیشتن

* * *


شەڕوڕەکان ئەفسانەیان هۆندەوە
وەك جاڵجاڵۆوکە خانووچکەیان تەنی
روویان لە راستی وەرگێڕا
بە سواری کەحێلی بە کۆڕژنی هەوەس
تا جەهننەم بە تەقڵە کوت ڕۆین
لە ماکەی هەبوونی خۆیان هەڵاتن
لە سەر تەختی سزادیتن ڕۆنیشتن .

قاسم موئەیید زادە
(هەڵۆ)

نێوەرۆك

آدرس : مرکزنشرفرهنگ وادبیات کردی
"انتشارات صلاح الدین ایوبی"
ارومیه : صندوق پستی ۷۱۷





لەخشێنەری روو بەرگ : كاك جەعفەر قازی

وێنەی پشتی بەرگ : عوسمان باژیان لەسەقز

سەروتار

۴ نوێنەرایەتی مەجلس

دەژمارەی رابردوودا كە باسی هەڵسووڕانی فەرهەنگی و هەڵوێستە سیاسییەكانمان دەكرد، بەو ئاكامە گەیشتین كە كاروباری فەرهەنگی نابێ بخرێتە نێو چوار چێوە و هەڵوێستی سیاسی و رامان لە سەر ئەوەدا كە چوارچێوە و قالبی سیاسی (بە واتای ئاسایی) بۆ هەڵسووڕانی فەرهەنگی چوار چێوەیەكی تەنگ وبەرتەسكە و زیانی زۆری بە دواوەیە ۰ چونكە سیاسەت، ئەویش سیاسەتی رۆژ چوارچێوە و شوێن و رێبازی دیاریكراوی نیە و نازانین هەڵسووڕانی فەرهەنگی دەبێ هاوهەنگاوی كام رێباز بێ ؟

دەم ژمارە دا دیسان بەشێكی دیكە لە باسی " پێوەندی فەرهەنگ و سیاسەت " بە بیانووی نوێنەرایەتی مەجلیس دەخەینە ژێر لێكۆڵینەوە ۰ بەڵام ئەم وتارە سەرەتایی یە زۆری كێشا و هێشتا نەمانتوانیوە باسی "نوێنەرایەتی مەجلیس " بكەین ۰ چونكە باس كێشایە سەر پێوەندی " فەرهەنگ و سیاسەت " و ئەگەر بمانەوێ ئەو باسە بە تەواوی بنووسین، مەسنەوی دەبێتە حەفتا مەن*۰ چونكە ئەنجام دانی كارێكی وەها ،

پێداویستی بە باسی بەر بڵاو لە روانگەی فەرهەنگ و هونەر و مەکتەبە سیاسی یەکان و زۆر شتی دیکە وە هەیە و ئەوەش بە دەیان وتار و مەقالە جێ بە جێ ناکری • هەر بەو هۆیەوە تێکۆشاوین کورت و موختەسەر بەسەر ئەو باسەدا تێپەڕین تا هەم باسی بابەتەکەمان کردبێ و هەم دەرفەتی ئاکام وەرگرتن لە قسەکانمان لە دەست نەچێ و خوێنەری کەم حەوسەلە ـ کە رەنگە ژمارەشیان کەم نەبێ ـ لێمان تووڕە نەبن • ئەوەش بگوترێ باشە کە ئەو باسە لەوە کورت تو نەدەکراوە چون لەوانە بوو ئەگەر کورت تری ببڕینەوە تێمان نەگەن. لە لایەکی دیکەشەوە زەق کردنەوەی باسێکی وەك " نوێنەرایەتی مەجلیس" داو خوازی ئەو سەرەتایە بوو • خوێنەرانی خۆشەویست کە چاوەڕوانی " باس دەوبەستێنەد ان بێگومان زانیویانە کە ئێمە نامانەوی هێندێك بابەتی دووپاتە کراو کاوێژ کەینەوە و باسی ئەرکی نوێنەران بکەین • ئەڵبەتە باسی هێندێك لە ئەر کەکانی نوێنەران دێتە ئاراوە بەڵام نەك باسی رێگاوبان و نان و ئاو و شتی وا بەڵکوو باسی بەشداری کارامەی ئەوان دەپێك هێنانی داهاتووی رووناك دا دەکەین • ئاشکراتر بڵێین ئامانجی ئێمە روون کردنەوەی پێگە و پلە و پایەی نوێنەرایەتی و نوێنەر دەمەجلیس دایە نەك ئەرکە ئاسایی یەکانی نوێنەر • لەم روانگەوە قسە سەرەتایی یەکانی ئێمە ئەگەر چی بە رواڵەت رەنگی پێش وتاری هەیە بەڵام دە راستیدا بۆنی ئامانجی بنەرەتی ئێمەی لێوە دێ و کاکڵەی باسەکەی تێدایە • کەوا بوو ئەم سەرەتایە نابێ لە باسی دەبەرچاوگیراو بە جیاواز بزانین • دەو حاڵ و هەل و مەرجەدا پرسیارێك دەمێنێتەوە ، ئەویش ئەوەیە ئەگەر باسە کە بەم هەراوی یە هاتۆتە گۆڕێ ئەدی بۆ چی سەر دێڕێکی باشتری بۆ هەڵنەبژێراوە ؟ دێرە دا روون کردنەوەیەك پێویستە •هەڵبژاردنی سەر دێڕی " نوێنەرایەتی مەجلیس " بۆ ئەم باسە تەنیا تەئکید و سوور بوون لە سەر گرینگایەتی ئەم پێگەو پایەیە دە درێژە دان بە باسە کەدا • لە بەر ئەوە هاتینە سەر ئەم بڕوایە کە هەڵبژاردنی ئەم سەر دێڕە وروو کردنی ئەم سەرە تایە دەتوانێ واتا و ناوەرۆك بە شکڵێکی مناسب بباتە نێو زەینی خوێنەر •

لەم باسە دەگەڕێین و باسەکە بە بەیان کردنی مەتڵەبێکی گرینگ کە سەرنج دانێکی بە وردی پێدەوێ درێژە پێ دەدەین • پێشەکی گوتمان نابێ فەرهەنگ دە ژێر چاوە دێری سیاسەت دابێ • ئێستا گریمان توانیمان دەژێر هەل و مەرجی تایبەتیدا ئەو چاوە دێری یە قەبووڵ بکەین • ئەو جار دەبێ ئەو پرسیارە وەڵام دەینەوە کە ئەم هەل و مەرجە کامەیە ؟

جواب دانەوەی ئەم پرسیارە هەل و دەرفەتی زۆر تری دەوێ و کەمێك لە باسەکەمان دوور دەخاتەوە • تەنیا بۆ ئەوەندووکە پێداویستی یەی کە بۆ باسەکە پێویستە ئاشێرەی پێدەکەین •ئەمڕۆ گرینگترین مەسەلەی فەرهەنگی ، بووژاندنەوەی زبان و ئەدەبی ئێمەیە • ئەو زبان و ئەدەبەی کە دە زەمانی دەسەڵاتداری ستەمکارانەی تاغووتدادە زنجیری بەر چاو تەنگی رەگەز پەرستانە دا بە دیلی مابۆوە و نەیدەتوانی نەفەس بکێشی و بە خۆیدا بێ و باڵ و قژ بێنێتەوە و دە و هەوا ژەهراوی یەی ئەو سەردەمەدا خەریك بوو دەبنەڕتدا ببە تلێ و ئەو دارە بە بەروبۆیە لە رەگ وریشە هەڵکەندرێ و لە ناو بچێ• دە هەوای ئالوودەی ئەو سەردەمدا هەر جووڵانەوەیەکی فەرهەنگی بتویستبا و نەتویستبا ـ بە سیاسەت دەزاندرا • سیاسەتی فەرهەنگ ئەستڕینەوەی حکوومەتی شا کە دە قالبی رەنگاو رەنگدا بە قازانجی سیاسەتی ئیستیعماری دەکرا تا فەرهەنگی سەرلێشێواوی رۆژاوا دە جیهانی سێهەمدا پەرە پێ بدەن ، بۆ خاشە بڕ کردنی فەرهەنگی ئێمە بەرێوە دەچوو • ئامانجی ئەو سیاسەتە سەرکووت کردنی بیرو باوەڕی رووناکبیرانە و لابردنی سەر بە خۆیی فەرهەنگی بوو • ئەم خەیانەتە گەورەیە هەر وەك خۆی لە ئامانجی ئیستیعماری، کە فەرهەنگ دەخزمەت سیاسەتدا دەکار دێنێ ، سەر چاوەی دەگرت ، لەو لاوە دەبوەهۆی کۆ بوونەوەی هەموو چەشنە جووڵانەوەیەکی ساغ

و مرۆڤانە و یەزدانی دە چوار چێوەی سیاسەتی دژایەتی دەگەڵ خودی ئەم سیاسەتەدا کە شا بە رێوەی دەبرد • لە بەر ئەوە دەبوایە فەرهەنگی نەتەوایەتی - ئاینی کە زامنی ئازادی و سەر بە خۆیی ، گەشەی فەرهەنگی ، ئابووری ، زانستی ، هونەری و زۆر شتی دیکەش بوو لە ناو بچێ • دە هەل و مەرجی ئاوا دا هەر کارێکی فەرهەنگی هەڵوێستگرتنێکی سیاسی بوو•ئەم ڕەوەندە تاڵە زەرەر و زیانێکی زۆری لە زبان و ئەدەبی کوردی دا • مەترسی ئەدەبیاتی ناوچەیی بۆ هەرەشە لە هیمنایەتی نەتەوە یی، تەواوە. تی ئەرزی و سەر بە خۆیی وڵات ، چۆماغێك بوون بۆ سەرکوت کردنی جووڵانەوەی فەرهەنگی و ئەدەبی • زوڕناکانی شا لە هێندێك مامۆستای زانسگەوە تا ڕۆژنامە نووسە بازرگانەکان بێ بڕانەوە ئەو تەبلیغاتەیان کاوێژ دەکردەوە و کۆمەڵیان فریو دەدا • پێ یان وابوو بۆ گەیشتن بە شارستانەتی گەورە (تمدن بزرگ) تەنیا دەبێ هانا بۆ قەبری کوورش و تەختی جەمشید و شنێلی داریووش بەرن • ئێمە لە جێگای خۆیدا باسی ئەدەبیاتی گەلەکانی ئێران دەکەین و پلە و پایەی ئەوان روون دەکەینەوە • د یرە دا مەبەستمان لە و باسە تەنیا روون کردنەوەی هەل و مەرجی ئەو سەر دەم بوو • مەبەست ئەوەیە ئەگەر بڕوا مان بێ کار و باری فەرهەنگی دە هێندێك بڕگە و هەل و مەرجی تاریخی دا ڕەنگ و بۆنی سیاسی یان لێوە دێ، دەبێ بزانین ئێستا دە چ هەل ومەرجێکدا دەژین و حاڵ و هەوا چیە ؟

گومان دەوەدا نیە کە سەرکەوتنی شۆرشی ئیسلامی ئێران ئاڵ و گۆڕێکی بنەڕەتی پێك هێنا • ئەم ئاڵ و گۆڕە دەبەستێنی فەرهەنگ و هونەریشدا بوو بە هۆی لە دایك بوونی گەلێك روودا و یا مەسەلەی تازە کە قانوونی ئەساسی چوار چێوە و شکڵ و سنووری تایبەتی بۆ دە بەر چا و گرتوون • بە پێی ئەم قانوونە جووڵانەوەی فەرهەنگی بە زبانەکانی دیکەش ئازادە و تەنانەت دەرس گوتنەوەی زبان و ئەدەبی ئەو گەلانە شان بە شانی زبانی فارسی کە زبانی رەسمی یە ، کارێکی قانوونی و ئازادە •

ئێستا کە بنەڕەتی ترین هەڵسووڕان و جووڵانەوەی فەرهەنگی بە تایبەتی ئەوەی پێوەندی بە زبانی کوردی یەوە هەیە - دە عورفی سیاسەتی رۆژدا خاوەنی پایە و و بنەمای قانوونی یە و بەرگری لێ ناکرێ ، بۆ دەبی بە زۆر ئەم جووڵانەوە رەوایە بەرە و سیاسی بوون پاڵە پەستۆ بدەین ؟ لە کاتێکدا دەتوانین بێ ترس و نیگەرانی و بە هیوا و هومێدەوە زبان و ئەدەبی خۆمان ببوژێنینەوە، چ پێویستی یەك هەیە کە ئەم هەڵسووڕانە بخەینە سەر دەندەی سیاسەت و ئەم کارە بە قازانجی کێ یە ؟ ئێمە شاگردەکانی مامۆستا هێمن لە ژێرچاوەدێری ورد و بێ پسانەوەی ئەو دا ئەم ناوەندمان پێك هێنا و دیتمان کە بەرهەمی لێکۆڵینەوە و بۆ چوونمان تەواو و کەماڵ دروستە و دەگەڵ راستەقینە جووتن • زیندوو کردنەو و پەرە پێدانی زبان و ئەدەبی ئێمە لە روانگەی قانوونەوە کارێکی رەوا بوو • هەموو ئەوەیان دەزانی بەڵام هیچ تێکوشانێکی بە راستی دەو پێوەندی یە دا نەدەکرا • شك و گومانێکی ئاڵۆز لە بنەوە پێشی بە هەموو هەنگاو نانێك دەگرت • کاری مامۆستا هێمن راماڵینی ئەم شك و گومانە بوو • ئەو نیشانی دا کە نە تەنیا ئارەزووی مێژوویی گەلی ئێمە دەتوانێ وەدی بێ - بەڵکوو بە ئاشکرا رایگەیاند کە کەلك وەرنەگرتن لە هەلی ڕەخسا و کە میوە و بەروبەرهەمی شیرینی شۆرشە،خەیانەت و ناشوکری یەکی گەورەیە • ناوەند دامەزرا ، سروە بڵا بۆوە ، گەلی ئێمە بە تایبەتی ئەدەبدۆستان باوەشیان بۆ ئەم کارە کردەوە ، لەو لا شەوە زۆر کەس لە بەر پرسانی وڵات بۆیان روون بۆوە کە ئەم کارە گەلێك بە قازانجە و سوودی زۆرە • لە ئاکامدا شك و گومان لە هەر دووك لا وەلاچوو و تەفاهومێك کە بنەمای قانوونی و دینی هەبووپێك هات • دە هەل و مەرجێکی ئاوادا دژوار کردن و رەنگدار کردنی کاروبار نە تەنیا گیر و گرفتێك لا نابا بەڵکوو دەتوانێ گیر و گرفتیش پێك بێنی و دەبڕگەی حەساسی ئەمڕۆدا وێرای کز کردنی کاروباری فەرهەنگی و ئەدەبی، ئەم

جووڵانەوەیە بە یەکجاری ئەستێور بکا و پێشی پێبگرێ ۰

سرمقاله

۴ نمایندگی در مجلس

در شماره‌ء گذشته در بحث ارتباط بین اقدامات فرهنگی و موضعگیریهای سیاسی ، در باب اینکه کار فرهنگی نباید به مواضع و یا قالبهای سیاسی مقید باشد ، بررسی مختصری بعمل آمد و نتیجه گرفتیم که قید سیاسی (بمفهوم معمولی آن) برای اقدامات فرهنگی ، ناصحیح و غیر اصولی است و یادآور شدیم که در صورت پذیرش چنین قیدی با مشکل دیگری مواجه خواهیم بود و آن مشکل اینست که سیاست روز به یك قالب و یك دیدگاه منحصر نیست و این امر که اقدامات فرهنگی را با کدام مشی سیاسی منطبق کنیم روشن نیست ۰ در این شماره بخش دیگری از بحث " روابط متقابل سیاست و فرهنگ " را که بهانه نقد و بررسی مسئله " نمایندگی در مجلس" عنوان گردیده است ، مطرح می‌کنیم ۰ اما از آنجا که این مقدمه بطول انجامیده و هنوز به طرح موضوع نمایندگی نرسیده‌ایم ،لازم دیدیم تا در اینمورد مطالبی را به استحضار خوانندگان محترم برسانیم ۰ قبل از طرح موضوع فرهنگ و سیاست یادآور شدیم که این مختصرترین شکل ممکن است و گرنه تشریح مفصل روابط فرهنگ و سیاست و اجزاء سیاسی و فرهنگی و تاءثیر و تاءثرات متقابل آنها ، به واقع مثنوی هفتاد من کاغذ شود۰ چه انجام چنین کاری مستلزم مقدماتی مفصل در باب تعاریف و اصطلاحات ، به بحث در تاریخچه و تجارب جهانی ، دید گاهها ی فرهنگی ، سبك های هنری و مکاتب سیاسی و خلاصه به مقالات تفصیلی - تحت دهها عنوان - نیاز دارد که شاید نه ما را اهلیّت آنست و نه سر مقاله را جایی برای آن ۰ ما از آن مفصل به این مختصر بسنده کردیم تا هم به موضوع پرداخته باشیم و هم فرصت نتیجه گیری را از دست ندهیم که بدینترتیب خوانندگان کم حوصله را - که ممکن است تعدادشان کم هم نباشد - بی حوصله نکنیم ۰ و البته کمتر از این نیز روا نبوده چه ممکن بود به ابهام بینجامد ۰ از سوی دیگر اهمیت بحث " نمایندگی در مجلس" به همین مقدمه مربوط است و از اینرو خوانندگان محترمی که منتظر بحث ما در این زمینه‌اند مسلما " حدث زده‌اند که ما در این مقوله قصد طرح بعضی مسائل تکراری - در باب وظایف نمایندگان - را نداریم ۰ ما البته به وظایف نمایندگان محترم اشاره خواهیم داشت لکن این اشاره نه از موضع تذکر نسبت به امور و مشکلات معمولی نظیر آب و جادّه و ۰۰۰ بلکه از باب مشارکت موءثر در روشن کردن افق آینده‌ء جامعه خواهد بود ۰ واضحتر بگوئیم که هدف ما تبیین جایگاه نمایندگی و نماینده‌ء مردم ما در مجلس است نه فهرست کردن وظایف معمولی هر نماینده ۰ از این نظر حرفهای مقدماتی ما - اگر چه ظاهرا" مقدمه‌ای بیش نیست - اما در حقیقت - چنانچه بخوبی دریافت گردد - هدف نهایی بحث را تاءمین کرده و جان کلام را با خود دارد ۰ لذا نباید آن را مقدمه‌ای منفصل دانست در چنین حالی یك سئوال باقی می‌ماند و آن اینکه اگر بحث با این کلّیت مطرح و دنبال میگردد چرا عنوان مناسبتر که ناظر بر این کلّیت باشد انتخاب نشد ؟ در این خصوص این توضیح لازم است که انتخاب عنوان " نمایندگی در مجلس " برای این بحث صرفا " تاءکیدی بر اهمّیت این جایگاه در تعقیب اهداف بحث است و از آنجا که در ادامه پس از تشریح ابعاد موضوع - که در نوع خود از اساسی ترین مطالبی است که خواه ناخواه باید درباره‌ء آنها بحث می‌شد - این تاءکید همواره بوده است - لذا به نظر رسید انتخاب این عنوان و طرح این مقدمه بتواند مفاهیم را به شکلی مناسب منتقل سازد۰ از این موضوع می‌گذریم و بحث خود را با

بیان مطلب مهمی که توجه جدّی می‌طلبد دنبال می‌کنیم • اکنون از آنچه در رد تابعیت فرهنگ از سیاست گفتیم ، صرف نظر کرده و با فرض اینکه بتوان تحت شرایطی این تابعیت را پذیرفت • وظیفهٔ فرهنگی خودرا یکبار دیگر واز زاویهٔ جداگانه‌ای مورد بررسی قرار می‌دهیم • خوب فرض کرده‌ایم بتوان تحت شرایطی به اقدامات فرهنگی رنگ و بوی سیاسی داد • در این حال لاجرم به این سئوال باید پاسخ داده شود که این شرایط کدام است ؟ پاسخ به این سئوال مستلزم فرصت و مجال بیشتری است و کمی ما را ازبحث دور می‌سازد • بدین خاطر از ورود تفصیلی به آن خودداری نموده و به قدری که در ارزیابی سطحی خود بدان نیازمندیم اکتفا می‌کنیم • امروز مهمترین مسئله فرهنگی ما اصل احیای زبان و ادبیات ماست • زبان و ادبیاتی که در زمان حاکمیت طاغوت ستم پیشه در بند تنگ نظریهای نژادپرستانه اسیر بوده و فرصت تجلّی و شکوفائی نیافته و در آن فضای مسموم می رفت تا برای همیشه در یك استحالهٔ تحمیلی از عمق جان جامعه کنده شود •در آن فضای آلوده یقینا " هر نوع تلاش فرهنگی - خواسته یا ناخواسته - یك جهت گیری سیاسی محسوب می‌شد • سیاست فرهنگ زدایی حکومت شاه که در پوششهای ظاهر فریب متعدد و در راستای سیاستهای استعماری - بمنظور صدور ابتذال فرهنگ غرب بجهان سوم و کشورهای در حال توسعه - اعمال می‌شد ، عمیقا " حذف اندیشه‌های روشن بینانه در " استقلال فرهنگی " را تعقیب می‌کرد • این خیانت بزرگ همچنانکه خود از هدف استعمارگرانه " فرهنگ در خدمت سیاست " ناشی می‌شد ، همهٔ تلاشهای فرهنگی متضّمن تهییج - عناصر انسانی - الهی و سالم رادر قالب سیاستی متقابل قرار می‌داد • و از این رو فرهنگهای ملی - مذهبی ضامن آزادی - استقلال ، شکوفایی فرهنگی ، اقتصادی ، علمی ، هنری و ••• باید محو و نابود می‌شدند • در چنین شرایطی کوچکترین اقدام فرهنگی - حتی بدون کمترین منظور سیاسی - یك موضع گیری جدی سیاسی تلقی میشد • در این ماجرای تلخ ، زبان و ادبیات کردی خسارت زیادی را متحمل گردید • بهانه قرار گرفتن خطر ادبیات محلی در تهدید امنیت ملّی ، تمامیت ارضی ، استقلال کشور و ••• چماقی بود تا بواسطه آن هر گونه تلاش فرهنگی در قالب هر گونه ادبیات محلی بشدّت سرکوب کردد •بلندگوهای شاه از بعضی اساتید دانشگاه گرفته تا مطبوعات چپان تاجر پیشه ،پیوسته با تبلیغ بر این موضوع ، سعی می‌کردند به اغفال جامعه بپردازند • گویی تمدّن بزرگ‌را راهی جز تمسك به قبر کورش و تخت جمشید و قبای داریوش و ••• نیست • ما البته در جای خود و بطور مستقل همین مطلب ، که جایگاه ادبیات قومی و ملی و محلی کجاست ؟ بعنوان یك بحث اولیه ، در مورد مفاهیم قوم ، ملت و امت نیز بحث خواهیم کرد • منظورمان از این فراز آن بود که کمی در کیفیت شرایط سخن گفته باشیم •موضوع اینست که اگر قائل باشیم مسائل فرهنگی در بعضی مقاطع وشرایط شکل سیاسی پیدا می‌کنند، باید دید که مقتضای شرایط حاضر کدام است ؟ تردیدی نیست که با پیروزی انقلاب شکوهمند اسلامی ایران و واژگونی تخت ظلم وجور ، شرایط سیاسی ، فرهنگی و ••• بطور بنیادی دستخوش تحول و دگرگونی گردید • این دگرگونی ، در عرصهٔ ادبیات و فرهنگ و هنر نیز باتولد بسیاری از مسائل جدید همراه شد که تصویب قانون اساسی ضمن تعیین چهار چوبها و محدودهٔ قانونی برای اقدامات فرهنگی ، شاخصهای آن را تصویب کرد • بر اساس این قانون دیگر فعالیتهای فرهنگی - ادبی به زبانهای مختلف مجاز شناخته شده است و حتی تدریس زبان و ادب ما در مدارس در کنار زبان فارسی - بعنوان زبان رسمی کشور - امری قانونی به حساب آمده است • اکنون که اصلی ترین اقدامات فرهنگی - بویژه مسائل مربوط به زبان کردی - در عرف

بڕوانه لاپەڕەی ٤٥

بەسەرهاتی پێغەمبەران لە ڕوانگەی عیرفانەوە

■ عەلی ئەکبەر خازە

بیست ساڵ لە مەوبەر هات وچۆی مزگەوتێکم دەکرد. پیاوێکی لێ بوو کە هەم بەرنوێژی خەڵکەکەی دەکرد هەم سەر ئاڵقەی هەندێ لە لایەنگرانی ئەهلی سیرەت و سلووك بوو کە بۆ زیکروفیکری خودای مەزن خڕدەبوونەوە. ئەو پیاوە لە کاتی قورئان خویندندا حاڵی دەگۆڕا و جاروبار دەگریا وجاروبارەش زۆرخۆشحاڵ وکەیف خۆش بوو. کاتێك دەگەیشتە ئەو ئایەتانەی کەوا باسی قین و سەرزەنشت وسزادانی تێدابوایە دەستی دەکرد بە گریان وفرمێسك هەڵوەراندنێکی بە سۆزو لە ناخی دەروونەوە. کاتێکیش دەئایەتەکاندا باسی بەخشین وروحم ولێ بوورد ن دەکرا روخساری وەك گوڵاڵەی ژێرخۆرە تاو تروووسکەی دەداو دە بریقاوە.

ئەو حاڵ وهەوایەی ئێمەی تووشی سەرسوڕمان کردبوو جارێك لێی پاڕاینەوە هۆی ئەو ئاڵ وگۆڕەمان پێ بڵێ لە وەڵامدا گوتی :

" بوکلۆلی وچارەرەشی خۆم دەگریم. لەوهەموو گوناهباری وخەتاکاری یەم دەترسم. هەر کاتیش ئەو ئایەتانەی باسی بەخشین و لێبووردن دەکەن دەبیسم دەگەشێمەوە ودەروونم پڕدەبێ لە هیوا وهومێدی رزگاری. "

پاش ماوەیەك وردبوونەوە لە هۆنراوەکان ونووسراوەکانی عاریفانی سەودا سەرودڵسووتاودا بە تایبەتی فیووزاتەکەی حەزرەتی عەبدولقادەری گەیلانی‌وحەزرەتی عومەری ئیبنوالفاریز(ابن الفارض) وهەستان ورۆیشتن دەگەل پیاوی دیندارو بە ئیمان بۆم دەرکەوت کە ئەو حاڵەتە بۆکەسانێك دێتەپیش کە باشتر مانای قورئان بزانن، وردتر سەرنج بدەن ولە خوێندنەوە حەزبکەن هەروا لە کاتی نوێژدا حزووری قەلبی یان بووبێ.

- هەروەکوو بیستوومانە ئەم بڕوایە کە، **"باشترین نوێژ لە لای خوای مەزن ئەو نوێژەیە کە لە غەیری خواکەسی دیکەی تێدا حازرنەبێ، کەسی تری نێدانازرو فەرمانڕەوانەبێ، تەنانەت نوێژ کەرەکەش دە نوێژەکەی خۆی دا ون بێ وخەبەری لە دنیای دەرەوە ببڕێ".**

زۆرجوان وسەلمێندراوە.

رەنگە ئەوپیاوەی باسمان کرد بەو پلە وپایە گەیشتبێ یا لانی کەم بۆنێکی ئەوگوڵستانە-ی کردبێ. زۆرم پێخۆش بوو بزانم چۆنە. سەرەنجام بەو ئاواتەم گەیشتم. ئەویش لە کاتێکدابوو دەبارەی بەسەرهاتی حەزرەتی مووسادا قسەی بۆ دەکردین. لە ناکاو رەنگی بزرکا دایە کلپەی گریان و نەیتوانی درێژە بە قسەکانی بدا. پاش بێدەنگی وکش وماتی یەکی قورس دە درێژەی قسەکانیدا گوتی. زۆرتان لە مەڕئەوحاڵەتەوە پرسیار لێکردووم. ناتوانم دەبەرامبەر ئەوهەموو ئاە و

نالەی عاشقانە دا کە دەنێو دەریای ئەوینی خودایی دا مەلەوانن خۆم رابگرم • ئەو عاشقانەی دەخوێن گەوزیون و بە دەمی دەردە وە هاواردەکەن:
"رَبِّ إِنِّي مَسَّنِيَ الضُّر، وَأنتَ ارحم الرّاحِمين • رَبِّ السِّجنُ أحَبُّ إلَيّ مِمّا يَدعونَني إلَيه • رَبِّ إن لَم يَكُن بِكَ غَضَبٌ عَلَيّ فَلا اُبالي وَلكِن عافِيَتُكَ أوسَعُ لي".

جوان وپەسندکراو دەواندا کۆ بۆتەوە• هەریەکەش لەو پێغەمبەرانە دەسیفەتێکی تایبەتیدا بە ناوبانگن•سەبرو خۆراگری دە حەزرەتی ئەییوبدا، دەنگ خۆشی حەزرەتی داوود ،رەحم ومیهرەبانی وبەشەردۆستی حەزرەتی محەمەد(سەلامی خودای لە سەربێ) بە ناوبانگە دەم وتارەدا لەسەر ئەوین وسەوداسەری

ولەوێ یاساو ئائینی تەوحیدی وەربگرێ وبە خەلگی رابگەیەنێ•
لەمەڕ وەزع وحاڵ و هەوای کێوی توور دەو دەمەداکە دەبێتە میعادو میقاتی دیدار دەگەڵ باریتەعالا موفەسیران دەڵێن بەرلەوە مووسابگاتە کێوی توور بە ئەمری خودا تاحەوت فرسەخی دەوروبەری کێو تاریك دەکرێ وشەیتانیش ناتوانێ بۆ ئەو

باشترین نوێژ لە لای خوای مەزن ئەونوێژەیە کە لە غەیری خوا کەسی دیکەی تێدا حازرنەبێ کەسی تری تێدا نازروفەرمانڕەوانەبێ، تەنانەت نوێژەکەرەکەش دە نوێژەکەی خوی دا ون بێ و خەبەری لە دنیای دەرەوە ببڕێ•

بەرلەوەی ئەم ئایەتانە مانالێدەمەوە ئەو مەتلەبەم بە زەینی داهات کە هەر وەك خۆتان دەزانن کتێبی زۆر لە سەر بەسەرهاتی پێغەمبەران(د • خ) نووسراوە ولە خوێندنەوەی ئەم کتێبانەدا زۆرشت بۆمان روون دەبێتەوە بەڵام هیچ یەك لەوکتێبانە نەیانتوانیوە وەك ئوستادانی ئێمە ئەو پێغەمبەرانە بە باشترین شێوە بناسن و بناسێنن•
بەواتەی مورشیدوئوستادانی ئێمە پێغەمبەران نموونەی ئینسانی تەواون• هەمووسیفاتی

حەزرەتی مووسا ،سەلامی خودای لێ بێ باس دەکەین•
حەزرەتی مووساخانووچکەی دلی خۆی بۆ ئەوینی ئیلاهی بە تاڵ کرد• ژەنگ وژاری خەم و پەژارەی مالی دنیا و رق وکینە وخۆشەویستی ئەوشتانەی ناپایەدارن لە دڵ و دەروونی خۆی رامالی وبە تەواوی بوونیەوە بەرەو خودا رۆیشت• کەلکەلەی دیداری یار لە مێشکی دا جێگر ببوو وبەردەوام داوا لە خودای مەزن دەکا کە خۆی نیشان بدا وچاوی روون کاتەوە• سەرەنجام بانگ دەکرێ کە بچێ بۆکێوی توور

هەریمە وەشوێن مووسا کەوێ• سەرەنجام مووسای سەوداسەر وعاشق دەگاتە کێوی توورحیجاب وپەردە لە بەرچاوی هەڵدەگیرێ وبەرەو ئاسمان دەروانێ وبە چاوی خۆی ئەوفریشتانە دەبینێ کە عەرشی ئەعلایان دەورەداوە• مووسا وەهامەفتوون و مەجزووب وسەراسیمەی ئەودیمەنە دەبێ کە خۆی لە بیرنامێنێ و غەرقی دیداری زاتی ئەحەدی دەبێ• سەرەنجام وت وویژ لە نێوان خوداومووسادەست پێدەکا و ئەومonاجاتە چل شەو ورۆژ دەخایەنێ•چ رازونیازێك،چ دیدار-

بە مووسای فەرموو : ئەی مووسا لەوساتەوە تۆم خوڵقاند حەزوخوازی من ئەوە بووە کە ببی بە هاودەم وکەلیمی من .

یێك پڕلە ئەوین و شەیدایی و سەوداسەری وحەزوخۆشەویستی . بارانی رەحمەت وبەرەکەت و فەیزی ئیلاهی بەسەرمووسادا دەباری .. **(والقيت عليك محبة مني لتصنع على عيني)** بە مووسای فەرموو : " ئەی مووسا لەوساتەوە تۆم خوڵقاند حەز وخوازی من ئەوەبووە کە ببی بە هاودەم و کەلیمی من کەوابوو ئەوین و خۆشەویستی خۆم بەسەرتۆدا رژاند بۆ ئەوەی بتوانی بە جوانترین شێوە ئەرکەکانی سەرشانی خۆت بەڕێوە بەری ئاخۆ حاڵ وباری رووحی مووسا لەوکاتەدا کە بارانی رەحمەتی خودای بەسەردا دەباری دەبێ چۆن بووبێ ؟! دیارە هێزی ئەوکێش وجەزبە و شادمانی یە وای لێکردووە کە بێجگە لە دڵدارەکەی کەخودابێ بیری لە هیچ شتێك نەکردۆتەوە دەو تاسە ومەیلی دیدارە دایە کە مووسا دەڵێ :

(قال رب ارني انظر اليك) و داوای دیتنی خۆشەویستەکەی دەکا وجوابی دەدرێتەوە **(لن تراني)** یانی نام بینی، ئەو وەلامە دەبیتە هۆی کەسەروغەمێکی قورس کە وەك بەرداشێکی زۆرقورس گیان ولەشی مووسا دەهاڕێ پێی وادەبێ خودا لێی رەنجاوە. بەسەرهاتی خۆی لەوکاتەوە کە ئاوی چۆمی نیل لانکەکەی بردە ماڵی فیرعەون وەبیرخۆی هێناوە. هیچ خاڵێکی رەشی دەکرداروو رەفتاری خۆیدا بەدی نەکردکە ببێتە هۆی تووڕەیی ودڵ ئێشاوی خوای مەزن. مووسا دەوفکرانە دایە. دەتەند - ووراوی حیرەت وسەرسوڕمان دایە دڵ شکاو وتێکشکاو، کە شەپۆلی رەحم وخۆشەویستی بەسەری دەکشێ و دیسان دەنگی خودای مەزنی بەگوێ دەگا **(ولكن انظر الى الجبل فان استقر مكانه فسوف تراني)** . زەڕڕەیەك نووری خودا ئەویش لە پشت حەفتا هەزار پەردە وە بۆ کێوی توور رەوانە دەکرێ. کێوی توور بە هەموو گەورەیی وسەرکێشی خۆیەوە دەسووتێ ودەبێتە کۆی زووخاڵ. مووسا کەئەوکارەساتە بە سامەی بەچاو دیت، خۆی بۆ راناگیرێ وبێ هۆش و مەجزووب دەکەوێ وئاگای لە خۆنامێنێ. **(فلما تجلى ربه للجبل جعله دكا وخر موسى."**

لێکدەرەوەکان (مفسران) دەفەرموون ماوەی لە هۆش چوونی مووساو بەهۆش هاتنەوەی ٢٤ ساعەت دەخایەنێ. یانی شەوی عەرەفات کاتی نوێژی عیشا لە هۆش دەچێ وشەوی دوایی لە هەمان کاتدا وریادەبێتەوە. دەبینێ کێوی تووردەو دیدارە دا بۆتە خۆڵەمێش بەلام دەوروبەری کە دەپێشدا بیابانی قاقڕبوو بۆتە گوڵستان ومێرگ وسەوز هەڵگەڕاون. ئەو رووداوە مووسا تێدەگەیەنێ کە دە بەرامبەر خودا دا ئینسان زەڕڕەیەکی بێ میقدارە وهەرگیز ناتوانی دەبەرامبەری دا راوەستێ و پەی بە ناتەوانی خۆی دەبا **(من عرف نفسه عرف ربه)** . لە ئەنجامدا شوکرانە بەجێ دێنێ وداوای گوزەشت ولێبووردـ ووی لێدەکا . **(فلما افاق،قال سبحانك تبت اليك وانا اول المومنين)** .



باسی ئەدەبی

رەحیم لوقمانی

ئەدەب ،جیهان لە محەکی زمان دەدا ودەیخاتە بەرپرسیار. ئەگەر نووسەر لە زمان خافڵ بێ یا بەکەرستەی بزانێ وتێکی بشکێنێ ناتوانێ دنیا بخاتە بەرپرسیار وئەوی مەبەستە بە باشی بینوێنێ وهەستی خوێنەر ببزێوێ .ئەرکی ئەدەب خستنی هێزی بیرکردنەوە و بزاوتن وهاندانی هەست وبیرو خەیاڵە .تەنانەت دەشگونجێ ئەرکی لێکدان ودڵ ئێشاندنیش بێ.جوانی بەڕاستی هەمیشە دەبێتە هۆی سوورمان. هیچ بەرهەمێک شایانی ئەم ناوە نیە مەگەر رچەیەکی نوێ بۆ خەیاڵی خوێنەر بشکێنێ . وپاشەرۆژ رەچاو دەکرێ(سارتر) گوتوویەتی: "ئەدەبیات نیشان دان وناسینی جیهانە بە شێوە یەک کە بڕوای بە ئازادی مرۆیە ."

هەروەها دەڵێ: "ئەدەبیات دەیەوێ گشتی وجیهانی بێ. نووسەر ئەگەر بیەوێ لەگەڵ هەموان بدوێ وەهەمووکەس



ئەوەیە کەدەسەڵاتی خەیاڵ بۆفێربوون وتێگەیشتن بەیان بکاو بەڵگەونیشانە بداتە دەستەوە .نابێ تدنیا قالبێ ناسراووبەڵێن دراو بەناوی نموونە دەکار بێنێ وداوالە خوێنەر بکا ، شتێکی تائەوکاتە نەپەرژاوەتەسەری بیری لێ بکاتەوە .

نووسەرتەنێ بۆ چیرۆک گێڕانەوەو باس کردن وگوتن نانووسێ .دەیەوێ بەوەدی هێنا ـ نی بەرهەمەکەی شتێکی دی لە جیهاندا بخولقێنێ.

ئەرکی نووسەر نەفێرکردنە نەدڵدانەوە ، بەڵکوو وەکار بایەخی زۆری چیرۆک ، ئەمەیە کەئەزموونی ژیان زۆرتردەکا.بۆ وەی بزانین رۆمانی نوێ لەناسینی مرۆڤدا چمان پێدەڵێ دەبێ بزانین کامجیهانی مومکینی بۆ دۆزیوینەوە.بۆئەم مەبەستەش نووسەرناتوانێ بێلایەن بێ دەنا دەبێ لە خۆی هەڵبڕێ. ئەدەب دەورێکەبەرەونیشاندانی دونیایەکی دیکە.

ئەدەب وەک دەروازەیەکە دەکرێتەوە وجیهانێکی دی نیشان دەدا .هەرلەمتێفکرین و بیرکردنەوەشدا ، رێی ئامانج بەرهەمەکانی بخوێنێتەوە دەبێ لەریزی زۆربەی خەڵکدا بێ یانی لەریزی دوومیلیارد برسی دا ."

ئەدەبیات بەتەجرەبەوخەیاڵ وکردەوەوئەرکی سیاسیواقیعی بەرێوەدەبا چون سەرچاوەی ئەوزنجیرەبڕیاروگەڵاڵانەیە کەدنیای دەوروبەری مە بە گشتی دەگۆڕێ.

ئەرکی ئەدەب وسیاسەت کاتێک لەبەین دەچێ ، کە بنۆسی هاندەر وەکووتەوژمی سیاسی ـ قانوون سازی هونەر-

ی و . . .تێدا نەمێنێ. مەگەر ئیدی نووسەر خۆی لایەنی ئەدەبی جێ بێڵێ وبەدڵ وگیان دەست بکا بە پێ هەڵگوتنی مەرامێکی سیاسی. کەوابوو ناشێ ناوی بنرێ نووسەر بەڵکوو ئەوە "قەڵەمگێڕە" و کالاکەشی بۆبالای خۆیەتی و هیچ پێوەندی بەئەدەبەوە نیە.

نووسەردەبێ دەردوڕەنجی خەڵک بەجوانی بچێژێ و ناکۆکی وکەمایەسیکۆمەڵایەتی وئەخلاقی بخاتە بەر چاو بۆگۆڕانی بنەڕەتی قانوونی کۆمەڵ،بیری خەڵک ببزێوێ و وشیاریان بکاتەوە.

هونەرمەندبەپێی ئەو ئەرکەی هەیەتی لەقەڕقەشەی تاریکترین تەنگەژەیمێژوودا-یە.بەڕاستی هونەر، مرۆ دەکێشێتە مەیدانی تێکۆشان و خەباتەوە.دیارەئەمەش هێندێک جارگران بۆی تەواودەبێ.

(ناتالی سارۆت) دەڵێ :" بۆنووسەردوو واقیعی یەت هەیە.یەکەم ئەوواقیعی یەتە کەتێیدا دەژی.واقیعیەتێک کەهەموکەس دەیبینێ وبە یەکەم سەرنج تێی دەگا و ناسراوە.یادەگونجێبەئاسانی بناسرێ .واقیعیەتێک کەلە مێژە دۆزراوەتەوەوبەشێوەیە-کی دیاری کراو لەکۆنەوەپێک هاتووەو. . .گێڕانەوەوباس کردنی ئەم واقیعی یەتانە کاری رۆژنامە نووسە.ئەمە مەودایەک نیە نووسەر خولقاندنی تێدا بنوێنێ. واقیعیەتی دووەم شتێکی ، دیکەیە کەهێشتا نەناسراوە ولە قالبی کۆن ونوێدا نەگونجاوە.(پۆل کلی) وێنەکێشی ئالمانی دەڵێ:"هونەر شتی دیارو بەرچاوناگێڕێتەوە. بەڵکوونادیارئاشکرادەکا."

هونەر چ ڕاستی یەک ئاشکرا دەکا؟ شتێکە باس لێ کردنی دژوارە. شتێکە لەزۆرماکی* بەربڵاوپێک هاتووە .زەینمان بۆبوونی دەچێ بەڵام بەئاشکرا هەستی ناکەین .گەلێ ماکی بێ قەوارە کەلەژێرخاکدا بێ گیان کەوتوون ونوستوون و لەنێوگەلێک ئیمکانوگونجاندا ون بوون،تواونەوەولەژێرزۆر توێی دیاروبەدیدا* شاردراونە-تەوە. هونەرمەند ئەم ماکانە دەردەکێشێ وکۆی دەکاتەوەووێنەیەکی هونەری وئەدەبی لێ پێک دێنێ.

زۆربەرهەمی بەنرخی ئەدەبی واقیعی یەتی دیارو ئاشکرا رەچاودەکا وبناغەی کاری بابەتەکانیکۆمەڵایەتی وسیاسی وئەخلاقی یە.(وەک ئەوەکە لەکاتێکی دیاری ، کراوی مێژوودا هاندەری هێزەکانی کۆمەڵە .)کە چی بەم مەسایلە ئاشکرایە بە واقیعی یەتی نهێنی ونادیار دەگەن.

لەم بارەوە ئەدەبیاتی دەروەست زۆر شوێنە واری رەسەن وبەنرخیبووەودیسانیش دەبێ.بەڵام ئەوەشمان لەبیر نەچێ کەزەبروزەنگیئەخلاقی ئامانج ومەبەست هەرچەندە بەرزوپاکیش بێ، مادامزۆری لەگەڵ بێ ناتوانێ نووسەر ناچاربەنووسینی بەرهەمی دەروەست بکا وراستیەکان بخاتە بەرچاو.

لەم مەیدان وریبازەدا، باشترین ئازادی وزۆرترین دەسەلاتی بەدیهەبێژی شەرتی پێوست وواجبی کارە.لێرەدا ئیرادە توانایی ودەسەلاتینیە. (سزان) وێنەکێشی فەرانسەیی گوتوویەتی:"هونەر ریشەی بوون وسەرچاوەی نادیاری هەست دەگرێتەدەست."

نووسەر لەبەرامبەر ئەم راستی یەنادیارونەناسراوەدا بەتەنێ ماوەتەوەچون هەست دەکا یەکەمین کەسە ئەوشتە دەبینێ .لێرەدا گومان بە سەریدا زاڵ دەبێ و کەس ناتوانێ رێنوێنی بکا .تەنیا خۆی داوەری ئەوشێوەورێبازە-یە کەبیخولقێنێ بۆئەوە بتوانێ واقیعی یەتی خۆی ببینێتەوە .ئاقیبەتی نووسەر ئەم واقیعی یەتەی کەس تێی نەگەیوە ، لەقالبی خۆیدا دایدەڕێژێ .دیارە خێراهەموو کەس لێی وەرناگرن ورەنگە ببێتە هۆی ناڕەزایەتیش . چون واقیعی یەتی ئاشکرای رۆژانە کەدەور وبەرمانی گرتووە بۆتە کۆسپی نێوان



ئێمە وواقیعی یەتی تازە و
شاردوویەتەوە هەرکام لەئێمە
زووتێدەکۆشین تا ئەم کۆسپە
نامۆو زەرەردارەی کەپێش
ئەم واقیعی یەتەی لێ گرتوو-
ین ،لەنێوبەرین.

بەرهەمی تازە یانی
دەرخستنی واقیعی یەتێک کە
تا ئێستا نادیاربووە.دیارە
ئەم کارەش بەکەرستەیەک
دەکرێ کەبۆ دۆزینەوەو
لێکۆڵینەوەی پترپێ داگرێ و
خۆراگرێ ورێگەببڕێ.

نووسەرلە رێگەدانابێ
ئەهلی هاوهەنگاوی وسازش بێ
(بودلێر)گوتوویەتی:"شالاوی
هێرش بردنی نووسەردەبێ
لەهێزی خۆڕاگرتنی هەزاران
کەس مەزنتربێ.

بەرهەمی نووسەرانی
نوداری ڕابردوو نیشانمان
دەداکەزۆر رق ئەستوور و
بێباکانە ، لێکۆڵینەوەی
خۆیان درێژەداوەهەرئەم وەدوو
کەوتنەبێ پسانەوەیەکەدنەی
داون وهاتوونەسەرئەوەی‌ئەو
بەڵێن وشێوە کۆنانەی پێش
واقیعی یەتی تازەیان گرتووە،
لابدەن وشێوازی تازە بۆ
بەرژەوەندی کاری خۆیاندەدی
بێنن هەرئەم بێباکی‌وجسارەتە
- یەبۆتەزامنی مانەوەی
بەرهەمەکەیان.چون
واقیعی یەتێک کەیەکەمجار
ئەوان دۆزیانەوەولێکیان
داوەپاش تێپەڕبوونی زەمان
بۆتە واقیعی یەتی ناسراوو
بەرچاو.

بەم جۆرە لەئەدەبیاتدا
بزووتنەوەیەکی دایمی هەیەکە
لەدیار بۆنادیار،لەئاشکرا
بۆنەدیو،لەناسراوبۆنەناسراو
دەڕوا .بەم ئاڵ وگۆڕە هەمیشە-
یی‌ە شێوە وقالبی‌واقیعی‌یەتی
نادیار،دەبێتە بەشێک لە
واقیعی یەتی ئاشکرا . لە
لایەکی دیکەوە لێکۆڵینەوەی
تازە دەبێتە دۆزینەوەی
واقیعی یەتی تازە ودیسان
نەناسراو .ئەم بزووتنەوە
هێندە تەبیعی وپێویست
وبەردەوامەکەگوتوویانە :
"سوننەتی هونەرو ئەدەبیات
کێشەیەلەگەڵ سوننەتدا ."

لەژیانی مرۆدا سۆز و
هەست وغەم وشادی رەنگەکەم
تاکورتێک دەوام بێنن
بەڵام هەرچۆن بێ لەبەین
دەچن.ئێمەناتوانین بێبڕانە-
وە ئەوانە لەخۆماندا ڕاگرین.

لەولاشەوە ئەمەنوکتەیەکی
بنەڕەتی یەکەهیچ فکرو
هەستێک ناتوانێ بەتەواوی بە
سەرژیانماندا زاڵ بێ.
هۆش وبیرکردنەوە ناتوانێ بە
تەواوی وبەوردی هەمووڕوودا و-
ێکی ڕابردوو وەک خۆی زیندوو
بکاتەوە .مرۆتەنیا بەشێوەیەک
دەتوانێ،دڵەکوتەی مردن ،
هەست بەدامان وڕامان یا
ئۆخژنی سەرکەوتن ،یاهەستێ
کە بەدیتنی گوڵی ئەرخەوان
لەتازەلاوێک دابەدی دێ و....
بەوپەڕی بەرزی بگەیەنێ.
تەنیا ئەدەبیاتەکەدەتوانێ
بوونی ئەو (کاتانە)وبەردەوا-
می ئەوانە،کەتائەبەدزیندوو
دەمێنن، بگێڕێتەوە .کەوابوو
وشە لەگەڵ زەمان بەشەڕدێ لە
گەڵ مەرگ وجیابوونەوەش بە
شەڕدێ چون ئەوتوانایەی
هەیە وئەوەش ئەرکی پێوست
وگرینگی وشەیەکەسایەتی



ژیان، تێپەربوونی زەمان چێژی مەرگ وژیان وتەنیایی و...بکاتەشێوەی گشتی.

هەرنووسەرێک بەشێوەی . جۆربەجۆرڕوودەکاتە ئەدەب، بەڵام هیچ کەس ئەگەر خۆی بەشێوەیەک ڕەنجی‌جیابوونەوە-ی نەچێشتبێ وهەوڵی بۆ نەهێشتنی ئەمجودایی یە نەدابێ،چدەنووسێ؟!

زۆر دەبینین کە مرۆ تووشی ناهومێدی دێ.لەم کاتەدائەدەبیات مەحاڵەچون ناهومێدبوون هیواوپشتگەرمی لەدڵ دەردەکا .ئەگەرلەکاتی ناهومێدیدا نووسین مەحاڵە دەتوانین بڵێین‌کەئەدەبیاتی ناهومێدی هەرنیە.بەڵام کەمتر ئەمڕاستی یە قەبووڵ دەکەن. لەڕاستیدا ،ئەگەرکەسێک باسی دڵەکوتەی خۆی دەکا بۆئەوەیە کەدەزانێ باسەکەمانای هەیەوئەوکەسە هێشتا ئیمانی بەپێوەندی‌وهاوفیکری هەیەوئیمانی بە ئینسان و برایەتی مرۆیە .


ئێمەئەگەر باوەڕوهیوامان بەئامانج وداهاتوونیە ،نابێ تێشکان وبەدبەختی وژیانی کەسان وەبەرچاونەگرین.

ئەگەر ئەدەبیات بیەوێ کە تەنگانەی جودایی‌تێپەڕێنێ ، بەتایبەتی وەختێک ئەوجیابوونەوە چارەیەکی نەبێ، دەبێ لەدڵەکوتەوتەنیایی و مەرگ بدوێ .چون ئەمە هەر ئەوکارانەن کەئێمەیان لە کەسایەتی خۆماندائەسیر کردووە .ئێمەپێویستیمان بەوەیە تابزانین وهەستی پێ بکەین کەئەم ئەزموونە بۆئینسانی دیکەش هاتۆتە گۆڕێ.


زمان دەمانخاتە کۆمەڵگای ئینسانەوە و دەمانکابەئەندامی کۆمەڵ. ئەگەر وشەیەک بۆباس‌کردنی چارەڕەشی وناهومێدی پەیدا بێ،ئیدی هەستی جیابوونەوەو دووری،لەکۆمەڵدا نامێنێ دەردێک کەهاودەردی دەوێ و ، مرۆپتربەرگەی دەگرێ.کەوابوو دەبێ لەبارەی تێشکان رسوایی ومەرگەوەقسەبکرێ وبنووسرێ.ئەڵبەت نەبۆ ئەوەی خوێنەرناهومێد بێ. بەڵکووبەپێچەوانە بۆ وەی بتوانین لە ناهومێدی رزگاری بکەین.

هەرمرۆیەک پێوەندی بەئینسانی دیکەوەیە . تەنیا لەرێی ئەوانەوەهەست بە بوونی خۆی دەکا . پێزانینی بوونی خەڵکی دیش بەهۆی چۆنەتی دەروونی‌یان یابە هۆی بوونی خۆمان کەهەربە تیشکی وان رووناک بۆتەوە ، دەکرێ. ئەمەکارێکەئەدەبیات دەتوانێ ودەبێ‌بیکا.ئەدەبیات دەبێ تاریکترین‌ونادیارترین حاڵەتی دەروونی ئێمەبۆیەکتر روون بکاتەوە .

پاراستنی ئینسانی‌ترین چۆنەتی وحاڵەتی مرۆ لە بەرانبەر ژیانی ماشێنی و ژیانی ئیدارەو هەروەها تێگەیشتن وباس‌کرنی جیهان بەپێ ودانی ئینسانی‌بەوجۆرە کەبۆهەموان ئاشکرابێ، یانی ئەوکەسانەکەپێوەندی-یان پێکەوەیە ، کەچی‌لێکیش جودان و...ئەمانە هەموو ئەرکی ئەدەبیاتە■



ئەدەبی ئیتالیا



ئازاد مەلا قادر

ئەدەبی ئیتالیا سەرەتا کۆمەڵێك بوو لە غەزەل و واژە و شێعری ئەویندار ی وجەنگی و بەزمی کە بە هۆی شاعیرانی گەراڵ و چیرۆك بێژان (نقّال) بۆ خەڵك دەگوترا وە ۰ یا لە گەڵ چەنگ بە گۆرانی دەخوێندرانەوە و خەڵکی ئیتالیا زۆریان حەز لە بیستنی ئەو گۆرانی و شێعرانە دەکرد ۰گۆرانی بێژان وچیرۆك بێژانی ئیتالی جاربەجار وشەی فەرەنسی یان تێکەڵی وتە جوانەکانی خۆیان دەکرد ۰ هەروەکووزانیومانە لەدەور وبەری چەرخەکانی دوازدە وسێزدەی زایینی دا ،هەرشارونا وچەیەکی ئیتالیادەسەڵاتدارێکی سەربەخۆ ی بووە ،بەڵام یەکگرتوویی لە نێوانیان نەبووە و زوربەی زاراوەکان دەگەڵ یەکتر جیاواز بوون ۰ بەم حاڵەشەوە لە سەردەمی " فردریکی دووهەم " دا زمانی ئیتالی لە سیسیل و تووسکانی دەکار هێنرا و ئەو شاعیر و گۆرانی بێژانەی کە بە ئیتالی شێعر یان گۆرانی یان دەگوت ، لە نگەر پەر دازانی (قافیە پردازان) سیسیل و تووسکانی یان پێ دەگوترا ۰

ماموستا و پێشەوای ئەم جۆرە شێعرە لە ئیتالیا کابرایەك بوو بە ناوی " گیدۆگینی چل [Guidoguinceli] دانیشتووی " بۆلۆنیا " کە لە ساڵی ۱۲۵۴ی زایینی کۆچی کردووە و لە هۆنینەوەی غەزەلی بە سۆزی ئەویندار ی دەستێکی با ڵای بووە و بگرە کارتێ کردنی شێعرەکانی ئەم شاعیرە گەورەیە لە پەروەردە کردنی فیکری و گەشە پێدانی مرخی ئەدەبی " دانتە لیگری" دەورێکی با ڵایان نواندبێ ۰دانتە هەمان شاعیر و نووسەری گەورەی ئیتالیایە کە خاوەنی کورتە چیرۆکی " ژیانی نوێ" و " کومێدی" ئیلاهییە و لە نێوان ساڵەکانی ۱۲۵۶ - ۱۳۲۱ " دا ژیاوە ۰ هۆی کاریگەر و سەرەکی لە نووسینی ژیانی نوێ و کۆمێدی ئیلاهی دا لە لایەن دانتەوە ، ئەوینێکی ئاسمانی بووە بە کچێك بە ناوی " بئاتریس پۆرتی ناری " و ئەم ئەوینە لە تەمەنی ۱۰ ساڵانەی شاعیر تا دوا رۆژی ژیانی بەردەوام بووە ۰ و لە پاش مەرگی بئاتریس ژنی نەهێناوە ۰ تەنانەت پاش مەرگی بئاتریس ، دانتە قەت ئەوی لە بیر نەچۆتەوە ۰ شەوێك لە خەوندا دەبینێ و ئەم خەونە دەبێتە هۆی نووسینی بەرهەمی بایەخدار و جیهانی کومێدی ئیلاهی ۰ لە زۆر جێگەی پەڕاوەکەدا بئاتریس وێنەی تیشکی پرشنگدار و هەتاوی رووناك و پارێزگاری و جوانی و خێر و بەرەکەتی تەواوە ۰

کومێدی ئیلاهی وێنەیەکە لە چەرخەکانی ناوەراست بە رەوشت و رەفتار و دوو بەرەکی و جەنگ و روا لەتە ناو دارەکانی و شارستانیەتە کۆنەکانیو هەروا لەم پەڕاوە مەزنەدا چەند دیمەنی کاریگەر و وێژا (گۆیا) لە مێژوو پێش چاو دەکەوێ و زۆر شانۆ و ئۆپێراش لەم پەڕاوە وەرگیراوە ۰

دانتە بێجگە لە ئەو دوو پەڕاوە هێندی پەڕاوی دەربارەی فەلسەفە و رامیاری نووسیوە ، کە لەو پەڕاوانە دا دوو خاڵی زەق لە هەموان پتر بەرچاو دەکەوێ یەکەم بە دی هێنانی زمانێکی ئەدەبی ئیتالیایی و دووهەم کە لە پەڕاوێك بە زمانی لا تینی نووسراوە پێویستی دامەزراندنی حکوومەتیکی جیهانی بۆ یەکەم جار دەرخستووە و بە زۆر بەڵگان سەلماندوویەتی کە بۆ پاراستنی ئاشتی و ئازادی دەبێ رێکخراویەکی جیهانی لە هەموو وڵاتان دا پێك بێ و ئەم رێکخراوە

داوە ریەکی " محکمەی نێو دەوڵەتانی هەبێ و ئەوەندەش هێز و توانایی هەبێ کە بتوانێ بڕیارەکانی وڵاتانی ئەندام بە کردەوە بە ڕێوە بەرێ.

پتر ئاڕك " ١٣٧٤ - ١٤٠٤ " لەو شاعیر و نووسەرانەیە کە سۆز و ئەوینێکی زۆری لە دڵدا بووە سەبارەت بە وڵاتی ئیتالیا و خەڵکەکەی . دوو بەرهەمی گرینگی لێ بە جێ ماوە کە لە وێژەی ئیتالیا جێگای دیاریان هەیە :

١ - سەر کەوتنەکان

٢ - ئەفریقا

ئەم وێژەوانە چەندین بەرهەمیشی بە لاتین هەیە.

جیوانی بووکا چیو " ١٣١٣ - ١٣٧٥ " لە شاعیران و نووسەرانی ناوداری ئیتالیایەکە زۆری حەز لە ئەدەبی کۆنی یۆنان و ڕۆم دەکرد و چەند پەڕاوی بە لاتینی نووسیوە. بەرهەمەکانی بریتین لە :

دوو پەڕاو لە بارەی : " مێژووی بە سەر هاتی پیاووژنانی ناودار - چیاکان - دارستانەکان - کانیاو و رووبار و دەریاکان و ... "

پەراوێك لە بارەی " ئەفسانەکانی شوانانە و چۆپانی" بە ناوی ئامێتۆ [Ameto]

دکامێرۆن [Decamevon] کۆمەڵێکە لە سەد چیرۆك .

بناغەی پەڕاوی دکامێرۆن پێك هاتووە لە بە سەرهاتی تاقمی ژن و پیاو کە دەیانەوێ لە بەر تاعوونی ساڵی ١٣٤٨ ی فلۆڕانس هەڵبێن و پەنا بەرنە خانوویەکی کوێستانی و هاوینە هەوار . و لەوێ دەست دەکەنە ئەفسانە گێڕانەوە . چون خوو و ڕەوشتی چیرۆك بێژان جیاوازە ، لە بەر ئەمەش چیرۆکە کە چێژو تامێکی تایبەتی هەیە.بە گشتی وەسفی شاعیرانە و ئامۆژگاری وخەمگینی بەو پەڕی ناسکی و هەستیاری تێدا بەر چاو دەکەوێ و چون نووسەر زانستی پێویستی لە بارەی رووحی مرۆڤانە و پاڵەوانە - کانی چیرۆك هەبووە،هەموویان قارەمانەکانی زیندوو و پڕ لە خۆشەویستی ژیان دێننە پێش چاو، تەنانەت گیانلە بەرانی دکامرۆنیش.

ئەم پەڕاوە واتە " دکامێرون " پاشان لە ئەدەبی هێندێ وڵاتان وەك ئینگلتەرە لاسایی کرایەوە و کەلکی لێ وەرگیراوە . شوێنی لە هێندێ بەرهەمی " **چاسر** " و " **کیتس** کە " **بریتانین و لانگ فێلۆی** ئەمەریکی دەبینرێ.

ڕاپەڕینی بووژانەوە " **رۆنێسانس** " لە ئیتالیا بوو بە هۆی گەشە پێدانی زمانی ئیتالی و **پیترۆ بەمبۆ** لەو کەسانە بوو کە لەو سەردەمە بە پێرەوی لە دانتە بۆ بەدی هێنانی زمانێکی میری " رەسمی : " و گشتی ئیتالی لە سەرانسەری ئیتالیا تێدەکۆشا و پاشان قامووس و ڕێزمانی ئیتالی ئامادە و چاپ کران .

فەرهەنگستانی " دل لاکرووسکا "ش کە لە ١٤٨٥ی زایینی لە فلۆڕانس دامەزرا بەرە بەرە دەسەڵاتی زمانی لاتینی کەم کردەوە و بە هەمان رادە شکۆ و پەرە پێدانی زمانی ئیتالیایی بردە سەرەوە . " **لۆدا ویکۆ راریۆ ستۆ** " پەڕاوێکی لە بارەی بە سەر هاتی پاڵەوانانە بڵاو کردەوە بە ناوی " " **رۆلاندی شێت**" کە زۆر بایەخی پێدرا .

" **تۆرکواناسۆ**"**پەڕاوی** " ئۆرشەلیمی رز گارکراوی" هۆنیەوە کە گوایە بە سەرهاتی رزگاری بەیتو لموقەدەسە لە دەست مسوڵمانان کە زۆری لایەنگری لێکراوە . بەم پەڕاوە و پەڕاوەکانی تر دەوڵەمەندی زمانی ئیتالی ڕۆژ بە ڕۆژ پەرەی سەند .

پەڕاو و بەرهەمەکانی **ماکیاولی** وەك"شەهریار"،ناوبانگێکی بەرزی لە ئیتالیا و جیهان دایەوە. بەڵام پەڕاوی شەهریار بوو بە داردەستێك بۆ زاڵمان و خوێن مژانی مێژوو . لویی شازدەهەم ، ناپلیۆن ، هیتلەر و ... هەموو کات نوسخەیەکیان لە م پەڕاوە پێ بووە و بە خوێندنەوەی، وانەی دوو روویی و خیانەت و جینایەتی دەر حەق بە خەڵکی هەژار لێ فێر بوون . پەڕاوی **دەرباری** بەرهەمی " کاستی لیۆنە (کە لە ڕاستیدا باسی داب و نەریتی ئامو شۆ دەکا و لە لایەن ئەو کەسانەی کە دەیانویست ئەدەب زانبن زۆرنرخی پێ درا .

کاتێ کە ئیتالیا کەوتە ژێر رکێفی ئیسپانیاوە ، سەرچاوەی ئەدەب و زانستی ئیتالیا بەرە و هەرەس هێنان و وشك بوون هەنگاوی هەڵێناوە . لە بەر ئەوەی بیر و بڕوای هەر زانا و وێژەوانێك

بکەوتایە ژێر شك ، شمشیری خوێنرێژو و بێ ڕوحم چاوە ڕوانی دەکرد و بۆ ماوەیەك ئیتالیا لە شاعیر و نووسەر و زانا بێ بەش کرا تا بەرە بەرە دوژمنانی ئایینی مەسیحی یەت بەرەو لاوازی ڕۆیشتن و دەسەلاتی ئیسپانیا لە ئیتالیا دا کەم بۆوە ·

یەکێك لە جینایەتەکانی لایەنگرانی دەمارگیری "قشری" مەسیحی یەت سووتاندنی **جیۆردانو برۆنۆ** بوو کە ڕێکەوتی فەوریەیی ١٦٠٠ ی زایینی ڕووی دا· لە چەرخی هەژدەهەم دا ئیتالیا دووبارە گیانێکی نوێی هاتەوە بەر و هێندێ شاعیر و نووسەر پێ یان نایە مەیدانی ئەدەب· بۆ وێنە : " **ویتۆریۆ ئال فیێری**" تراژێدی یەکی ڕێك و پێك و بەرزی نووسیوە کە بە ڕاستی کۆمەڵێکی گەورەیە لە تراژێدی یەکانی ئیتالیا ·

لە چەرخی نۆزدەهەم دا **لئۆپاردی و کاردۆچی** سەریان هەلدا و بە خولقاندنی بەرهەمی بە نرخی وێژەیی ناو بانگێکی بەرزیان لە ئیتالیا هێنایە دەست · تەنانەت کاردوچی خەلاتی ئەدەبی نۆبێلی ئاراستە کرا و بەم شێوەیە بۆ یەکەمین جار ئەم شانازی یەی بۆ ئیتالیا هێنایە دەست ·

مان تسۆنی : لە نووسەرانی چەرخی بیستەمی ئیتالیایە · پەڕاوی " دەزگیران " بەرهەمی ئەوە کە وەرگێڕ دراوە تە سەر زوربەی زمانە زیندووەکانی جیهان و سەر چاوەکەی چیرۆك نووسی مێژوویی یە ·

لە وێژەوانانی چەرخی بیستەمی ئیتالیا ، شاعیر و نووسەری ناودار " **گابریلە دانونزیو** " دێتە پێش چاو لە شانۆ و شێعر دەستێکی بالای بووە و هەلەی گەورەی ئەو هاوکاری دەگەل فاشیستەکانی ئیتالیا بوو ، و لە سالی ١٩٣٨ ی زایینی کۆچی کردووە ·

" پیر ئاندلۆ " ١٩٣٦ - ١٨٦٧ " لە نووسەرانی گەورە و ناوداری ئیتالیایە · بەرهەمێکی زۆری خولقاندووە کە وەرگێڕ دراوەتە سەر زوربەی زمانە زیندووەکانی جیهان و خەلاتی نۆبێلیشی وەرگرتووە·

هێندێ لە بەرهەمە کانی بریتین ، لە : کۆمەڵی کورتە چیرۆك،شانۆی شەش قارەمان، بە دوای نووسەرێك و بەو شێوەیە منت بوێت·

" ئەو جنیو مۆنتالە " : شاعیر و نووسەر و ڕەخنە گری ئیتالی لە سالی ١٨٩٦ لە شاری جێنوا لە دایك بووە· پاش هەلبژاردنی چەند کار وپیشە ی جۆرا و جۆر لە سالی ١٩٢٦ ڕۆیشتە فلۆرانس تا لە دامەزراوەیەکی چاپەمەنی ئیش بکا · لە ١٩٢٩ تا ١٩٣٨ بە ڕێوە بەری " کابینەی زانستی ئەدەبی " بوو و چون ئەندامی پارتی فاشیستەکان نەبوو مەجبووریان کرد لەو پێتەختە دەست هەلگری· ماوەیەك نووسەری دوو حەوتوویی بوو · چوار پەڕاوی شێعری بلاو کراوەتەوە و لە ١٩٤٧ دا بوو بە ڕەخنەگری (منتقد) مۆسیقایی و ئەدەبی و دەگەل ڕۆژنامەیەکی نیشتمانی هاوکاری دەکرد·

نووسراوە پڕژو بلاوەکانی لە چەند بەرگدا چاپ کراون و هەر وەها هێندێ بەرهەمی کردۆتە ئیتالی ، لە شکسپیر ، ملۆبل ، کۆرنی و ···

" سالوا تۆرە کاسینۆ د ۆ" لە شاعیرانی ئیتالی یە ، لە سالی ١٩٠١ لە سیسیل لە دایك بووە · پاش خوێندنی رشتەی موهەندیسی ساختومان ، لە نێوان سالەکانی ١٩٣٨ تا ١٩٤٠ دا بوو بە یاریدەدەری بەرێوەبەری تمپۆ·

لە سالی ١٩٤١ کرایە ماموستای ئەدەبی ئیتالیایی لە هونەرستانێك و بە هۆی تێکۆشانی و بیر و بڕوای دژی فاشیستی لە لایەن فەرمانبەرانی مۆسۆلینی بەند کرا ·

لە سالی ١٩٥٩ لە گەل " دیلەن تۆ ماس " شاعیر و نووسەری ئینگلیزی خەلاتی نۆبێلی وەرگرت · ئەم شاعیرە بە توانایە لە بارەی لێکولینەوە و وەرگێڕانی ئەدەبی ، گەلێ بەرهەمی چاکی پێش کەش کردووە وەك:

وەرگێرانی هێندێ لە بەرهەمەکانی شکسپێر و کامنیگز ئەمریکی بۆ سەر زمانی ئیتالی ، لە سالی ١٩٦٨ کۆچی دوایی کردووە ●

سێهەم مانگی پایز بوو. هاژەی دڵتەنگ و گڤەی بە سامی ڕەشەبای تووڕە گەردە لوولی بانانی رادەماڵی، چاوی کوڕوکاڵی کۆڵانی ئازار دەدا، کاکۆڵی شانە کراوی ئاڵۆز دەکرد و ریشووی شەدە و تۆپی دەسماڵی هەوری دەشەمزاند. باڵندە سەر لق شێواوەکان بە پەلە خۆیان دەپەنا و پەسیوان داخنی. ورده ورده لاپەڕەی تەمەنی زستانیان لە سەربانەکان ڕافڕێ دەدا. بەفر دەماڵدران و بەفرانبارێش تێدەپەڕی. ئەو جار نۆرەی ڕێبەندانە ئەویش بە زەبروزەنگی توند و بۆ بەزەیی هوروژمی هێنا وەتە سەر گوند. گەنمی چالان و ئاردی ئشان تەواو بوون. دانەوێڵە لە تونگە و دیزە و کووپە و هەمبانان بڕا، بن هەرزاڵ چۆڵ بوون مەیدانی بە خوری پشکنین وتەشی رستن و... شەویان شەق کرد. ئەو شەوانە هاتن و چوون و لە تەمەنی زستان کەم بۆوە. ڕەشەمە هات. فەقیری رووت و هەژار ئەو جارەش لە مەترسی بەستنی پاشلێوە لەرزە رزگاریان هات، تیشکی هەتاوی بەهار هەموو دوندو بنارو شارو گوندی گرتەوە. هێزی زستانی بڕی، ڕەشایی



زستانی لادێ

■ خدر میرسەیدی

پایزی زەرد پەرپەڕ دەبوو، نۆرەی هاتنی وەرزی زستانە. زستانی لاو، لاوی تووڕە و تۆسن، ڕووگرژ و لە خۆبایی و لە سەرەتای مانگی بەفرانباردا. بەفر و کرێوە بەشەو و ڕۆژ لە سەربان و حەوش و کۆڵان، منداڵی رووتی ڕێگای قوتابخانە و هەموو بوارێکی شەکەت دەکرد. بوومە لێڵی بەیانی لاوانی گوند دیاری رمبازێنی مشکان بەتاڵ بوو. کاروان پەکیان کەوت کێوەکان کونەبڕ* بوون و لووساوەکان شەمشیرەیان بەست. ئاژەڵ لە تەویلە و باڵندە لە هێلانەدا مانەوە. ڕێگاوبان بەستران. کۆبوونەوەی شەوانەی خەڵکی لادێ دەستی پێکرد، شەوانە پیاوان بە میرمیرێن و جۆرابێن و دەیان بەزمی دیکەی کوردەواری و ژنان کەوتە وڵات. کاریلە وبەرخ لە قەراغ دێ و لاپاڵ و شیوان وەجم و جۆڵ کەوتن باڵندە هێلانەیان ساز کرد. جوو تێران گاسنیان سەر کردەوە. خاوی وڵاغانیان شکاند و بەرە و مەزرا وەڕێ کەوتن و بەهاری ساڵی تازەیان دەست پێکرد.

تراویلکه

فایق ناسری



په شۆکاوی له ده روونم دا شه پۆلی لێده دا ۰ وه ک شتێک ده ترسام و نه مده توانی ته ماشای سه رۆکی دادگا که م ۰۰۰

هه رچونێک بوو ، هێندێک به سه ر خۆم دا زاڵ بووم و له کاتێکا ده مه ویست خۆم به هێز نیشان ده م ، گوتم :

ـ سه رۆکی دادگا ۰۰۰۰۰ ره نگه بێ من و خێزانمت له بیر مابێ ۰ چونکه تا ئێستا چه ند جاری تریش هاتووینه ئێره ۰۰۰۰ راستت ده وێ نازانم له کوێ وه ده س پێ بکه م و چۆنی درێژه پێ بده م ۰۰۰۰ به هه رچۆنێک بێ ، زۆر به کورتی عه رزتان ده که م :

ـ " منداڵ " ۰۰۰۰ به لێ " منداڵ " ۰۰۰ ته نیا هۆی جیابوونه وه ی من و خێزانمه ۰ به ڕوای پزیشک خێزانم ناتوانێ خاوه ن منداڵ بێ ۰ ئه مه ش شتێکه که بۆ من دژواره و پێم قه بووڵ ناکرێ ۰ قانوونیش له م باره وه دواوه و مافێکی بۆ من دیاری کردووه ۰

کاکی سه رۆک ۰۰۰۰ ئه وه مافی منه که باوک بم و ده نگی گریان و پێکه نینی منداڵه کانم له ماڵێ گوێ لێ بێ ۰۰۰ چۆنی ده ربڕم ؟ نازانم ۰ به کورتی " هه ر " شتێک که باوکێک ده یه وێ به ته واوی ئاواته کانی یه وه ۰ "

ته نیا تکام ئه وه یه که هه رچی زووتر په روه نده ی ئێمه بخه نه به رچاو ، چونکه ئه من پێم وایه ژنێک که نه توانێ ببێته " دایک " له لای من بێ بایه خه و ناتوانم چیدی له گه ڵی دانیشم و شه وی له گه ڵ رۆژ که مه وه ۰ تائێستاش که ئاوا له نێو خه ڵک " به رچاو " بووم ، ئێدی به سمه ۰۰۰۰ وه ک ده ڵێن : " ده رکی ده روازه ی دەبەسترێ ، زاری خه ڵکی نابەسترێ ۰ "

سه رۆکی دادگا به شێنەییەکی تایبه تی گوێی بۆ شل کردبووم ، له وه ده چوو که ده یه وێ رای خۆی ده ربڕێ ۰۰۰

ـ خوشکی به رێز ، قسه کانی مێرده که ت گوێ لێ بوو ، قسه کانی دروستن یا نا ؟ ئه گه ر تۆش له م پێوه ندی یه دا قسه یه کت هه یه ، فه رموو ۰

" توبا " به هێمنی ده ستی پێکرد ووه ک ده نگێک که له قووڵایی یه که وه بێته ده ر گوتی :

ـ " کاکی سه رۆک ، ئایا ژنێک که به هه موو جۆر له گه ڵ مێرده که ی سازاوه ، ده توانێ باسی جودایی بکا ؟ من نامه وێ له مێرده که م جیا بمه وه ۰ هیچ کاتیش نه مویستووه زۆرجاریش له مه ڕ منداڵه وه قسه م له گه ڵیا کردووه ۰۰۰۰ کاکی سه رۆک چۆنی ده ربڕم ؟ پیاوێک که چکۆڵه ترین بایه خ بۆ ژنی خۆی دانه نێ چۆن ده توانێ چاوه ڕوانی منداڵیش بێ ؟

شه رم له راستی گوتن بۆته قفلێك به ده ممه وه ٠ خۆزگه توانیبام هه موو شتێکم ده ربڕیبایه ٠ ئه ده ی دژواری و چه ڵه مه کانی ژن و مێردی ؟ ناتوانم ٠٠٠٠ ناتوانم ده ریبڕم٠٠٠ به لام ئه وه ده زانم که ئه م چه ڵه مانه ،بیانوویه که بۆ ته لاق ٠ ئاخر من تا ئێستا بۆ مێرده که م هه ر وه ك کالایه ك بووم و به س ، بێ چکۆڵه ترین هیوا و مانی ژیان ٠٠٠ به لام هیچ ٠٠٠بۆچی ٠٠٠ له به ر ئه وه که ویستوومه و ده مه وێ بژیم ٠

به ته شه ره وه گوتم :

ـ"به سه خانم ، لێره دا کاری من و تۆ له گه ڵ دادستێن و دادگایه ٠ خۆ به ر ده رگای ماڵێ نیه، بۆ ژنه هاوسێکانمان ده ردی دڵ بکه ی و ده س بکه ی به قسه ی منداڵانه ٠٠٠له مانه گه ڕێین ، من به هیچ جۆر ئاماده نیم له گه ڵ تۆ بم٠ نازانم چۆنت تێ گه یه نم ٠ نامه وێ خانم ! نامه وێ!

سه رۆکی دادگا قسه کانی بڕی :

ـ" کاکه به راستی ئێوه بیر ده که نه وه که ته لاق دوایین په ڕی قوماری ژینه ؟ ئه ده ی پیاوه تی ، ژیری، لێبوردوویی و ئه مانه چ مانایه کیان ده توانێ هه بێ ؟ سه یره ! ژنێك که مێرده که ی خۆی ئاوا ئه ویندارانه خۆش ده وێ ، پیاوه که پشت له م به خته وه ری یه ده کات ؟ کاکی خۆشه ویست "ژن" دیاری یه که له لایه ن خودا بۆ په ره پێدانی به ره کان و په ره پێدانی هاوسه نگی سروشت و هه ر پیاوێك پێویستی به ژن هه یه ٠ ئێستا که تۆ ژنێکی هێنده وریا و تێگه یشتووت وه ده ست که وتووه ٠ مه هێڵه وا به هاسانی له ده ستت بچێ ٠ چونکوو ژن " کووتاڵ " نیه ٠ " ژن" " به هره "یه ٠

وه ره جارێکی تر له روانگه ی دڵ ته ماشای دونیا وشاردراوه کانی که ٠ روانین له رێگای دڵه وه نه له رێگای چاو ٠

سه رۆکی دادگا ماوه یه ك بێ ده نگ بوو ٠ چاوه ڕوانی لێ خۆش بوونی من بوو ٠ به لام من پێشه کی ته مای خۆم گرتبوو : " ته لاق " ٠

سه رۆکی دادگا به ناهومێدی ته ماشای من و خێزانمی کرد ٠ ده تگوت ئه و زۆرتر له من به و جیابوونه وه له جه زره به دایه ٠

" تووبا " بۆ دوایین جار دوایین هه واڵی خۆی دا و ده ستی به گریان کرد و وه ك منداڵێك که به گریانه وه قسه ده کا ، فرمێسکی له چاو ده هاته خوار و به و هیوایه که به ڵکوو به گریان کاره که ی راست بێ، ده ستی پێکرد :

ـ"ته هماسب " ٠٠٠ من له هه وه ڵه وه نه مده ویست له گه ڵ تۆ زه ماوه ند بکه م٠ نه تۆ ، هیچ پیاوی تریش ئاخر من ده مه ویست درێژه به خوێندنه که م بده م وببم به و که سه که ئاواتم بووو٠٠٠پزیشك ٠٠٠٠ خانم دوکتۆر٠٠٠ چ رۆژانێك که به م ئاواته وه بووم و چ شه وان که له دنیای خه ون دا ، خۆم به جل وبه رگی سپی دوکتۆری یه وه ده دی ٠ چه نێ خۆش بوو کاتێ ده متوانی نه خۆشێك له ده س ئێش و ئۆف رزگار که م ٠ به لام به هاتنی تۆ بۆ نێو ژینم ، هه موو شتێك ره نگێکی دی به خۆیه وه گرت ٠ له به رگی سپی و ئاواتی دوکتۆر بوون تا به رگی سپی وراسته کی زه ماوه ند ! ده بێ له بیرت مابێ که چۆن رازی به م زه ماوه نده بووم ؟! " خۆ کوشتن "، به لێ "خۆکوشتن "، تۆ ! ئه ویش له به ر من ٠ گوتبووت " ژین بێ تووبا مانای نیه " گوتبووت ئه گه ر ئه وجاریش رزگاریت بێ ، جارێکی تر ده س بۆ خۆ کوشتن ده به یه وه ٠ ئه مه قسه یه ك بوو که به پزیشکی ده رمانکه رت گوتبوو ٠

من ٠٠٠ئه رێ ، من ٠٠٠٠ بۆ ئه وه ی جارێکی تر ژینت



پێ ببەخشم ، هاتمە ناو ژینت • بەڵام بەداخەوە تۆ ئێستا دەتەوێ ژین لە من بستێنیەوە! ئایا ئەمە کارێکی عادڵانەیە تەهماسب؟!

باوکی خوالێخۆشبووم بەم زەماوەندە رازی نەبوو• دەیگوت " پێم باش نییە زەماوەند لەگەڵ لاوێك بکەی کە توانای رووبەروو بوون لەگەڵ تەنگ و چەڵەمەکانی ژیانی نیە، دەیگوت " خۆکوشتن ، بێ هێزی ویست وبڕوای کەس دەگەیەنێ •" بەڵام کاتێك زانی کە من قسەیەکم نیە ئەویش قسەیەکی بۆگوتن نەما • بەدوای ئەودا باوکم وەك مامۆستایەکی دڵسۆز ، ئاگای لێمان بوو • باوکێکی روو خۆش ، لە ئاکامی ژینی دا ، کە تەواو دەبوو و لە سەرەمەرگدا بوو ، دەستی من و تۆی بە دەستی بێ تینی خۆی گرتبوو لەوە دەچوو کە چاوەڕوانی هاتنی دوارۆژێکی هەبوو و منی بە تۆ دەسپارد و هەردووکمانی بە خودا دەسپارد • چی لێهات ئەو ئەوینەی کە لە شەوی ساردی زستاندا بەخوازبێنیەك بۆمنت ناردبوو ؟ چی لێهات ئەو ژینەی بێ توبا •••؟! ئێستە ئیتر قسەیەکم نیەو تەلاق قەبووڵ دەکەم • رۆژێکی تر ، لە جێیەکی تر ، لە دادگایەکی تر ، سەربەرز رووبەرووت رادەوەستم••لە دادگایەك کە دادستێن خودایە و ئیتر لەوێ هیچ داوای لێ بوردنێك قەبووڵ ناکەم•• ئەشێ ئەم بەڵگەی تەڵاقە بەسەر کارنامەی کارەکانی تۆدا قورسایی بکا •

" توبا " ئیدی نەدەگریا بە گوتنی ئەم قسانە هێندێك هێدی ببۆوە• بەڵام ئەمن هیچ وەڵامێکم نەبوو•

بەم جۆرە ماوەی ژینی ژن و مێردی من و توبا تەواو بوو • تەنیا دوایین جار کە پێکەوە بووین ، ئەو کاتە بوو کە لەسەر پلەکانی دادگا خوداحا ـ فیزیەکی تاڵی کرد و لە نێو خەڵکەکەدا ، لێم ون بوو•

لە کاتێکدا چاوم بە پەروین کەوت کە لە بیری ئەو رۆژەدا بووم کە توبا بە منی گوت :" تەهماسب ، راستی ئەگەر منداڵمان بوو ، پێت خۆشە ناوی کوڕەکەت بنێی چی ؟"

منیش بە پێکەنینەوە گوتم : " ئەی فێڵەباز ، لە کوێوە دەزانی کوڕە ؟"

گوتی :" بەدڵم داهاتووە

که کوڕه ۰ کوڕێکی کاکۆڵ زێڕین ، " هیوا " ۰۰۰۰ ئه رێ ناوی کوڕه که مان ده نێین هیوا ؟ له به ر ئه وه که هیوا مزگێنی ژینه ۰۰۰۰

په روین خۆی رازاندبووه جوانتر له وه ی که بوو وه به رچاو ده هات ۰ چه پکه گوڵێکی پێ بوو ، داینا و کوتی :

-" ته هماسب ، توبات ده س به سه ر کرد ؟ رۆیی ؟

کوتم :

-" ئه رێ " په روین" ئه ورۆ هه موو شتێك ته واو بوو۰۰۰۰ من ئێسته ته نیای ته نیام ۰

په روین به پێکه نینه وه کوتی:

-" ته هماسبی خۆشه ویستم، ئه م قسانه چین ؟ تۆ ته نیا نی ۰۰۰ له مه به ولاوه "ئێمه" ۰۰۰من وتۆ رۆژانێکی به یه -که وه تێپه ڕ ده که ین ۰ هه لبه ت به و پێ یه تۆش هه رچی زووتر ده بێ به لێنی یه که ت به جێ بێنی و گۆوه ندی بگێڕین ۰

به دل ته نگی یه وه گوتم :

-" جارێ په له مه که ۰ من توبام له به ر تۆ ئاواره کرد ۰ ئێستاش هێندێك مه ودام بده تا بیره وه ری ئه و رۆژه خۆشانه ی که له گه ڵ توبام بووه له بیر بچنه وه ۰

نێوچاوانی لێ تێك نام و کوتی :

-" خۆشی ؟! کامه خۆشی ؟! تۆ هه موو کات ده تگوت که منت له توبا خۆشتر ده وێ و له به ر من ژنه که ت ته لاق ده ده ی ؟ منداڵیش بیانوویه ك بوو بۆ جووربوونی کاره که ت. جا بۆیه ده بێ زووتر ده س به کار بین و له مه زیاتریش ناتوانین به پێچه وانه ی ئوسوولی شه رعی که ین و به ینمان بێ ۰۰۰۰

دوو سێ حه وتوو به م جۆره تێپه ر بوو که په روین به نێوی خێزانی من پێی نایه ناو ماڵێك که جێی ژینی رابوردووی توبا بوو ۰

رۆژه کان و حه وتووه کانی سه ره تای ژینی هاوبه شیمان له گه ڵ خۆشی یه کی زۆر تێکه ڵاو بوو ۰ به ڵام هێنده ی پێ نه چوو که بیانووه جۆراوجۆره کانی په روین ده ستی پێکرد و له چکۆله ترین شت ، کێوێکی بیانو و داده تاشی ۰

په روین زۆر که لله ره ق و سه رکێش بوو ۰ بایه خی بۆ قسه کانم دانه ده نا ۰ ژینێکی پڕ خه رج ،هه رروژه ی ده ستێك جل وبه رگ ، پووڵ به م لا و به ولا دادان و۰۰۰۰ ته نیا به شێك له کاره ناره واکانی په روین بوو ۰ هه روه ها ته واوی که ل و په لی ماڵ که توبا له ماوه ی ژن و مێردیمان دا کۆی کردبوو ، بلاوی کرده وه و ئاسه واری نه هێشت ۰

منیش بوومه ئینسانێك که له ژێر باری قه رزو قوڵه دا ماوه ته وه و بێزار له هه موو شتێك.که کاتێ ژینی ئێستای خۆم له گه ڵ ژیانی پێشووم هه ڵده سه نگاند ، خۆم نه ده به خشی و خۆم به تاوانبار ده زانی :" خۆ م کردوومه ، تازه ده رمانی چی"

ره وتی زه مان ، ژینێکی بۆ پێك هێنابووم ، پڕ له ژان و ئازار۰۰۰

کار به جێ یه ك گه یشتبوو که رۆژێك په روین زۆر به رووداری یه وه پێی کوتم :

-" ئیتر پێم خۆش نیه ته نانه ت رۆژێکیش له لای پیاوێکی وه ك تۆ دانیشم ۰"

بۆ به راستی ده بێ ئه من چیم به سه ر هاتبێ و چیم لێ هاتبێ که ئه و پێی خۆش نه بێ له کن من دانیشێ ؟!

به لام په روین حازر به ته لاق وه رگرتنیش نه بوو و ده یگوت :

-" تۆ هه ر بۆوه ده بی که به ناو مێرد بی ۰۰۰۰۰ ئاخ چه نێك جه زره به بارده و چه نێك تاڵه بۆ پیاوێك که به نێو مێرد بێ ۰۰۰

په روین رۆیشت ۰۰هه روا که هاتبوو۰۰۰ئه م ماره خۆش خه ت و خاڵه چۆن هاته ناو ژینم و چزی له توبا دا و ئه وی گه زت و له من هالا، رۆیشت.له گه ڵ ژینی من ، به ته واوی دونیای ره نگاوره -نگه وه که دروستم کربوو۰۰۰

بەلام تراویلکە یەک زیاتر
نەبوو . ئەو ئێستا جاری
وایە لەگەڵ پیاوێکی تری
وەک منە و جاری واشە
لەگەڵ یەکی ترە .

بەهار لە باوەشی
نەورۆزدا دەهات ... پێکەنینی
منداڵان دەهات و شادی لە
کۆڵان و شەقامەکانی
شاردا دەگەڕا ... جێژنانەیان
بە یەک دەدا ...

"جێژنی نەورۆز" و
"بەهار" دوو هاوڕێی لە
مێژینە ... وەرزی جێژن و
مرۆڤایەتی . بەلام جێژن
بۆ من مانایەکی نەبوو ...
ببوومە پیاوێک کە تا نیوە
شەو لە کۆڵان و شەقامەکانی
شاردا بە هیوای دۆزینەوەی
پەروین دەخولامەوە . گەرە-
کم بوو تۆڵەی ئەو
بەختەوەرییەی لە منی
ئەستاندبوو ، بستێنمەوە ،
گەرەکم بوو ... بەلام لە
دەروونی خۆمدا هەستێکی
زۆرم بۆ تۆڵە ئەستاندنەوە
نەبوو ، پێم وابوو هەست
بە تۆڵە ستاندنەوە کارێکی
چکۆڵەیە . جووتە لاوەکانم
دەدیت کە چۆن لە پەنای
یەک دانیشتوون و دونیایەکیان
هیوا دروست کردووە وهیواداری
پاشە ڕۆژن ....

ڕۆژی هەینی بوو ، هەینی
یەکەمین ساڵی نوێ .
شەقامەکانی شار لە
ڕابردوو چۆڵتر ببوون و
ئەوانەش کە لە هاتوچۆ
دابوون ، "جێژن"یان بە
میوانی بۆ یەک دەبرد .
منیش لە شەقامەکانی
شاردا دەگەڕام ... بێ ئامانج
بێ بەش لە بەختەوەری ...

لە نەکاو دیمەنێکی
سەیرم وەبەرچاو کەوت .
وام زانی خەیاڵاتە ، گیانم
لەرزی ، لەشم لەرزی ...
بەلام ئەوە ڕاستی بوو ،
تراویلکە نەبوو . ڕاستە-
قینەیەکی تاڵ بوو کە
بە چاوی خۆم دەدی ... توبا ..
بەڵێ توبا ... توبام چاو
پێ کەوت ، لەگەڵ کوڕێکی
لاو و منداڵێک بە باوەشەوە .
ئەم پیاوو منداڵە دەبێ چ
خزمایەتێکیان لەگەڵ توبا
هەبێ ؟ دەبوو تێ گەیشتبام .
لە ماوەیەکی کورتدا کە
توبا بۆ کڕین چووە نا و
فرۆشگایەک ، بە دەرفەتم
زانی و خۆم گەیاندە لای
پیاوە لاوەکە ... چ کوڕێکی
جوان . چاوەکانی بە ڕەنگی
ئاسمان ، واقی منداڵەکە
بووم کە دەنگی پیاوە لاوەکە
وەخۆی هێنامەوە :

- "ئاهای کاکە ، بڕۆ
ئەو لاوە ... بۆ وا واقی ئەم
منداڵە بووی ؟!

بە زۆر قسەم بۆ دەهات :

- "من ... هیچ یەک ....
هیچ یەک ، ئەمە کوڕی
ئێوەیە ؟!

پیاوی لاو بە سەرسوڕماوییەوە
گوتی :

- "ڕوونە کە کوڕی منە
بۆ دەپرسی ؟

گوتم :

- "کوڕێکی جوانە کاکە
ناوی ... ناوی ئەم کوڕەی
ئێوە چییە ؟

پیاوی لاو کە زۆرتر سەری
سوڕمابوو گوتی :

- "هیوا ... ئیتر پرسیار-
ێکی دیتان ماوە ؟

گوتم :

- "ناوێکی جوانە .....
هیوا . ڕۆژێک ژنێک بە منی
گوت " هیوا " مزگێنی ژینە .

لەم کاتەدا ، "هیوا"
ناوی دایکی کرد و پیاوی
لاو گوتی :

- "دەبینی ئەم دوو
بستییە چ دایکە دایکێکێتی ؟
وەکوو شتێک دەڵێی لە
دەستی هەڵدێ .

لە کاتێکدا ماڵئاواییم
لەگەڵ دەکرد گوتم :

- "بەختەوەر بن کاکە ."

پیاوی لاو وەڵامی دامەوە :

- "لە بەختەوەریدا ،
هیچ شتێکمان کەم نییە ؟



بەیتی هەمزاغای مەنگوڕ ٤

ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی



سەید عەولا سەمەدی

دەقی بەیتی هەمزاغای مەنگوڕ :

خالق هەر ئەتۆی لەسەر
رەببی هەر ئەتۆی لەسەر
چی تۆ پێت بێ ئیرادە
رانابرن هیچ موقەددەر

سێ موقەدەرن بەسەر دێن
مردن و گوشتن و گرانی
لە موکوریان دوو حێل بوون
بەگزادە[43] قارەمانی[44]
یەکێك بوو لە بەگزادان
حەیفێ بۆ "عەلی خان"ی
بانگی خانبابای بکەن
لە (ئە)حمەد بەگی وەگێڕن
قادرئاغا[45] پێ بزانی
ئەو دەبیرێکی چاکە
گەورەی دێبۆکریانی
کاغەزێکن بۆ بنووسی
خزمەت پادشای ئێرانی

حاکمێکن بۆ بەرێ کا
چاك بێ، پێ بەهەرزانی*

پادشا تەگبیری دەکرد
شازادێکی[46] بانگ دەکرد
زۆر چاکی نسحەت دەکرد

43) حاج سیاح کە لە شعبانی ١٢٩٩ ی کۆچی(= مە ١٨٨٢) هاتۆتە سابلاغ لە بیرەوەریەکانی خۆیدادەنووسێ " سۆراغی وەزیری فواید(= امیرنظام گروسی)م گرت، گوتیان چۆتە ورمێ لای **ئەمیرنیزام عەلائوددولە** چونکە گۆیا شێخ عوبەیدپللا دیسان هاتووە بۆلای سنوور، ئەو دەم "**خوسرەوخان**"ی برای وەزیر بە ئەمانەت حوکمرانی سابلاغێ بوو." هەڵبەت هاتنەوە لای سنووری شێخ لە ساڵی ١٨٨٢ دا دەبێ دوای راکردنی ئەو لە زیندان بووبێ.
43) بروانە پەراوێزی 18.
44) لە عەشیرەتی دێبۆکرین. بۆیە وایان پێ دەڵێن چونکە لە ئەولادانی " قارەمان" ناو لە کوڕەکانی " بەیرەم ئاغا "ی دێبۆکرین.
45) بروانە پەراوێزی 9.   46) بروانە پەراوێزی 8.

بەو دیارە* و زەمزەمە — لە خواجا* بیداریان دا
بۆ سابلاغێی بەڕێ کرد — حاکم چۆ باڵەخانێ
دەبڕۆ و رامەمێنە — خڕڕەی زنجیران دەهات
خەڵکی تەفرەقە مەکە — فەراش گەینە پێشخانێ
مەخلووقی مەتۆقێنە — کاک هەمزە تۆماچی کە
دەسەر ئاغا وەتان کە — موقەسیری دیوانێ
حەمباراتان بشکێنە — دەلاقت دەکەم کۆتێ
بە قەتار و بە باران — دەملت دەکەم زەولانێ (٤٨)
لە بۆ سابلاغێی بێنە — لێرەشت لێ ناگەڕێم

حاکم هات و وای نەکرد — دەتنێرم بۆ تارانێ
دەس بە بێ نامووسی کرد — لەو هەمزاغای جووت غیرەت*
پیاوێکی وسێن ئاغای گرت — دەستی برد بۆ خەنجەرێ
ئەو بێ سووچ لووتی کون کرد — هەڵدەکێشی دەبانی*
وسێن ئاغا مودەبیر بوو — بە زەبرینگان* لێی دەدان
زۆر چاکی خزمەت دەکرد — زیرەی برد بۆ عاسمانی
کە چۆوە بۆ ماڵە خۆی — تەقە تەقی مارتینان*
لە حەیفی ئەو قسەی دەمرد — لە بڵەسەی دەشەشخانان
لە (ئە) غاوەتیان بوو غولوو — چرپان چرپان* پەیدا بوو
را و بێ رایان دەکرد — لە کووچە و لە دالانان
گەر ئەمە هەمزاغای نەگرین — هەمزاغا دەنەڕێنێ
ئەو وەلاتی خەرا کرد — دە تفەنگم لە بۆ بێنن
هەمزە مەردی کارخانێ (٤٧) — دەزرێ و دەمەرقوپانێ*
هیچ بەو کارەی نازانێ — دە ئەسپم لە بۆ بێنن
بە خۆ و بە قلیانداری* — مەتاڵ و حەیزەرانێ (٥٠)
دەهات لە بۆ دیوانێ — بە گەل وەدەر دەکەوتن

---

٤٧) پیاوی لێهاتوو، ساحیبی کاری گەورە و گران.

کافر وەستان لە سانێ
محەممەد پێ بزانێ
تێمان دەخا قرانێ
لێمان نادا وچانێ
لە بری مەردی کارخانی ـ بەیتی حەتەم ـ لە زاری مینەی مرادی

٤٨) " زاولانە، زولانە : بەندێکی ئاسنە کە لە مل یا دەست و لاقی زیندانی دەکەن، حەڵقە و زنجیرێکە ئەسپ و یەستری پی سندم دەکەن" ـ ـ فەرهەنگی عەمید ـ

ئەگەر هات گمیە دیوەخانێ
ئەسپی بەرنە ئێختە خانێ
وەملی کەن کوت و زەولانێ ـ بەیتی قوچ عوسمان ـ تحفەء مظفریە، ل ٦٣٢

٤٩) تفەنگی Marttini - Henrys

٥٠) هەمان " خێزران" ە و لێرەدا مەبەست لە رمب و نێزەیە. خێزران چۆرە قامیشێکی راست و بڵندە کە تاکوو بیست مێتریش بەرز دەبێتەوە. Bamboo

کادەڕۆیشی کوێستانێ (51)
دەچوون بۆ باغی قیبلەمێ (52)
لەوێ دەدران لە سانێ
هەمزاغا ئاوڕی داوە
حەمەد و سڵەمان کوانێ
حەیفێ لە بۆ حەمەدی
کوژراوە مەردی مەیدانێ
سێ تەلاقەی فڕێ دەدان
بە سێ جزمەی قورعانێ
لێرەشی لێ ناگەڕێم
دەیماڵم تا تارانێ

گۆنە خوێنم وەبیر دێن
وێ ساڵی سەربڕانێ
دەبێ بچمە نەهیریە*ی
بە سەنەد شێخی بێنم
لە بۆ عەجەم قڕانێ
ئەو دەمەی دەچۆ نەهەرەی
دەگەڵ وەردووی* شێخی هات
ئەو دەمەی شنۆی دەگرت

لە مامەشان بۆ غوڵ*وو
ڕا - و بێ* ڕایان دەکرد
حەمەد ئاغا سوار دەبوو

دەهات لە بۆ سابلاغێ
پرسی بە حاکمی دەکرد

ماشەڵڵا چەن (د) نادرم
بە تیپ و بە لەشکرم
پیاوێکی ساحەب نێوم

بە بێ ئەجەل نامرم
دەستم دەگەڵ بدەنێ*
ئەز ڕێیەی لێ دەگرم

مەجلیسی دا هەڵدایە
بەگزادە و قارەمانی
گەر ئەمە لەشکری بکەین
وەك دەوری نۆشیروانی
دەڵێن شێخی دەگەڵە
پاك تەلاقن دەکە*وێ
دەمرین بە بێ ئیمانی

حەمەد ئاغا سوار دەبوو
قەرەپەپاغی(53) گاز کرد
دەگەڵ وەردوی شێخی هات
تاجران خۆیان خەلاس کرد

لە هەمووی هەلات
وەخر بوو هەزار ملەت

---

٥١) کادەروێشی، مەبەست لە مەنگوڕەکانە، چونکە گۆیا بنەچەکەی مەنگوڕان دەچێتەوە سەر "کادەروێش" ناوێك.
٥٢) هەڵکەوتوو لە باشووری رۆژئاوایی شاری سابلاغ. واتە جێی پادگانی ئێستا.
** ئاشێرە بە کوژرانی باپیراغای مەنگوڕ و سوارەکانی یەتی کە بە پیلانێکی ناجوامێرانە هەموو لە شەوێك ناپیاوانە لە مەراغەدا سەریان بڕین و دوای ئەو مەنگوڕ بوون بە مێ وەجاغی.
٥٣) یانی کڵاورەش، چونکە لە پێستی بەرخ کڵاوی رەشیان لەسەر دەنا ئەو ناوەیان بەسەر دابڕا. بەر لەو ناوە عەشیرەتی **"بوزچلو"** یان پێ دەگوتن، چونکە دانیشتووی ناوچەیەکی ئەراك و هەمەدان بوون. کە ناوی ناوچەکە "بوزچلو" بوو. چونکە ئەم تایفە بوێر و شەڕکەر بوون شاکانی سەفەوی لە جێی خۆ هەڵیان کەندن و بۆ ڕاگرتنی گرجستان و بەربەرەکانی لەگەڵ تایفە غەوارەکانی ئەو دەور و بەرە هێنایانە گرجستان و نزیکەی دووسەد ساڵ لەوێ مانەوە.

تاکوو خولی هەوەڵی شەڕەکانی ئێران و رووس دەستی پێ کرد و ئێران شکا و بەپێی پەیمانی (گولستان) گرجستان بوو بە هی ڕووسیە، قەرەپەپاغەکان کە بۆ پاراستنی گرجستان لە ماڵ و هێلانەی خۆیان ئاوارە کرابوون ئیدی کارێکیان نەما و نەشیاندەویست لە ئێران هەڵبڕێن. ناچار زەوی و زاری خۆیان جێ هێشت و هاتنە ئەو دیوەی سنووری نوێ. تاکوو خولی دووهەمی شەڕەکانی ئێران و رووس دەستی پێ کرد و دیسان ئێران شکا و بە پێی پەیمانی (تورکمانچای) سنوور تەنگتر بۆوە و قەرەپەپاغەکان بە بێ ئەوەی لەجێی خۆیان ببزوون کەوتنە خاکی رووسیە. ناچار بۆ جاری دووهەم بارگە و بنەیان تێك نا و هاتنەوە ئێران. ئەو دەم "سندووس" بە ملکی هی عباس میرزای **نایبلسلطنە** بوو. عەباس میرزا لەساڵی **١٢٤٥** ی کۆچی (= **١٨٢٩**) قەرەپەپاغەکانی لە سندووس نیشتەجێ کرد و ئەو مەڵبەندەی بەوان بەخشی. قەرەپەپاغەکان خۆیان سوننی و شافیعی مەزەبن بەڵام سەرۆکەکانیان لەسەر مەزەبی "شیعەی اثنی عەشەری" ن - سرزمین زردشت - ل ٦٢

"خرناڵ"ە بەیتی دەکات
ئەگەر حاکم وای زانی
هیچ کەس لە سەری ناکات
دەس بەجێ حاکم هەڵات

با بدەین دەنگی لەشکرێ
دەبا بێن "رەمك" و "پیران"
"زەرزە" بێن بە نادری
"مەنگوڕ" و "مامەش" و "پیران"
"گەورك" بێنە لەشکری
حێلی "فەیزوڵڵا بەگێ
"بەگزادە" و "دێبۆکری"
ئەوها دەڵێ کاك هەمزە
پاك* کاغەزم بدەنێ

سەبەب بە سبحەی رۆژێ
کەس خەتای کەس نەگرێ
شێخ داوای مولکی دەکا
تا تەورێزی دەگرێ

تا تەورێزم ئی ویە
یەکیك وا لە شارییە
ئەو برای تاجر باشی یە
حوجرەی نەکرد خۆرایی یە
دەڵێ ئەو ئالایەی بە شێخی یە
سابلاغیان دروست کردییە

لە لرفە لرفی ئالایە
تەماحە ماڵی دنیایە
زۆر بترسێن لە دوایە
پێن وەگێڕن ئەو قەزایە*

هەمزاغا سوار دەبوو
دە نۆکەران دەفکری*
دە کوڕە بدەن لە تەپڵی
دەگەڵ سبحەینێ تاو دەنگووت*
دەورەی میاندواوێ دەگری

هەمزاغا دەنەڕڕێنی
سلیم خانی چەر داور و
وەك پۆڕێ(54) دەچرێکێنی
دەگەڵ تفەنگی دەیهاویشت
لە خاڵی شێخی دەدا
لە زینی دەترازێنی*
وەك جەلاب* دەبڕێ سەری
وەك هەڵۆی دەرفێنی

فەسڵێکی وا قەڵماوە
هەندێك لە پیاوی شێخی
کاڵەمونی" یان(55) ناوە
جوابیان دێنا بۆ شێخی
یا شێخ خاڵت گوژراوە

شێخ ئەوە گوێی خۆی لێیە
پیاوێکی خوێندەوارە
هەم مەلایە و فەقی یە
دەبڕۆن لەو قسەی گەڕێن
چبکەم کاری خودێ یە
دەبڕۆن! رەدوای* کەون
بزانن مەنزڵی لەکوێیە
ئاوری بەردەنە شاری
بێت بە رۆژی حەشرێیە

تەقەتەقی مارتینان

---

54) ناوی باڵندەیەکە، کە لە ئورووپا دا لە جەزیرەی سیسیل و لە ئێران دا لە "جیرفت" ی کرمان و "ئەستراباد" و "دەشتی مۆغان" و "باشووری ئێران" و هەروەها لە "رۆژئاوای ئێران بەتایبەت لە کوردستان دەست دەکەوێ. بە کوردی: "زرەکەو، زیوەکەو، پوور، و بە فارسی "پور، تراج، کبك کر، جرب، هەندێکیش (مرغ حسین کشته شد)ی پێ دەڵێن." و بە عەرەبی "دراج و حیقطان"ە Francolin

ڕەنگ ڕەنگ پەپولە ئەفری زەلا و زەل
گاکناچەی پۆڕ، گا جریوەی مەل - گۆران - گەشت لە قەرەداغ

55) دروستەکەی "کالە موینە"یە، بەمانای "کالە"یەکی کە لە مووی بزن دروست کرابێ. لەناو کوردان دا زۆرتر کالە لە چەرم ساز کراوە جگە لە بادینی یەکان کە جۆرە کالەیەکیان دروست دەکرد لە موو، بەتایبەت بارزانیەکان، جا سەبارەت بەوە "کالە موینە" یان پێ دەگوتن.

کالەی مووین هەڵدە بەستێ
کێ هەیە ئەو پێی نەوەستێ - هەژار - بۆ کوردستان

له بلّەسەی دەشەشخانان
چرپان چرپان پەیدا بوو
له کووچە و له دالانان
مندالّ و خێزان قووریان [٥٦]
دەپەڕینە سەربانان
چەندیان عەجەم دەکوشتن
لەسەر باغ و بێستانان
دە دەڕێنن کلیلان
دە بشکێنن دووکانان
ئەتلەس و کیمخوا [٥٧] و خارا
بۆ گاوان و شوانان

بۆ گاوان و شوانی
لەو حەمەدئاغای مامەش
چەن پیاوێکی زۆر زانی
دەگەلّ عەجەمان یێکە
بە مەنگوڕان غەیانی
لای بناوێی لێ دەگرتن
بەری بەڕەلّا کردن
خەلاسی کردنی کرمانی [٥٨]
میاندواویش تالان دەکرا
دەگەلّ بەری بەیانی

ئەو تالان و مالّی هات
پاکی تاقەت کراوە
یەکێک لە دێبۆکریان
مینەی قادراغای [٥٩] ناوە
لە بنەبنەی سەهەندی
تالان و مالّ گێڕاوە

بەوەش رازی نەدەبوو
بەو حەڕابەی کێشاوە
نایب و مودەبیران
لە تێلگرافیستان داوە

سەلام لە شای ئێرانی
خەراپن لێ قەلّماوە
ئەو ڕەژی فرۆشی گەورکی
پاکی هاتۆ لەو لاوە
ئەو سەردەشتی وا دیوتە
مالّ بە مالّی سووتاوە
ئەو عەجەمی میاندواوێ
بە سێک بەریش نەماوە [٦٠]

شا دەلێ: ئەهوا* ناکەم
بە قسەی (ئە)نگو بڕوا ناکەم
ولاتی خۆم خەرا ناکەم

لەو شێخەکەی چاومەستە
سبحەینێ لە خەو هەستا

لەو شێخەکەی دەچاومەست
کە تفەنگی گرتبوو بەدەست
بانگی هەمزەی کرد لەقەست

هەمزە بلند بوو لە ناوێ
لە بریقەی زریە و قەتلاوێ [٦١]
ئەوچەل دەچمە سەر بناوی

هەمزاغا سوار دەبوو
سوارەی برازای کەوتە دوو

هەمزە دەلێ برازا
دەمانچەی پشتێم سازە
لێی دەراوە بەرازە

هەمزاغا خۆ دەخێوی*
سەرتاپە خۆی دەبزێوی
رمبی لێ کردون بەگەز
خسارا و کیمخوا دەپێوی

* * *

درێژەی هەیە

---

٥٦) قووراندن
موغبەت لەوێ دەرپەڕی
وەك گورگی لە نێو مەڕی
وەك کەرەنای دەزەڕی
وەك مانگایە دەقووڕێ

پاشماوەی پەراوێز
-بەیتی حەتەم- لە زاری مینەی مرادی لە لاپەڕەی ٤٥



عومەر فارووقی



حاجی میرزا عەولا غەرقی

مەلبەندی شاخاوی و سەرسەوزی سەقز بە درێژایی مێژووی پڕ لە شانازی خۆی پەروەردگای شاعیران و هەستیارانی گەورە و ناودار و خواناسی کوردستان بووە و ئەم ناوچە جوان و پڕ گوڵ و مێرگ و هەوارگە و کەند و تەلانە وەکوو ناوەندی یەکتاپەرستی ونیشتمانپەروەری بۆتە هێلانەی دەیان بولبولی خۆش ئاواز کە بە کەلام و نووسینی دڵڕفێن و جوانی خۆیان باغی ژیانیان رازاندۆتەوە و خزمەتی فەرهەنگ و ئەدەب وئایینی خۆیان کردووە ٠

یەکێ لەو شاعیر و هەستیارە گەورانەی شاری سەقز کە بەداخەوە بە هۆی ناکۆکی ژیانی سەردەمی خۆی ئاوارە و پەڕیوەی دوور وڵات بووە خوالێخۆشبوو و " حاجی میرزا عەولای غەڕقی سەقزی یە " ٠

عەولا کوڕی حاجی حەبیب ساڵی ۱۲۹۹ی کۆچی مانگی لە شاری سەقز هاتۆتە جیهان و بە داب‌و یاسای کۆمەڵ نێردراوەتە حوجرەی فەقێیان و دەستی بە خوێندن کردووە و پاش تەواوکردنی دەرس بۆ هەڵسووڕانی کاروباری ژیانی خۆی و بنەماڵەی بوو بە خەیات و تا ساڵی ۱۳۰۸ ی هەتاوی کە حکوومەتی رەزا خان بە پێی بڕیاری خۆی جل وبەرگی نەتەوایەتی لەبەر خەڵکی ئێران دەرهێنا و شەپکە و جل و بەرگی فەرەنگی کردە لیباسی هەموو خەڵکی ئێران ٠ مەرحوومی غەڕقی بە دیتنی ئەم کارە ساتە سەبرو قەراری لێ بڕا و لەبەر ئەوەی سەر بۆ ئەم

کارەساتە نالەیارەدانە خاوجل و بەرگی نەتەوایەتی خۆی بە زۆر نەدا بە دەستی ئەمنیە و ژاندارمەکانی رەزا خان، سەقزی بە جێ هێشت و بەرەو شاری قارەمانپەروەری سولەیمانی لە کوردستانی ئەودیو چوو و هەر لەو شارە دووکانی خەیاتی دانا و سەرئەنجام لە تەمەنی هەشتاو یەك ساڵیدا هەر لە شاری سولەیمانی کۆچی دوایی کرد و لە گۆڕستانی گردی "سەیوان" کە بۆتە لانکەی ئاخیرەتی سەدان زانا و پسپۆڕ و شاعیری کورد نێژراوە ·

خوالێخۆشبوو میرزا عەولای غەڕقی بە هەر دو و زمانی فارسی وکوردی شێعری داناوە و لە ماوەی ژیانی خۆیدا بە وێنەی شاعیرێکی بە هەست و نیشتمانپەروەر لەگەڵ چاپەمەنیەکان و گۆڤارە کوردیەکانی سولەیمانیدا هاوکاری کردووە و شێعرەکانی لە چاپ داوە ·

لە کۆتایی ئەم باسەدا هاوڕێ لەگەڵ رێز و سڵاو بۆ رووحی پاکی ئەو هەستیارە تێکۆشەرە شێعرێکی ئەو کە لە کاتی خۆیدا لە گۆڤاری هەتاودا چاپ کراوە پێشکەش دەکەین، دیارە ئەم شێعرە یەکجار بەرز وسەرنج راکێشە و ئاکامی ژیان بە جوانی پێشان ئەدا کە هیچ لەم دونیادا بەکار نایە مەگەر ئیمان و باوەڕ و بڕوا و رەحمی یەزدانی بێ هاوتا·

قەترە قەترە ئارەقی خجڵەت بە رووما هاتە خوار
ئینتیزاری مورغی رووحم کەی لە قالب دێتە خوار

ئەشکی چاوم جۆشی هێنا، نەوعی سێڵاوی بەهار
سی و دوو گەوهەر کە مەشهوورن لە نێو دەمدا بە دیان

لەشکری غەم وا هوجوومی کردە سەر قەلعەی دڵم
یەك بە گاز و یەك بە بێ گاز، دەرچوون لە نێو دەم جاربەجار

شاهی شادیم قووەتی دەفعی نەما، کردی فیرار
لەززەتی خواردن نەما بۆم، سوستی ئەعزا هاتە پێش

غەم لەکن عالەم هەمیشە خۆ نیە، ئیللا لەکن
بێ کەس و بێ قووە ماوم، دڵ حەزین و کەفتەکار

ئەمنی بەدبەخت، هێندە زۆرە، نایەتە عیدە و شومار
کوڕ بە من چی، کچ بە من چی، ئەقرەبا و خزم و برا

میحنەت و دەرد و ئەلەم هێند زۆرە باسی ناکرێ
هیچ کەس نایێ بڵێ پێم، چۆنە حاڵت دەردەدار

بەحسی دەردی خۆم بکەم، بۆم دێنە گریان زاری زار
یارەبی هەرچی ئەمانەت بوو هەمووت لێ سەندمەوە

نووری چاو تاریك و گوێ کەڕبوون، نەما قووەی سەماع
بۆ حەساب بمکە بە خاتر رووحی پاکی هەشت و چوار

دەس بە گۆچان و عەسا، بۆ هات و چوونی ژوور و خوار
غەرقی ئومێدی نیە ئیللا بە عەفووی زولجەلال

دەردی پشت، ئێشانی ئەژنۆ، عیجزی مل، زەعفی بەدەن
"رَبِّي فَاغْفِرْلي ذنوبي نَجِّني مِنْ حَرِّ نَارْ"



تۆف و بەند



"سۆران" حەسەن سەلاح ●

بەیانی رۆژیکی نێوە راست مانگی زستان بوو، ئەگە ر تفت هەڵ هاویشتایە دەیبەست، ئاشەوانی مەزنی سوروشت لە کەویژی خڕی ئاشی گەردوونەوە بەفر و کەرەسیەی دەبێژا خوارەوە ، دە تگوت زستانی پیر لە داخی لە دەست چوونی سەردەمی دڵگەشێنی لاوی ، لە ئاسمانی تنووکەوە فرمێسکی بەفرین دەرژێنێ و هێندەی ئەسرینی سپی لە چاو هاتبوو ، کە ردێن و بەر پێی وەك چۆڕی شیر سپی ببوو، هەر لەم کاتەش دا ، سوروشتە پیرە چاوی بەم ردێنە سپیەی خۆی دەکەوت و پتر کوڵی گریانی هەڵ دەستا و سەری بە هەنیسکی بادەوەوە، هەڵ دەکەندرا و بڕبەندی بارن وەها جیها نی سپیلکەی رێك و پێك و ساف و لووس کردبوو ، کە هەتا چاو هەتەرەی دەکرد ، دەور و بەری دیێ " کێوە رە ش " لە حێ خێڵی پەریان دەچوو.

رەشە بای ملهوڕ خونکاری شەقام و دارۆغەی کۆڵانەکان بوو و بە هاژەی بێ و چا نی، پەیتاپەیتا زەنگی بێدەنگی لێ دەدا و هەر کەس وەك ماستی مەیو گوێی بۆ شل نەکردایە ، وەها بە قەمچی تیژ ی کزەی خۆی لەشی دارکاری دەکرد ، کە پێستی ئەندامی وەك بیبار دەیسوڵاندەوە.

ئاشێکی ئاوی کۆن ، لەو بەر شیواوە خونچیلانەکەی تەنیشت ئاوایی بوو، کە لە نێو تاریکی کرێوە و بۆران دا وەها نوقسم ببوو کە دەتکوت چاوشارۆکی دەکا . سەر دۆڵانی ئاشەکە وەها بەستبووی،کە چۆڕاوەی ئاوی دوێنێ نێوەرۆ، چەشنی شمشیر و نێزەی جۆر بە جۆر ، جەرگی دابو و لە دوورڕا لە چەکی بلوورین دەچوون زەموڕەك، چەقەنە و تەوەرەی ئاشەکە ،گشتیان بە تۆرموزی سەهۆڵێنی مام شەختە رەق راوەستا بوون و بێجگە لە تینی بە تینی خوشکە هەتاو ، هیچ هێزێ نەیدە توانی دەستو پێیان بکاتەوە ، کە ئەویش لە پشت چارشێوی فەڵای سپی هەورە وە ، بە شەرمەوە وەها خۆی شاردبۆ وە ، کە هەستو خوستی نەبوو ، دەتگوت بە هار خوازبێنی کەریەتی و خەڵکی دیێ کێوەرەش ی ناردوە تە کن سوروشت، کە لە جەژنی نەورۆزدا لە گەڵ هەتاو شایی بکەن.

چۆمە پەنگە جوانەکەی بە ر دەمی دێ ، کە لە بەهار دا بەکووزەڵەی ساوا و پنگەی شەو نوێن وەکوو بووك رازا بۆ وە و زۆر جار بە تەوسەوە پێیان دەگوت " چۆمە زێرینە " ، وەهای جەردابوو و خسوی شاردبۆ وە ، کە هیچ کەس نەیدەتوانی لە کوێیە ، جاری وا بوو دەمگوت لە ترسی تۆف و بەند لە سەر تەختی خیزەڵانی لە مێژینەی خۆی نووستوە و لێفەی ئەستوور و گەرمی سپی بەفری بە سەر خۆی دا داوەو رووبەرگی سەهۆڵیشی بە سەر کێشاوە . لە بیرمە ، کە چەند جار کاك نەبەزی جیرانمان ، بە سواری ئەسپە رەش ، بە پڕتاو بە سەریدا تێ پەڕی ، بە لام هێندە لێفەکە ئەستووربوو و ئەوەندە خەوی خۆش بوو، کە تەنانەت جووڵەی نەهات .

پەلەوەرەکان هەموویان کەسیرە کەوتبوون لە ژێر قەمچی تۆفانی شەختەدا ، جگە لە باڵ و پەڕی خۆیان ، داڵدە و پەنایەکی دیکەیان نەبوو ، لە بەر ئەمە وەها خۆیان کۆ کردبۆ وە و پەنایان بۆ لەشی خۆیان بردیوو ، کە گرژ ببوو ن دەتگوت چوونە تە نێو زگی خۆیانەوە . لە گەل ئەمەش دا منداڵی قۆشمەی دیێ کێوە رەش تەپکەیان لی دەنانەوە.

هەمەوەند



تەنزی کۆمەڵایەتی

هەزار تمەن!!

تازە گەیشتبوومەوە ئیدارە وپەروەندە یەکم کردبۆوە کە کاری لە سەربکەم و دووسێ ئیرادی چکۆڵەی لێ بگرم وشەش حەوت مانگی دیکەی وەدواخەم کە لە نەکاو هەمەوەندی هاوکارم بەهەرەمە* وەژوورکەوت وبەخۆشحاڵیەکی چاوەڕوان نەکراوە وەگوتی :

- کاکە باس مزگێنی!مزگێنی ! جارێ ئەم پەروەندەیە لابەو گوێ بدە من. نازانی چم کردووە! نان! ئاو! ناوبانگ! پوول! ڕێز و حورمەت! هەمووم دەست خستووە! ئەگەر هاوکاریم بکەی بەشی تۆشی تێدایە!.

ئەوە یەکەم جار نەبوو کە ئەو تەرزە قسانەم لێ دەبیست بێ ئەوەی سەرهەڵبڕم گوتم:

- لێم گەڕێ کاری موسوڵمانان ئەنجام بدەم. کابرا سبەینێ دێ یەخەم دەگرێ و پەروەندکەی دەوێ .

ئەوەندەم دی خۆی گەیاندە میزەکەم وپەروەندەی لەبەردەستم فڕاند وتووڕی هەڵدا نێو سەتڵی ئەشغاڵ و تێم ڕاخوڕی .

- ئاخر مەردی حیسابی سی ساڵە خەریکی ئەوکارەی چت بە چ کرد؟ بۆئەومێشکە ڕزیوەت دەکارناکەی و فکرێکی بۆخۆت وماڵ و منداڵت ناکەیەوە؟.

خەریک بوو زۆری درێژە پێبدا ناچار سەرم هەڵبڕی و گوتم :

- دیسان چ خەبەرە،دیسان خەونی خۆشت دیوە؟ چەندت پێ بلێم شەوانە کەم بخۆ! بە مۆڕە وەگوتی :

- خەونی چی ؟ خەیاڵی چی . ڕاستی ڕاستە، وهیچ شکت نەبێ !

- باشە چ قەوماوە؟ تۆدۆینێ دەگریای و دەتگوت سەگ ونان قەرزداری وهیچ دەراوی روون شک نابەی . چۆنە والە نەکاو بە پووڵ وسامان وناوبانگ وڕێز و حورمەت گەیشتی . چۆن بە شەوێك بوویە ڕاکفلێر؟

- کاکە گیان بە فکر، بەعەقڵ، تۆپێت وایە ئەوانەی لە من و تۆ پێش دەکەون چیان لە ئێمە زیاترە؟ ها؟ هیچ! تەنیا ئەوەندەیە ئەوان بە عەقڵ و فکر کاردەکەن و دە ژیاندا سەر دەکەون. من وتۆش دەی بنووسە : عەتف بە نامەی ژمارە .... دەی بنووسە پەیرەوی نامەی ژمارە فلان. هەرلە جێی خۆمانین وبەشمان هەردوو نانەکەیە و کاسە دۆیەکە. بەو میزە شکاوەوە نووساوین. مێشکمان دەنێو کە شەوەکەی دایە و بێجگە لەم میزو لەم وەتاغە هیچ جێگایەك نابینین.

- نەخێر دیسان بوو بە فەلسەفەو سەفسەتە! لە سەری مەڕۆ بلێ بزانم چۆن بە شەوێك بوویە قارون؟!

- بە کتێب نووسین!

خۆم پێ ڕانەگیرا .قاقایەکەم بە سەر داکێشا کە دەنگی گەیشتە کووچە! ئەو پێکەنینەی کە تێکەڵاوێکە لە تووڕەیی و شێتی ومەسخەرە کردن. ناحەقم نەبوو. ئاخر کام کتێب نووس ونووسەر نانی شەویان هەیە تا هەمەوەندی گێل وحۆل پێی دەوڵەمەند بێ وبە نان وئاو بگا! هەروا کە پێدەکەنیم ئەو فکرانەشم بەزەینیدا رادەبرد. پاش ئەوەی هاتمەوە سەرەخۆ و پێکەنینم تەواوبوو. غەم و پەژارەیەکی ریشە دار بە سەر هەموو گیان ولەشم دا زاڵ بوو! رووم دە هاوکاری خۆشەویست کرد و گوتم :

- دە بووری ئاواپێکەنیم بەخۆم نەبوو، فەرموو بزانم چ نەخشەیەکت دەسەردایە. لە سەرەخۆ ،بەوردی گوتی :

- دوێ شەوێ کتێبێکم دەخوێندەوە بە ناوی" شاعران پارسی گوی کرد"(ئەوشاعیرە کوردانەی شێعریان بە فارسی گوتووە) . خەریکم منیش دەوبەستێنەدا کتێب بنووسم تەلە فۆنم لە " ناشر " ێك

کردووه و بە لێنی داوە هەرچی بنووسم بۆم چاپ بکا. تەنانەت ئەورۆ قەرارە پوولێکیشم پێشەکی بداتێ. پەنجا هەزار تمەن! پێت چۆنە؟

لە خۆشیان پڕم پێداگرت* ونێو چاوانیم ماچ کرد وگوتم:

- مبارەکە! لێت پیرۆزبێ!

بەلام پرسیارێك بۆمن هاتۆتە پێش، نازانم چۆنی لێك دەمەوە.

- فەرموو بپرسە، جوابت دەدەمەوە. چ پرسیارێك؟

- ئاخر من وتۆ سی ساڵە دۆستین. هیچمان لێك نەشاردۆتەوە. من وتۆی بێسەواد چۆن دەتوانین کتێب بنووسین؟ ئەوانەی کتێب دەنووسن تەواوی عومری خۆیان بۆ ئەوکارە تەرخان دەکەن. هەمووی دەلێی دەریان. هەر شەپۆلان دەدەن. هێندەی کتێب بخوێننەوە نیوەیان کوێربوون و...

نەیهێشت قسەکانم بە تەواوی بکەم. هەلیدایە وگوتی:

- کاکە گیان ئەوکارەی من دەیکەم سەواد مەوادی پێناوێ. کارەکە یەکی دیکە کردوویەتی من تەنیا لەرووی کاری ئەوان دەنووسمەوە.

- شتی واچۆن دەبێ، ئەوکارە لێکۆلینەوە و تەحقیقی دەوێ بۆ تەوهین بە توێژکاران دەکەی.

بەوکارە نالێن تەحقیق یا لێکۆلینەوە من ناوم ناوە دۆزینەوە و کۆ کردنەوە. کابرایەك هاتووە دیوانی نالی بە هەزار زەحمەت بلاوکردۆتەوە کە مەسەلەن چەند شێعرێکی فارسی وعەرەبی و تورکیشی تێدایە. ئەمن دەچم شەرحی حالی نالی وئەوچەند شێعرە فارسی یە بێ دەست لێدان لە رووی دیوانەکە دەنووسمەوە پاشان دەچمە زگ دیوانی مەحوی وجزیری وخانی و حەریق ومەولەوی وکێ وکێ، بە مجۆرە کتێبێك کۆ دەکەمەوە و بلاوی دەکەمەوە. هەم نانی تێدا هەم ناو!

- باشە ئەوە کتێبێکت بەو چەشنە نووسی چەندی تێدایە. دوایە چ دەکەی؟

- کێ دەلێ کتێبێك؟ دەیان کتێبی وا دە توانم بنووسم.

- مەسەلەن؟

- مەسەلەن دە توانم لە ژێر ئەم سەردێڕانە دا سەت کتێب بنووسم:

«شاعران عربی گوی کرد» شاعران کردی گوی عرب، شاعران ترکی گوی کرد، شاعران فارسی و ترکی گوی کرد. شاعران ترکی و فارسی وعربی گوی کرد. شاعران کودی کە هیچ کردی نگفتەاند!!

شاعران کردیکە نمیتوانند بزبان کردی صحبت کنند!! شاعران کردیکە نمیدانندکردهستند! شاعران انگلیسی گوی کرد!!

- ئیتر ئەوە بێ ئینسافییە تائێستا کام شاعیری کوردبە ئینگلیسی شێعری هۆندۆتەوە.

- پێویست ناکا، بۆ ئەم مەبەستە دیوانی مەحوی ونالی وخانی وئەوکلاسیکە بە ناوبانگانە بکەیە سەرچاوە! دەتوانی بەو لاوانە بێژی چەند شێعریك بلێن وهێندێکی ئای لاویو دارلینگ وبێبی و مێ بی تێخەن وتەواوە!

دیسان خۆم پی رانەگیرا شالاوم* بۆبرد و دە باوەشم گرت وماچم کرد. زانیم ئەوجار چاکی بۆ چووە ورێگەی نان وئاو دەست خستنی دۆزیوەتەوە! ئامادەگی خۆم بۆ هاوکاری دەربڕی ولەودەمەدا پێشخزمەت دووچای لە بەر دەم دانایین. پاش چا خواردنەوە گوتی:

- راستی کاکە باس دەزانی بۆ ئەوەی کتێبەکانیش بە گران بفرۆشین چ دەکەین؟

- هیچ بیرم لێ نەکردۆتەوە. گران فرۆشی قەدەغەیە. وەك دزی وایە.

- ئەوانە قسەی ئیدارەن. بەلێ بە قسە قەدەغەیە بەلام بە کردەوە حەلالە وپوولەکەش لە شیری دایك حەلالترە!


باشە چۆن کتێب بە گران دەفرۆشی.

- دەگەل کتێب فرۆشەکان رێك کەوتووم رۆژی یەکەم کە کتێب بلاوبۆوە دە پازدە دانە بە قیمەتی سەربەرگ دەفرۆشن. رۆژی دوایی بە موشتەری دەلێن تەواو بوو. رۆژەکانی دیکە کە موشتەری بە ئیشتیا بۆکتێب کڕین دێ پێی دەلێن.

تەنیا ئەوجلدە مانماوە! ئەویش ئەمانەتە وخاوەنەکەی دەلێ:

- هەزارتمەن!!

مامۆستا
سەید تاهیر
هاشمی



تیشکی پڕ تینی هەتاوی گیان بەخش
لە کەلی پڕ پەلی ئێمە ئەنگووت
پڕشە و ورشە و پڕشنگ و درەخش
لە گەڵ ئەو تیشکە جوانە بوون جووت
زەردەیێ کەوتە چیا
لە خەوی بێ سەر و سامانی ولێ کەوتن و رەنج
پەنجەیی روونی لە تاریکەیی سینە
کردبە شەمعی شەوی شادی وە
خۆری خستە نساران

* * *

دڵەکەی قوژبنەکەی سینە مەکان
تۆزی چەند ساڵە ئەسەر نوێن نیشتوو
کەس و ناکەس بە درێژایی زەمان
رقی بێ سووچ بە سەر دا رشتوو
لە خەوێ راچەنیا

* * *

هێزی لـــــەش دیتنی چاو ، تالعی بێ لارە و لەنج
پاك و رزگار لە ســزاو سۆنگ و لە کینە
نە لە سەر باری جەفا ئاخ
نە لە دڵ چوو زەیی خاران

* * *

رۆیی و سەیری چیا و دەشتی کرد
بیستی قاسپەی کەووسوێسکی کێوان
هاتە نێو شار و کەمێ گەشتی کرد
کەوتە خۆشی و سەما

* * *

و تــی نەگبەت کە نەما ، حاسڵی رەنجی منە گەنج
عەقڵ و بازووی بە هێز مایەی ژینە
بێ خوتە و بۆ لە و سەخڵەت
هەر وەکوو ژینی هەژاران

* * *

شێعری خاوەن هونەرە تیشکی هەتاو
بە هەوای لالە و ریحان دەڕوێ
شەونمی تەبعی دەپرژێنێ ئاو
لە گوڵ و بولبولی باغان دەدوێ
بە نەواو بە هەوا

* * *

گوێ دەبیســێ دڵ وەرێ دەگرێ بـە سەد عشوە و غەنج*
بووکی دیمەن جلەکەی قرمز و شینە
گەشەیی دادەستــم قەرحە*
لە دەس بادی بەهاران

* * *

خاوەنی ئەم نەفەسە کێ یە کەوا
هۆی شادی دڵ و ژینی بەدەنە
بە نەوا خێڵی خەفەت بەر دەس ئەکا
زۆربە هێمن تەرەبی گیان و تەنە
لە تەمەن تاڵی ئەبا

* * *

رووی هێنایەوە رەنگ ، خستیە موولوول و شکەنج
ناسکی و بێنی خۆشی کــەم بە جیهان وێنە
تار و مارە لە نەوای دەرد
وە بە لای کۆمەڵی یاران

* * *

ملم وتی!

شێرکۆ بێکەس

ملم وتی :
زۆر دوور نیە ٠٠٠ هەر پێریێ بوو
لەگەڵ پەتی سێدارەدا راهاتم و
ئاوام لێ هات ٠٠٠
بەرلەوەی ئەو شۆر بێتەوە
من لەپێش دا رام ئەکێشا و یەخەم ئەگرت
من لەپێش دا خۆم هەڵئەدا
ئەچوومە ناو ئەڵقەیەوە
تا وای لێهات
رۆژ لەدوای رۆژ
ژووری ئیعدامم هەر وەکوو گورگێکی دڕ
دەستەمۆ کرد
تا وای لێهات وەك وەردییانّ*
پەت بێزار بوو
وەك پۆلیسی دوای نیوەشەو
پەت شەکەت بوو
تا وای لێهات بەرە بەرە
ئەو لەپێش مندا دەنوست و
شەودرەنگان
من ئەچوومە سەردارەکەی هەڵم ئەسان
ئەموت : وەرە !
زۆر دوور نیە ٠٠ هەر پێریێ بوو
لەپێشدا ئازار کێردێکی
زۆر دەم تیژ بوو
لەبەر دەستیان کەروێشك بووم و ئەمزریکان
لە دواییشدا وردە وردە
بە خوێنی خۆم کولم کرد و
ئینجا من خستمە باوێشك دان
بۆ ناونیشان :
ئەوە هەموو ژێرزەمین و قاوشێکی* "ئەبووغەریب"
ئەوە هەموو سەردابێکی توونیێ* بابای
بە غدای تاوان
لەوەیش زیاتر
ئەوە مووسل و گردی ورەی کەڵ ملەکانّ*!
زەویم وتی :
زۆر نزیکە هەر دوێنێ بوو
لەگەڵ ناڵە و گرمەی رەشی
ناپاڵم‌دا راهاتم و
وەکوو نەهەنگی برسێتی ی
وەکوو بێرونی تینوێتی
سامی ئەو دێوەشم شکان!
ئەوەیش منم
ئەوە ٠٠٠٠٠ دەنگم
ئەوە ٠٠٠٠٠ رەنگم
ئەوە ٠٠٠٠٠ باڵای دەنگ و باسم
ئەوە ٠٠٠٠٠ گوێچکەی سووکی شاخم
تەماشام کە :
نە گوێی دارستانم کەڕ بوو
نە رووبارم زراوی چوو
نە سەنگەرم لەرز گرتی
لە دواییشدا
لاشەی بۆمبا
بۆ منداڵانی زۆر گوندی بێ خەندەی من
بوون بە ئەسپی گەمە و یاری
مێژووم ئەڵێ
بۆ ئەمرۆکەیش
لەگەڵ ئەم ژەهرەدا رادێم
رادێم ٠٠٠٠ رادێم
وەکوو ئاسمان و وەك چیا
هەوا ٠٠٠ منم
ئەو لەمندا ئەتوێتەوە
چەند بێچ بخوات و سەرکەوێ
چنگی ناگاتە گەردنم
کە گوڵێکم هەڵئەوەرێ
گوڵێکی نزم ئەپشکوێ
ژێ یەکی دەنگم ئەپچڕێ
ژێ یەکی تر ئەبەستمەوە
وەکوو پێریێ و دوێنێ و ئێستە
گفتێکە* و داومە بە گوڵ و
بە منداڵ و بەو بەفری خۆشەویستی یە
ئەوەی لەگەڵیا رانەیەم
قەت رانەیەم ٠٠٠ رامنە هێنێ و ٠٠٠ قەت رانەیەم
هەر یەك شتە
ئەویش تەنیا ژێردەستی یە !!!

ئێمە و خوێنەر

بۆکان : سەلاحەدین عوسمانی

نامە پڕهەست وجوانەکەتمان پێکەیشت لە وهەموو هەستە پاکەت سپاس دەکەین. ئێمە تائێستا (تعشیر)مان نەبیستووە. (تخمیس) مان هەیە بەلام لە (تعشیر) هەوالێکمان پێ نەگەیوە تەخمیسەکەی ئەحمەد هەردی لە سەر شێعری شەوی شێخ نووری سالحمان بە لاوە هەیە . سەرکەوتووبی.

سەقز : کاك ئەبووبەکر

نووسیوتە بۆ دە سروەدا بەسەرهاتی موسولمانی واقیعی نانووسن؟! وە لامی ئەوپرسیارە ئەوەیە تائێستا بەسەرهاتی زۆرپێغەمبەر وپیاوی ئائینی گەورە و شاعیری بەناوبانگ ومەلای زانامان بلاوکردۆتەوە کە هەموویان موسولمانی واقیعین! تکایە بۆمان روون کەوە مەبەست لە موسولمانی واقیعی کێ یە؟ دە هەموو ژمارەکانی سروەدا موناجات و وتاری ئائینی هەیە وکە متر کۆواری ئەدەبی وفەرهەنگی تائێستا کاری ئاوایان کردووە.

دە پرسیاری سێهەمدا نووسیوتە ئایا خەیام موسولمان بووە یاخێر؟ بەلێ خەیام موسولمان بووە وشك دە وە دانیە. ئەو شێعرەی دەربارەی بەهار ناردووتە نەگەیوەتە پلەی تەواو، بەلام هەستی شاعیرانەت هەیە وبە تێکۆشان دەتوانی شێعری باشتر بلێی.

پیرانشار، گوندی شیلمجاران، حوجرەی فەقێیان :محەممەد محەممەد زادە.

برای بەڕێز خۆشحالین کە لە رێگەی سروەوە فێری کوردی بووی. لە باسە ئائینی یەکانی سروە کەلك وەرگرە. بەداخەوە ماموستا ئائینی یەکان لە ناردنی وتاردا هێندێك کۆتایی دەکەن . بە ماموستاکانت بفەرموو باسی پێغەمبەری ئیسلام (د.خ) وخولەفای راشدین بنێرن تا بلاوی کەینەوە. بۆباسی جوغرافیائی وتارمان زۆربۆدێ، کە بەداخەوە زۆربەیان تەواو نین. تائێستاش کەس جوغرافیای پیرانشاری بۆ نەناردووین تا بلاوی کەینەوە. لە وپەندانەی کە بۆت ناردووین بە کاتی خۆی کەلك وەر دەگرین.

بۆکان: لوقمان نەجاڕی

برای بەڕێز. نامە وشێعرە بەهارینەکەت پاش تێپەڕبوونی مانگی یەکەم و دووهەمی بەهار بە دەستمان گەیشت کە وابوو شێعرەکەت بۆ بەهاری ۶۸ رادەگرین ئەگەر شیاوی چاپ بوو بلاو دەکرێتەوە. ئەوجار پێشنیارت کردووە کە لە جێگای داستان و چیرۆك گێر و گرفتی مەدرەسە وقوتابی یەکان باس بکەین ورێنوینی یان بکەین، چۆن دەرس بخوێنن وچ بکەن وچ نەکەن. دیسان ویستووتە باسی دژایەتی وناکۆکی نێو بنەماڵە وئەو شوێنەی لە سەر مندالی دادەنێ بکەین.

وەلام ئەوەیە لە سەر ئەوەش را کە کۆواری سروە فەرهەنگی - ئەدەبی یە باسی گیروگرفتی ناومال وکۆمەل دەکا و زۆرلایەنی ژیان دەخاتە ژێرباس ولێکۆلینەوە. چیرۆك وداستان دە وکۆوارەدا پێویستە زۆرهەبێ تا نووسەران شێوەی فێربن وقەلەم سامی بشکێ و کوردی نووسین پەرە بستێنێ.

نەغەدە : ئەبووبەکر عێراقی

نامە بەهەست وپڕسۆزەکەتمان پێکەیشت لە پێشنیار و رێنوێنی جوان تەژی بوو. ئەو رێنوێنی یە دلسۆزانە بە راستی بۆ پێکەیاندن و گەشەپێدانی کۆوارەکەی سروە زۆربەسوودن هیواداریـن سەرکەوتووبی. شێعرەکانت درا بە بەشی تایبەتی بۆ هەلسەنگاندن ورا لە سەردان.

سەقز : ئەحمەد ئەمین پوور.

نامەکەت کەیشت. ناوی زۆرنەخۆشی و دەردە داریت بۆ نووسیوین کە بە کوردی واژەیەکمان بۆی نیە ئەوانەی ئێمە زانیمان بۆمان نووسی وئەوانی دیکەش نازانین. پێویستیش ناکا ئەم ناوە زانستی یانە کە تایبەتی پزشکین ودە هەموو زبانەکانی دنیادا دەکار دەکرێن بکرێنە کوردی. ئەوەش ناوی چەند نەخۆشی : خوایاربێ دەبی بە دوکتۆر و ئێمەش بە بێ ئەوەی و یزیت بدەین لە لات چاك دەبینەوە!.

فارسی	کوردی
آبله	خرویکە
سرخك	سووریژە
ئاسم	تەنگەنەفەسی
اگزما	بیرۆ
کهیر	لیر
یبوست	زگدوەستان، قەبزی
کورك	کوان
سکسکە	نزگەرە
یرقان	زەردوویی
صرع	فێ
فتق	قوری
ذات الریه	سەتلوجەم


نەلۆس : باوکی گولئەندام.

نامەکەت کەیشت وپێشنیارەکانت خوایاربێ دەبەر چاو دەگرین. تکایە بە زووترین کات ئەو رۆژنامانەمان بۆ بنێرە تاکەلکیان لێ وەرگرین سەرکەوتووبی.

سەردەشت : عەبدوللا پشدەری

وێڕای سپاس لە نامە و پەندە جوانەکانت ،بۆ وەدەست هێنانی

چپه و سرته



سنه : کاك ن ٠ ب

" دایك وباوکم له هودێکیان هاویشتم و بەڕقیان له سەر کووژاندمەوە و هەتا توانیان کوتایانم " ٠

بەڵێ ٠ چاکتان خوێندۆتەوە ٠ دایك وبابێك منالەکەیان له هودێك دازیندانی کردووە و هەتا توانیویانە کوتاویانە ٠ ئەو نامەیە لە بارەی کچێکەوە نووسراوە کە هۆی دارکاری خۆی ئاوا شی کردۆتەوە : ٠

دایك و باوکم دلبەندی مالی دنیان ٠ کاریان بەوە نیە ئەوەی دێتە خوازبێنی تەمەنی چەندە و چ دەکا یا چۆن ژیانی داهاتووم دابین دەکا ٠ ئەوان چاو لە پوول وپارە ومال وحالی کڕیار دەکەن هەتا بزانن چەندەی پارە لێ هەڵدەوەری و چەندی شیربەها و پوولی نەغد پێدەدری وچەندەی زێڕ پێدەکڕدرێ ، جا فەرق ناکا ئەوەی هاتۆتە خوازبێنی پیرە پیاوێکی بە ساڵاچووبێ یا هەرزە کارێکی تێ نەگەیشتوو ٠ ئەو رۆژەی کە هاتنە خوازبێنیم و ئەمن چاوم لەشدریکی داهاتووی ژیانم کرد بە دلمەوە نەنووسا کە هیچ ، نەمدە توانی فکریش لەو پێوەندیە بکەمەوە بەڵام کاتێك بە چەند هۆی زۆر مەنتیقی ئاکامی تالی ئەم زەماوەندەم بۆ روون کردنەوە دەستکوت خەتایەکی گەورەم کردوو ە و ٠٠٠٠٠ کاتێك وەهۆش هاتمەوە دیتم بەدەنم رەش هەلگەڕاوە و هاوکی بەرێزم شل وکوتی کردووم ئێستاش کە ماوەیەك لە سەر ئەو رووداوە تێپەڕیوە باوکم دەیهەوێ ئەمن بە ژن بەژنە بە شوودا ٠ نازانم روو لە کێ کەم و هانا بۆ کوێ ببەم ٠ بۆ دەبێ ئەمن قوربانی ئەوویستە هەلەو بێ مانایەی باوکم بم ؟ ٠٠٠٠

سەرپولی زەهاب : کاك سمایل ٠ ئ

کاکی بەرێز : ئەو هەموو راوەستاوی ولە خۆبردوویی وسەبر وئیمانی تۆ بە هیچ نووسراوەیەك رێز ناگیرێ ٠ قەڵەم شەرمێ دەکا لەو زولمە بدوێ کە لە هاوسەر ومندالانی تۆو هەزاران هاوولاتی دیکەمان کراوە ٠ چۆن وبە چ چەشنێك دەکرێ دوا کەوتوویی و چارەرەشی گەلێك بە قەلەم بنووسرێ ٠ رستەکانی نامەکەت هەر چەند کە ساکار بوون بەڵام لە دلی هەموو خوێنەرێکدا کار دەکا وزەنگی خەتەر لە بن گوێ لێدەدا ٠ کەس ناتوانێ ئەو رووداوەی کە ئەتۆ باست کردووە بێنێتە بەر خەیال ٠

بلێی چون بێ ئەودەمە پڕلەزام و پەژارەیەی کە دایك وکوڕ ، گول وبولبول وگیانان ما لاوایی لێك دەکەن ٠ بلێی ئەو دایکەی کە منالی شیرخۆرەی مەمك مژەی لەزار دایە و لەباوەشی دا دوا هەناسەی دەکێشێ چ بکا و چۆن چاو لەو دیمەنە بکا ٠ چ بکا ؟ یا لێوە چووکەکانی کورپەی ماچ بکا ولەشی ژاکاوی رۆلەکەی لەئامێز بگری ؟ بلێی بۆ خۆشی نەمرێ؟ بەڵێ فرینی رووحی دایك دەگەڵ منالەکەی شتێکی ئاساییە ٠ ئەگەر وانەکا چ بکا ؟ ئایا لایەنگرانی مافی مرۆڤ و زۆرداران و حقووق زانان وئەوانەی وابەشەر دەچن گوێ دەدەنە هاواری ئەو دایکەی کە ئاوا دەنالێنێ ؟ ئایا زایەلەی دەنگی چارەرشان کارلە سازمانەکانی فریوکاری نێو نەتەوایەتی دەکا ؟ ئایا ئەو گازە سەمیانە وئەو چەکە پڕ مەترسیانە تەنیا بۆ کوشتنی گەلی کورد ساز کراون وئەوانەی سازیان کردوون یادەکاری دەکەن هەتا هەتایە هەر وا دەمێننەوە ؟ هەتا کەنگێ دەتوانن هاواری گەلی زۆر لێکراو بشارنەوە ؟ ئا ، دۆستی ئازیز دەستی گەرمی تۆ کە هێزی تۆلە ئەستاندنەوەی تێدایە بەتوندی دەگوشین و فرمێسکی غەمی چاوەکانت دەسڕینەوە وباوەشی گەرمی برایەتیت بۆ دەکەینەوە وبە ئاواتی رۆژی بەڵێن دراو کات ژمێری دەکەین ، هەتا سەرکەوتنی چەوساوان بە سەر چەوسێنەران هەنگاوێك زیاتر نەماوە ٠

ژمارەکانی رابردووی سروە دەتوانی لە کتێبخانەکانی مەهاباد- بۆکان سەقز پرسیاربکەی ٠ تەخمیسەکەی تایبەتی لە کتێب فرۆشی حاجی سمایلزادە هەیە بنێرە ، بیکڕە ٠ سەرکەوتووبی ٠

نامە و دیاری ئەو ئازیزانەشمان بەدەست گەیشتووە

بانە : کاك زاهیر رزایی ـ خوشکە نەرمین ٠ح ـ کاك عەبدولباقی زەحمانی ـ ئەحمەد سەعید قادر ـ بورهان غەسالی ـ عەبدوللا رفاعی ٠

نەغەدە : سەید بەهاسەدرو ساداتی مەسعوود فازلی ـ کامیل حوسێنی بەگی (چیا) ـ موراد سوهرابی ـ مامەی فەلاح ـ سەید عەبدولکەریم حەبیبوللا ـ مەسعوود فازلی ـ خدر حەسەن ـ دژوار چۆمانی ٠

نیشابوور : سەلاحەدینی محەمەد ئەمین زادە

سائین دژ : سەلاحەدینی شێربەگی

باختەران : سالح قادر

کەرەج : رزکار بارزانی ـ تەحسین سەلیم شیروانی

ورمێ : یووسف عەباسی

تەورێز : بایەزیدی وەتمانکەل ـ سەید کەمال لەتیفی

ئەهواز : محەمەدی ـ ئیبراهیم ئەعەمی ـ رەشید ئەحمەدی

گوندی کلەکێن : رەحمان حوسێنی

تاران : سەباح محەمەد عەبدوللا ـ جەمال شێخەلیسلامی ـ عەتا ئیسمائیلی ـ ئەیووب رەشیدی

جەلدیان : خوشکە سوعدا حوسێنی

ئەندیمشك : یووسف رەحیمی

مەریوان : رەئووف محەمەد پوور ـ ئازاد مارف ـ غەفوور بەرق ـ قادر حەیدەری

مەلایر : رەحیم تەرەغە

رەوانسەر : ناسرەدین شەریف زادە

ئیسفەهان : رەفیق مزووری

کازروون : مستەفا شێخە

دێهلوڕان : مەحموود نووری ـ محەمەد نووری

شەو

شەو کە سێپرسی لە خۆ دەرخستنی پەروانە شەو
ئەو وتی ناتێگە یشتوو،تەجرەبەی مەردانە شەو

هەرسیابەختانی عیشقە مەزهەری نووری هودان
شەونەبێ ئەستێرە مەستوورن، بەکەم مەڕوانە شەو

ئەم سیارۆزی منە پۆشیوییە عەیبی کەسان
ئاشکارە، سەتری ئەحوالێ گوناهکارانە شەو

بۆیە زولمەت پۆشە، نووری ئەهلیجەوهەر دەرکەوێ
سەیری حەققی کەن لە سەر ئەم ماە وئەستێرانە شەو

نەبووە،نابینی لە شەو مەحرەمترێ تا رۆژیحەشر
پەردەپۆشە، هەمدەمە هەم دەردی عوشاقانە شەو

شەو هەمووشەو چاورێیە رۆژهەلێ، هەر رۆژهەلات
مەحوە سەرتاپالە بەرپێیا فیداکارانە شەو

خود پەرستینە !لەشەو فێری پەرستن بن، کە خۆر
هەر دیاری دا ،بەدەوری سەریەدا قوربانە شەو

فیرقەتی رۆژە دەرروونی کردە داغێکی سیا
وەک منی سەودازەدە ئاتەش زەدەی هیجرانە شەو

گەر فیراق ئاگرهەموو رۆژێ لە جەرگی بەر نەدا
بۆهەمووشەو تیرە دڵ،سینەی زوخالستانە شەو

تیرەگی وا فەزلی بۆنادەم بەسەر رووناکییا
مەنشەیی ئیزهاری جیلوەی فەیزی سبحەینانە شەو

هەر لە تاریکی شەوایە رێ درێ ئەهلی نیاز
رازی دڵ ئیفشابکەن،خەلوەتگەهی خاسانە شەو

تێ بگە بۆچی بە جانن تالیبی شەو عاشقان
نیوە شەو بوو، وەعدەگاهی هاتنی جانانە شەو

هێندە ساحیب سیرڕە(میعراج)وشەوی(قەدر)و(بەرات)
خاسە جاتی ئەون وموممتازە بە م ئەسرارانەشەو

هەرکەسێ تالیب بە دوڕی مەعریفەت کۆ کردنە
پڕلە دوڕ دەریایەکی بێ مەهلەکەی خنکانە شەو

وەک(خضر)ئاوی حەیاتی فەیزی حەق عافێتیە
ئەوخودا پێداوە " مەحوی"تاسەحەرنا لانە شەو

■ **مەحوی**



شەو

■ هەردی

پێنج خشتەکی ئەحمە دهەردی لە سەر غەزە لێکی " شـێـخ نـووری "٠

قەت نە دەی ئازاری گیانی مە ست وبێدارنی شەو
خۆت نە خە یتە بەرشە پۆلی ئەشکی بێ پلیانی شەو
ئەی کچی خواوەندی جوانی وەئەی چرای دیوانی شەو
خۆت بپارێزە لە ئاهی دڵ برینداراني شـەو
نەك خـودانـاکـەرد گـیـرابێ دوعای نا لأنی شـە و

وێڵـم وتاریکە دەورم فەرشـی رێگە م مە ینەتـە
بێ کە سم تە نـها ئەنالم مەرگـی خۆمم عەزرەتـە
سازی ئاهەنگی شەوانم سۆزی جەرگی لەت لەتە
یـاوەر و یـاری ئە نیسم ئاهوئەشکی حەسرەتـە
ئافەرین ئەیٚ بارك اللە" دیدە یی گریانی شـە و

وانەزانی دە ستی غەم یادت لە دلـدا دەرئەکا
ئە شکی خوێنینم دە لیلە بۆ کە سێ باوەڕ نەکـا
گیانەکەم بەوتیشکی چاوەی شەڕ لەگەڵ ئەختەرئەکا
دڵ ئە بێتـە قەترەیێ خوێـن ولە دیدەم سەرئەکـا
هـەر کـە رابـووری بە دلما سوحبەتی جارانی شە و

هاوە مێ فەرمووی لە بەرچی کردەوەت گریانە هەر
تافی لاوێتیتە ، لاوی قەڵبەزەی سەیـرانـە هـە ر
مـن وتم سە یران وخۆشی پێشکە شی شادانە هـەر
ئەشکی حەسرە تلازمی جەمعی سیابەختانەهە ر
شـەونمی سوبحە دەلیلی قە ترەیەك گریانی شـەو

هەولێ زۆرمدا لە داوی زولفی ئەوبێ مروە تـە
دەرچم ود وایی بهێنم بەم عەزاب ومەینـەتـە
(نووری) لەم پێچ وخەمی زولفەتەجاتت زەحمەتـە
لای سەخی تەبعان مەحاڵە روخسەتی میوانی شـە و

نـووری روخسارت وەدە رخـەدەردی بێ دەرمانـە شـە و
زوڵمـەتی زولفت لە سەر رووتە لە رۆژ میوانـە شـە و

دوێ شوکور مەردانە من ڕێم بردە ناوزولفـی رەشـی
تـابـزانن خەڵکـی مولکی دڵ: قەلأی مێـردانە شـە و

هـەر لـە مە غـریب تابە یانـی بێ وچان د ێت ودەچـێ
هە ر لە دووی خورشیدی خاوە ر وێڵ وسەرگەردانـە شـەو

کـوێـرو نـابینـایـە ئێستا ئەو لە داخی رۆژی ر وو ت
بـۆیـە رە ش پۆش وفـە قیرو مات وبە ستـە زمانـە شـە و

قـەدری شەو چـابگرە چـاوم شـە مع وپەروا نـە د ەڵێـن
سـۆز وگـریـەی شـە مع هەرشە و سـووتـنی پەروانـە شەو

عـاشق ومە عشـووق لە رۆژدا خۆ دە پارێزن لە خە ڵـك
گـەر پـە نـای چاکت دەوێ بۆئەودووە ؟ بڕوانـە شـە و

هـە ستە کامیل بە سیە بێداری برۆ لێـی وە رکـە و ە
تـاولأت بـێ دە نـگ وباسە و تـالە رۆژ میوانە شەو

شەو

■ سەید کامیل ئیمامی



شانۆ

٦

محەممەد کوردە


یوربیدس سێهەمین نووسەری سێ کوچکە گەورەکەی یوونان (واتە پاش ئەسخیلوس و سۆفۆکلیس) لە ساڵی ٤٨٠پ.ز لە دوورگەی سالامیس لە نزیک ئاتێن لەدایک بووە . بەسەرهاتێکی تر هەیە سەبارەت بەرۆژی لەدایک بوونەکەی، گوایە لە رۆژی سەرکەوتنە گەورەکەی یوونان ـدا کە هێزی دەریایی ئاتێن بەسەرکردایەتی تیمستۆکل بەسەر خەشایارشای سەرکردەی لەشکری ئێرانی یە کاندا سەرکەوت. یوربیدس لەدایک دەبێ. ئەگەر ئەمە راست بێ ئەوا لە ساڵی ٤٨٤ پ .ز هاتووەتە دنیاوە و لەخێزانێکی بەرزدا پەروەردە بووە.

"مەندسارکید"ی باوکی دانیشتووی شاری "فلیە" و یەکێک دەبێ لەبازرگانەکانی سالامیس وپیاوێکی تێگەیشتوو و زانا بووە....پێشکەوتنی یوربیدس وهاتنەناو گۆڕەپانی هونەرەوە لەرێی هاندانی باوکی یەوە بووە،لەپێشدا وەرزشکاری لێهاتوو، نەقاش وپاشان فێری مۆسیقا بووە هەر باوکی بووە هانی داوە لە ژێردەستی مامۆستاکانی سەردەمی خۆیدا فێری فەلسەفە بێت وپاشانیش بوو بەدراما-نووسێکی گەورە .



زانراوە کە لەتەمەنی هەژدە ساڵیدا دەستی بە کاری شانۆگەری کردووە ، بەڵام بەو بەڵگانەی لەبەر دەستدان چەند ساڵ پاش ئەوەش لە فێستیواڵی شانۆگەریدا بەشداری کردووە، لە تەمەنی ٢٥ ساڵیدا دەستی بە نووسین کردووەو بەدرێژایی ٥٠ ساڵ خەریکی ئەمکارە پیرۆزە بووە،واتە شەست ساڵی رەبەق خەریکی کاری شانۆگەری بووە. ٩٢، شانۆنامەی نووسیوە،٢٢ جار لە پێشبرکێی فێستیواڵی دیۆنیزیۆسدا بەشداری کردووە. بەڵام پێنج جار خەڵاتی پێ براوە. چەند بەڵگەیەکی گرینگ سەبارەت بە رەفتاری یوربیدس هەیە کە دەگەیەنێ نووسەرێکی بێ لایەن بووە وسەروقاڵی لەگەڵ کاری دەوڵەت و بازرگانی دا نەبووە،خۆشی لە ئەرکی سوپایی نەهاتووە و بەشداریشی نەکردووە . گوایە هەموو مەبەستی سەرەکی وی تەنها نووسینی دراما وشانۆنامە بووە.. لەو ٩٢ شانۆنامەیەی کە نووسیویەتی تەنها ١٩ شانۆنامەمان بۆ ماوەتەوە، کە ١٧ شانۆنامەی تراژێدی ویەک شانۆنامەی بە ناوی " ئالیست" دڕامایەکی خەیاڵی یە و بە خۆشی و شادیەکی چاوەروان نەکراوەوە کۆتایی پێ دێت . ئەوی دی شانۆنامەی"سیکلۆپها"یە ئەویش دڕامایەکی پڕ لە هەجووە، لە ئەفسانەی ئیلیادەوە وەری گرتووە.

یوربیدس نووسەرێکی گۆشەگیر بووە و دوور لە خەڵک ژیاوە و زۆربەی کاتی خۆی بۆ خوێندنەوە و چێژ



لێ وەرگرتن لە سروشت تەرخان کردووە....

لە فەلسەفەشدا یەکەمجار لە ئاناکساگۆراس، پرۆتاگۆراس وپاشان لە سوقرات نزیک بۆتەوە.دژایەتی یەکی سەرسەختی هونەری لەگەڵ سۆفۆکلیس دا هەبووە و لایەنگرانی سۆفۆکلیس و ئەسخیلوس ، پلەی کاری یوربیدس لەخوار کاری ئەم دوانەوە دادەنێن . بە شێوەیەکی گشتی کاری هونەری یوربیدس بە لادان لە نەریتی شانۆی کلاسیک دەزانن . هێندێکی تر باوەڕیان وایە کە یوربیدس باشتر لە سۆفۆکلیس و ئەسخیلوس لە کەسەکانی ناو کۆمەڵی کۆڵیوەتەوە

یوربیدس خۆشی لەخواکانی یونان نەهاتووە و بە چاوێکی خراپ سەیری کردوون ئەوانە بوونە هۆی ئەوە بەناوی مولحید (ملحد)تاوان ـ بار بکرێت وبدرێتە دادگا، رقی لەچینی دەسەڵاتدار و حکوومەت بووە ،ئەم رەفتارانە وای لێکردووە پلە وپایەو رێز وخۆشەویستی لەناو خەڵکدا کەم بێت.یوربیدس لە سوفوکلیس وئەسخیلوس زیاتر شانۆنامەی ماوەتەوە. لەبەر ئەوە پاش مردنی بۆتە خاوەن رێزوخۆشەویستی-یەکی بەرز وتا ئەمرۆش کارەکانی لەزۆربەی وڵاتانی دنیادا دەهێندریتە سەر شانۆ. ئەو شانۆنامانەی لەو بەدەستگەیون ئەمانەی خوارەوەن :

١ـ شانۆنامەی ئالیست (سالّی ٤٣٨ پ .ز.نووسیویەتی)

٢ـ شانۆنامەی میدیا (سالّی ٤٣١ پ ز .نووسیویەتی)

٣ـ شانۆنامەی هیپۆلیت (سالّی ٤٢٨ پ .ز. نووسیویەتی)

٤ـ شانۆنامەی نەوەکانی هیراکلس (سنووری سالّانی ٤٣٠ـ ٤١٥ پ .ز. نووسیویەتی)

٥ـ شانۆنامەی ئاندوماک (سنووری سالّانی ٤٣٠ـ ٤١٥ ، پ .ز نووسیویەتی)

٦ـ شانۆنامەی هیکیوبا (سنووری سالّانی ٤٣٠ـ ٤١٥ پ .ز نووسیویەتی)

٧ـ شانۆنامەی هیراکلس (سنووری سالّانی ٤٣٠ـ ٤١٥ پ .ز . نووسیویەتی)

٨ـ شانۆنامەی تکاکەران (سنووری سالّانی ٤٣٠ـ ٤١٥ پ .ز . نووسیویەتی)

٩ـ شانۆنامەی ئەیون (سنووری سالّانی ٤٣٠ـ ٤١٥ پ .ز. نووسیویەتی)

١٠ـ شانۆنامەی ژنانی ترێوا (سالّی ٤١٥ پ ز ، نووسیویەتی)

١١ـ شانۆنامەی ئەلیکترا (سنووری سالّانی ٤١٧ـ ٤٠٨، پ .ز . نووسیویەتی)

١٢ـ شانۆنامەی ئەفجینیا لەتاوریس (سنووری سالّانی ٤١٧ـ ٤٠٨ پ .ز.نووسیویەتی)

١٣ـ شانۆنامەی هێلێن (سالّی ٤١٢ پ .ز.نووسیویەتی)

١٤ـ شانۆنامەی ژنانی

فنیقی (سالی ٤٠٩ پ .ز نووسیویەتی)

١٥- شانۆنامەی ئۆریست (سالی ٤٠٨ پ .ز نووسیویەتی)

١٦- شانۆنامەی باکائە (نەزانراوە کەی نووسیویەتی)

١٧- شانۆنامەی ئەفجینیا لە ئۆلیس (پاش مردنی پێشکەش کراوە)

١٨- شانۆنامەی سیلۆپ و یەک شانۆگەری «سارتیر» .

ئەوەی شایانی باسە شانۆنامەکانی یوربیدس بوارێکی فراوانی بۆ هونەرپیشەکان خۆش کردووە. ئەویش بەهۆی پێشڕەوی هەستی شاعیرانەی خۆیەوە بووە.

ناوەڕۆکی سەرەکی زۆربەی شانۆنامە (کۆن و کلاسیکەکان)ی پێش یوربیدس پەیوەندی نێوان مرۆڤ و هێزی بێ کۆتایی دنیایی وخواکان وئەفسانەکان بووە بەڵام شانۆنامەکانی یوربید-س کێشمەکێشی نێوان کەسێک لەگەڵ کەسێکی تر دەردەخات .

هەروەک لە سەرەوە گوتمان یوربیدس زۆربەی کاتی خۆی بۆ خوێندنەوە و چێژ وەرگرتن لە سروشت تەرخان کردووە وزۆرتێکەڵاوی خەڵکی نەکردووە. ئەوە لە لایەک ولە لایەکی ترەوە ئەو گیروگرفتانەی یوربیدس لێی کۆڵیوەتەوە نیشانی داوە لەگەڵ ئەو رۆژگارەدا نەگونجاوە، ئەم باسانەش لای خەڵکی بوونەتە جێی پرسیار وسەرسوڕمان . بۆ نموونە :

١- عاشق بوونی فێدرا بە زڕ کوڕی خۆی .

٢- تاوانی میدیا بەرامبەر بە نەوەکانی خۆی .

ئەمانە وای لە یوربیدس کردووە رێز وخۆشەویستی لەناو خەڵکدا کەم بێتەوە یوربیدسی رۆمانتیک وپەریشا-ن حاڵ ، جۆرێکی تری لە تراژێدیا بەخەڵکی یونان ودنیا نیشان دا وپاشانیش لە هەموو جیهاندا ناسراو رێز وپایەی بێ سنووری خۆشەویستی بەخۆیەوە دی .

یوربیدس دوو جار ژنی هێناوە ولە هەردووکیاندا ئەنجامی جیا بوونەوە و ناکامی بەدەست هێناوە، لە هەر دوو ژنەکەی خاوەنی چەند منالێک بووە.

ناوەڕۆکی زۆربەی شانۆنامەکا-نی لەسەر بنەڕەتی (فەلسەفەی ئیدئۆلۆژی) داڕشتووە... کەسانی چیرۆکە شانۆنامەکانی لە خەڵکی (عامیانە) پێک هاتوون و بەزمانی سادە و عامیانە گفتوگۆ دەکەن، هەولێکی زۆری داوە بۆنوێ کردنەوەی ئەفسانە کۆنەکان وخولقاندنی باسی نوێ بۆ شانۆنامەکانی .ئەو شانۆنامانەی خەلاتی فیستیوالی دیونیزیوسی پێ وەرگرتووە ئەوانەی خوارەوەن :



١ـ شانۆنامەی ئالیست
یەکەمجار لە فیستیواڵی ساڵی ۴۳۸ پ.ز. هێنرایە سەر شانۆ وپێشکەش کرا. ئەم شانۆنامەیە بەشێکە لەیەک شانۆنامەی تترالۆژی و لە بارەی ئەفسانەیەکی کۆنە سەبارەت بە ئۆلومپ. بەڵام یوربیدس کردوویەتی بە درامایەکی خێزانی،کۆمەلایەـتی وفیداکاری کە عیشقی ئافرەت بەرامبەر بەمێردی نیشان دەدات.

٢ـ شانۆنامەی مێدیا
بەناوبانگ ترین شانۆنامەی تراژێدی یوربیدسە و لە فیستیواڵی ساڵی ۴۳۱ پ.ز پێشکەش کراوە و یوربیدس خەڵاتی سێهەمی پێشبڕکێی پێ وەرگرتووە. قارەمانی شانۆگەری یەکە ژنێکە بە ناوی مێدیا وباوکی بەجێ دێڵێ وبراکەی دەکووژێت بۆ مەبەست وعیشق وفیداکاری ولەپێناوی گەیشتن بە دەزگیرانەکەی ئەو کارە دەکات.

٣ـ شانۆنامەی هیپۆلۆتوس: یەکەم جار لە فێستیواڵی ساڵی ۴۲۸ پ.ز. هاتە سەر شانۆ، ئەویش بە بەشێک لەیەک شانۆنامەی تترالۆژی ناسراو یوربیدس خەڵاتی یەکەمی پێ وەرگرت. لەم شانۆنامەدا فیدرا عاشقی زڕ کوڕەکەی خۆی دەبێت.

۴ـ شانۆنامەی ژنانی ترێوا: شانۆنامەیەکی زۆر بەناوبانگە. یەکەم جار لە فێستیواڵی ساڵی ۴۱۵ پ.ز. بەناوی بەشێک لەشانۆنامەـیەکی تترالۆژی لەسەر شانۆ پێشکەش کرا و یوربیدسی شاعیر خەڵاتی دووەمی پێشبرکێ کەی پێ وەرگرت. ئەم شانۆنامەیە سەبارەت بەو شەڕە گەرمەی نێوان ئاتێن وئەسپارتەوشانۆنامەکە زۆر بەتوندی دژی (شەڕ) دەوەستێتەوە. پێنجەمین خەڵاتی نازانین بۆ کام شانۆنامە وەرگرتووە.
شانۆنامەی ئەلیکترا پاش شانۆنامەی مێدیایە و بە باشترین شانۆنامە دادەنرێت لەوانەیە لەساڵی ۴۱۳ پ.ز. نووسرابێ. ئەم شانۆنامەیە هەمان باسی شانۆنامەی خوئەفۆروئەی ئەسخیلوس و ئەلکترای سوفۆکلیسە. بەڵام لای یوربیدس گۆڕانکاری تێدا کراوە.
لەم شانۆگەرییەدا ئۆرستس لەگەڵ (پیلادس)ی خۆشەویستەـکەیدا بۆ تۆڵە سەندنەوەی خوێنی «ئاگامەنۆن» بۆ ئارەگوس دەڕۆنەوە و بۆ پەیدا کردنی خوشکە ئەلکترا دەکەونە رێ،ئیتر نازانرێ ئەم شانۆنامەیە خەڵاتی پێنجەمی وەرگرتووە یان شانۆنامەیەکی تر.
یوربیدس بێجگە لەوەی شاعیر و نووسەر بووە وەرزشکارێکی بەتوانا بووەو کۆمەڵی خەڵاتی زۆری لە پێشبڕکێی وەرزیشدا وەرگرتووە هەروەها کاری هونەری نەقاشی کردووە و لەم بوارەشدا بەرهەمی هەبووە.
یوربیدس لە ساڵەکانی دوایی ژیانیدا بۆمەقدۆنیە کۆچ دەکات.خەڵکی مەقدۆنیە رێزێکی زۆری لێدەنێن. لە ماوەی ئەو هەژدە مانگەی لەوێ دەژی جێگای رێزێکی زۆری خەڵکی دەبێ، سەر ئەنجام لە زستانی ساڵی ۴۰۷ پ.ز. ولە تەمەنی ۷۷ ساڵیدا ماڵ ئاوایی لە دنیای بەرینی هونەری، شانۆ دەکات ودەمرێ و بە نەمری لە دنیای هونەرد دەمێنێتەوە.خەڵکی مەقدۆنیە مەیتەکەی زۆر بە شکۆ و رێزەوە بۆ ئارامگای رازاوەی "پیلا" بەرێ دەکەن وئەوێ دەبێتە شوێنی هەتا هەتایی ئەو بلیمەتە.
سوفۆکلیس بۆ بەسەر کردنەوە وریز لێنانی یوربیدس لە هەمان ساڵی مردنەکەیدا ولە فێستیواڵی دیۆنیزیۆس دا دەستەی کۆرسی شانۆنامەکەی بەجل وبەرگی شیوەن گێڕییەوە دەهێنێتە سەر شانۆ....
سەرئەنجام
یەکەم: ئەسخیلۆس بوو ژمارەی کاراکتەری لە

یەکێکەوە کرد بە دوان و بۆ یەکەمجار لەژێر دەستی ئەودا گرنگی درایە دەستەی کۆرس لە قسە وگفتوگۆدا . پاشان سوفوکلیس ژمارەی کورسی کرد بە ١٥ کەس و ژمارەی کاراکتەری لەسێهە- مین کەسەوە زیاد کرد .

دووەم: باشترین تراژێدی ئەو کاتە پەیوەند بووە بە بەسەرهاتی ژیانی خێزانە بەرز وبەناوبانگەکان . بۆ نموونە: شانۆگەری ئۆدیب و ئەنتیگۆنا...ی سوفۆکلیس. بەڵام لای یوربیدس خەڵکێکی سادە وساکار و بە زمان و شێوەی ساکار دەدوێن نەک وەک سۆفۆکلیس کە رستەی رەنگاورەنگ و بریقەداری بەکار هێناوە.

سێیەم: ئەسخیلۆس گێرمە وکێشمەی نێوان خوا ومرۆڤ و مرۆڤ ومرۆڤ هەر وەک لەشانۆگەری "ئێرانی یەکاندا دەردەکەوێت بەکار هێناوە. سوفۆکلیس کەسانی لەسەر دەستووری سایکۆلۆژی دارشتوون و یوربیدسیش فکری "ئایدۆلۆژی" هێناوەتە ناو شانۆ .

چوارەم: ئەنجامی چیرۆکی شانۆنامە دەبێ لەچیرۆکەکەوە سەرهەڵدات نەک خواکان دەست خەنە ناو باسەکەوە هەروەک لە شانۆنامەی مێدیادا دەردەکەوێت خواکان دەبێ تەنیا لە رووداوی دەرەوەی شانۆنامەکە و دەرەوەی هێزی مرۆڤ دا دەسەڵاتیان هەبێ. هەر وەک لە شانۆنامەی ئۆدیبدا بەم شێوەیە .

پێنجەم: یوربیدس گرنگی یەکی زۆری بە ئافرەت داوە وئافرەت لەشانۆنامە کانیدا دەوری قارەمانیەتی دەبینن. و گرینگی تازەی



داوە بەدەستەی کۆرس و بوارێکی فراوانی بۆهونەری کاراکتەری خوڵقاندووە. هەروەها سەرپێچی لە دەستووری کلاسیک کردووە. لەبەر ئەوە بەوێرانکەری رێبازی کلاسیک ناسراوە .

شەشەم: لای ئەسخیلۆس و سۆفۆکلیس دەستەی کۆرس وەک یەکێک لە کەسەکانی چیرۆکە شانۆنامەکە دەوری هەیە ،کەچی لای یوربیدس بەم شێوەیە نیە .

حەوتەم: سۆفۆکلیس کەسەکانی وا نیشان داوە کە دەبێ چۆن بن لە کاتێکدا یوربیدس کەسەکانی وا دەرخستوون کە هەبوون یان لە واقیعەکەدا هەن ، بەو شێوەیە نیشانی داون ولێی کۆڵیونەتەوە .

هەشتەم: ئەسخیلۆس باوکی تراژێدی لەگەڵ واقیعەکەی خۆیدا ژیاوە. بە شانۆ و ژیانی یەوە بەرگری لە وڵات و گەلەکەی دژی بێگانەکان کردووە وسەرقاڵی هەستی گەرمی خەڵکی بووە....بەڵام یوربیدس دوور لە خەڵک ژیاوە و زۆربەی کاتی خۆی بۆ خوێندنەوە وسەیرکردنی سروشت وچێژ لێ وەرگرتن تەرخان کردووە....


سیاست روز دارای مبنای قانونی است و بصورت قانونی و عادی قابل انجام است ، تلاش و اصرار بر سیاسی کردن آن چه معنایی دارد ؟! وقتی که بتوان بدون دغدغه خاطر و با امید به آیندهء روشن به احیاء و ترویج زبان و ادب خود بپردازیم ، انداختن این مسائل روی دندهء سیاست به صلاح کیست ؟ ما شاگردان مرحوم استاد هیمن تحت نظارت دقیق و مستمر ایشان با بررسی تمامی جوانب کار به تاءسیس مرکزی برای نشر فرهنگ و ادب کردی و انتشار مجلهء وزین و محبوب سروه اقدام کردیم و دیدیم که نتایج بررسیهای بعمل آمده کاملاً با حقیقت منطبق بوده است . احیاء و ترویج زبان و ادب ما از نظر قانون اساسی بلااشکال بود . این را همه می‌دانستند ، اماهیچ فعالیت جدی در این رابطه مشاهده نمی‌شد ! ابهامی پیچیده در خفا مانع از هر گونه اقدام بود . کاری که استاد کرد رفع این ابهام بود . او نه تنها نشان داد که آرزوی تاریخی مردم ما تحقق یافتنی است ، بلکه آشکارا اعلام کرد که استفاده نکردن از فرصت بدست آمده ـ که میوهء شیرین انقلاب بوده و هست ـ یك خیانت و ناسپاسی بزرگ است . مرکز تاءسیس شد، سروه منتشر گردید . مردم ما و بویژه جامعهء عزیز و ادبدوست با استقبال بی نظیری از این جریان حمایت و پشتیبانی کردند . از طرف دیگر بسیاری از دست اندرکاران و مسئولین محترم کشوری نیز مثبت و مفید بودن این جهاد مقدس را بعینه تجربه کردند . نتیجه اینکه شك و شبهه از هر دو سو برطرف شد و تفاهمی که مبنای قانونی و دینی دارد عینیت یافت . در چنین وضعیتی غامض کردن مسائل نه تنها مشکلی را حل نمی‌کند ،بلکه می‌تواند مشکل آفرین بوده و در برههء حساس کنونی ضمن تضعیف روند مثبتی که در امور فرهنگی و ادبی و هنری کشور احساس میشود ، بطور جدی این حرکت شکوهمند را نیز ابطر نماید .

ادامه دارد.

پاشماوەی پەراوێزی بەیتی هەمزاغا

۵۷) پارچەی ئاوریشم ـ هەژار ـ فەرهەنگۆکی شەرەفنامە . نازك لەطیف، گەردەن زەریف، لەبسی شەریف ، کیمخە و قەدیف.
من دی بوەخت ، ئەو نیك بەخت، ئیرۆ لتەخت فەغفور بو ـ مەلای جزیری ـ اگر کمخاکنی، اطلس بپوشی
همان " سفتوسر " سبزی فروشی ! باستانی پاریزی ـ حماسەء کویر
۵۸) (ناوی قەدیمی میاندواو مەرحەمەت ئاباد " مرحمت آباد " بووە . . . . هۆیەکی تری گەشە کردنی مرحمت آباد ئەوە بورکە لە سەردەمی ئاغا محەمەدخانی قاجار (آقامحمدخان قاجار)دا تاقمێك لە خەڵکی کرمان سەبارەت بە مەبەستگەلی سیاسی دوور خرانەوە بۆ ئازەربایجان و شارەکانی تری ئێران ، یەکێکیش لەم ناوچانە کە بۆ دوورخراوە کرمانیەکان دەست نیشان کرا مەرحەمەت ئاباد بوو . پایان نامە ـ جغرافیای انسانی میاندواب ـ نگارش محمودمحمودپور ـ سالتحصیلی ۳۶ـ۳۵ ص ۷ـ۶ ، شمارەء پایاننامە ۳۷" کتابخانەء دانشکدەء ادبیات و علوم انسانی تبریز) .
ـ لە تەوزیحاتی مامۆستا قادرفتاحی قازی ـ
۵۹) کوڕی قادرئاغای ئیندرقاش . بڕوانە پەراوێزی ۹ .
۶۰)بە سێ یەك بەش نەماوە : یانی سێ یەکی نەماوە . سێ یەك بەر بە کەسێك دەڵێن کە دەچێتە سەر زەوی و زاری یەکی دیکە و کار دەکا . زەوی و توو و ئامرازی کاری نیە، تەنیا کاری لەسەر دەکا و سێ یەکی داهاتەکەشی پێ دەبرێ .
۶۱) (ظاهرا " قەلاتاو " مثل " کەرەتاو " درست است . قەلاتاو یعنی " قلع‌تاب " تابندگی و درخشش فلز قلع کە درساختمان زرە یا سلاح دیگر بە کاررفتە بودە .) ـ لەتەوزیحاتی مامۆستا قادر فەتاحی قازی ـ

شاعیرانی لاو





■ حەکیم

دیاری

پەپوولەی خۆشی دای لە باڵ ، فڕی
ئەو بەهار بەخەی سەوزی دادڕی

کاتێ سەر پەنجەی چڵکنی دوژمن
ناخی جگەری شاری هەڵدڕی

«شنرویێ»[1] تاجی پیرۆزەی سەری
داکەند و ، گوڵی خەندەی هەڵوەری

کراسی رەشی تۆخی پرسەیی
بێ بەزەییانە کرایە بەری

«بالانبو»[2] غەمگین .. بێ کەیف و سروور
چاوی ئەرێژێ نم نم ئەشکی سوور

هەناسەی گەرمی بۆ کڕووزی شار
ئەکا بە دیاری دەشتی شارەزوور

«ئەحمداوا»[3] و«گولان»[4] ، «وەزگێل»[5] و«سەرکان»[6]
خۆش و باسەفا ، چوار بەهەشتۆکەن

ئێستە دڵتەنگن ، زیز و پەرێشان
کەوتنە بەر هەڵپەی رقی ئەهریمەن

زامێکی قووڵ و ناسۆر کەوتە دڵ
کە بای نەمان هات دای لە پەڕەی گوڵ

خەندەی شەش هەزار خەڵکی بێ تاوان
بێ ناز دوژمنم خستنیە ژێر گڵ

تۆ خوا مەولەوی لە ملەی«مزیار»[7]،
نیگایەکی گەش بگرە چاوی شار

ئەم سەرتا ئەو سەر سەیری بکە چۆن
بۆتە گۆڕێکی گەورەی تەنگ و تار

تایەر بەگ هەڵسە بەرووی نازەوە
بە چاوی شێعری پڕ لە رازەوە

بۆ سەرە مەرگی شارە جوانەکەت
غەزەلێک رێکخە بە ئاوازەوە

ئەحمەد موختار جاف شاعیری میللەت
خاوەنی دەنگی بە سۆز و هەڵمەت

بۆ کۆستی گەورەت شێعرێک هەڵبەستە
شێعرێ نەک وەکوو جەرگی شار لەت لەت

تۆش فەرموو گۆران سەرێک هەڵبڕە
بەرۆکی پەڕی شێعرێک دادڕە

قافیە زۆرە و رووداویش گەورە
بەرگێ بۆ بالای بووکەکەت ببڕە

ئەو بووکە شەنگەی خەم دەوری تەنی
بە نالەی بۆمبا دڵی راچەنی


غازی کیمیاوی خوێنی شەش هەزار
رۆڵەی ئازیزی رشتە دامەنی

---

١ و ٢ = دوو چیای دەوری هەڵەبجەن
٣ و ٤ و ٥ و ٦ هاوینە هەوارەکانی شارن.
٧ ـ ملەیەکە لە پشتی گوندی پریس کە ئەڕوانێتە شار و مەولەوی لەویا بولبولی گیانی لە چریکە کەوت.

نداری وەك چەمۆڵەیە،
کە درك و داڵی نەزانی
ڕۆ دەکاتە چاوی بەشەر
ڕەشە هەورێکی بەسامە
کە بارانی دەرد و کەسەر
لێی دەبارێ و دەڕژێتە سەر
هێڵەکانی زەوی ژیان *
لەوێ لە قاقڕی بەدەر
هیچ بەر هەمێ نایێتەبەر

بە دەستی ڕەشی هەژاری
بە دەردەداری و بەرەنجی
نوقمی گێژاوی ژاکانە
گوڵی پڕ ئاواتی گەنجی
دنیایەکە ... کپ و تاریك
مەکۆی گریە و هەناسەیە
گۆڕستانی پڕ لە گڵکۆی
ئاواتی گەش و تاسەیە



ب.برياجی

بم بم لەگەڵ...

■ **حامید خاکی**

ڕووبارەکە زۆر تکایە منیش بەرە
دەمێکەیە چاوەڕوانم لەم بنارە
ئەگەر نەم بەی
یا دەسووتێم
یا لەشکری خەمەکانم دێن و ئەم دەن لەقە نارە
ڕووبارەکە با نەسووتێم
بالەشکری خەمەکانم ئەگەر هاتن نەم دۆزنەوە
منیش بەرە
دەنا لە هەر قوژبنێکا خۆم وەشێرم ئەم قۆزنەوە
منیش بەرە
بە بناری کێوەکانم بناسێنە
بە دەم ڕێگەی ژیانەوە ، بە پێچ و خەم
بە هەوراز و نشێوانم بناسێنە
بە وێنەی مانگ
لە ئاوێنەی گۆمی مەنگدا بم ناسێنە
بە خوڕەی ئاوەخوڕێنەکەت
لە بێدەنگی شەوە زەنگدا بم ناسێنە
بە کاشە بەردی بەر لێوار
بە گەنم و جۆ ، بە بەرد و دار
بە پێمە ڕەی دەستی ئاویار
بە گوند ، بە شار
بە هەر چیەك لە سەر ڕێتا
بم ناسێنە
بمبە لە گەڵ
بە هەر چیەك بە بەر پێتابم ناسێنە



■ **خدر حەسەن بێورەیی**

خاسەکەوێ

گۆوارەکەی خۆش وەك بلوێر
سروەی شادی گوند و بازێر
سڵاو بۆ تۆو نووسەرانت
بۆ ئاواتی بەرز و جوانت
پیرۆزت بێ موژدەی شەفەق
ڕووناکتر بێ ڕێی ڕاست و حەق
تۆ فەرهەنگی کورد پارێزی
قەڵای پتەو مەتەرێزی
چاوی گەشی کورد ، بێداری
باوەشێنی ڕێی ڕزگاری
هەرگیز لە دڵ مەگرە غەمێ
لاوی کوردم هەر دەتگەمێ
فێرم بە هەوراز و لێژان
هاوڕێی بەرزی بەیت بێژان
هەڵدێی وێڕای مانگە شەوێ
پێش خۆر هەڵات خاسەکەوێ
دێنی موژدەی کوردەواری
هاتەوە سروەی بەهاری

ڕێنـــوێنی ئەدەبی

پیرانشار : کاک سولەیمان ئەحمەدی

پاش سلاو

ئەو دەم کە شێعری بەهاری جەنابت گەیشتە دەستمان • گەلا شینەکانی بەهاری زەرد و سیس هەلگەرابوون و بە ئاستەم و دووبەلا خۆیان بەلکەکان هەلپەساوتبوو کە ها ئێستا ، ها تاوێکی دی بوەرنە بەر پێی ڕێبواران و لە تافی جوانی و سەر سەوزیان جگە لە بیرەوەری هیچیان پێ نەمێنێ • زۆرمان پێخۆش بوو هەتا ساڵێکی دی کە کاروانی شێعری بەهاری سروە دەگەڕێتەوە ، دیمەنە بە شێعر کێشراوەکەی تۆش ڕاگرین و دەگەڵ ئەو کاروانە لە هەواری تایبەتی دا چادر و چیغی بۆ هەڵدەین و ئەستوندەکی بۆ بچەقێنین و بیخەینە بەر چاوی هەواردۆست و هەوارچیان.بەلام چبکەین کاروانی شێعر وەك گەڕی داوەتێ وایە و هەر کەس نەتوانێ دەگەڵ ئاهەنگی چۆپی هەڵسووڕێ و هەنگاوی ڕێك و پێك نەبێ لەو ریزە دەبێ دەرکەوێ و سەیریان بکا هەتا خۆ فێری ئەو ئاهەنگە بکا و جارێکی دی خۆ بە تاقی کاتەوە • ناهومێد مەبە • هەر چەند ئەتۆ نەتتوانی دەگەڵ کاروانی ئەو ساڵ بەرە و هەواری ساڵێ دی هەنگاو بنێی بەلام ئەو کاروانە قەت ناوەستێ و دێ و دەچێ هەتا ئەتۆ و سەدانی وەکوو تۆ ڕەگەڵ خۆی خا •

پیرانشار : کاک محەممەد ئاسوود

• شێعری " نوێ " ی جەنابت بە دەستمان گەیشت • ڕەچاو کردنی قافیە لە شێعری نوێ دا پێویست نیە ، بەلام شێعری نوێش وەزنێکی تایبەت بە خۆی هەیە کە ئەگەر ئەو وەزنە هەتا ئاخر ڕەچاو نەکرێ شێعرەکە لەنگ دەبێ • بۆ وێنە بەشی دوایی شێعرەکەی تۆ ئاوا نووسراوە :

تۆ لە دونیای خەیالمدا
وەك ئەستێرەی گەشی شەوی
وەکوو چرا لە تاریکی
ئەدرەوشێی و ناکووژێیتەوە •

کە " ناکووژێیتەوە " وەزنی شێعرەکەی ئالۆز کردووە چونکە تەواوی میسرەعەکانی دیکە هەشت هیجائین،بەلام ئەو میسرەعە هەشت هیجایی نیە • دیارە کە شاعیر لە شێعری ئاوادا دەتوانێ لە چوار ، هەشت ، دوازدە و ••• هیجایی کەلك وەرگرێ • سەر کەوتووبی •

سەقز : کاک ئەحمەد ڕەشید زادە

شێعرە بە سۆزەکەتمان پێگەیشت • هێندێك جێگای شێعرەکەت کەم و کووڕی هەبوو • بۆ وێنە بڕوانە ئەو بەیتەی خوارەوە

شاری کز و مات دڵ غەمگینئەکەم
شاری زوڵم لێچووی بێ هاوارەکەم

لەو بەیتەدا " هاوار" و "غەمگین " کراونەتە قافیە کە هەڵەیە • هەر وەها لە بەیتی دوایی دا نووسیوتە :

کێو و دار و بەرد ،چیا و دەرودەشت
هەموو ڕەش پۆش و تازیت بارن گەشت

بە کار بردنی وشەی گەشت لەو جێکایە دا بێ مانایە و دە بوایە لە وشەی " گشت " کەلك وەرگری و فکرێکیش بۆ قافیە بکەیەوە • بەیتەکانی دیکە بێ هەڵەن وەك ئەو بەیتە :

دیسان بەختی ڕەش قودرەتی نوان
کوشتی منداڵ و لاوانی زۆر جوان

سەر کەوتوو بی •

مەهاباد : کاک سەعید شەریفی

پاش سلاو

ئەو شێعرەی بۆ ئێمەت ناردبوو لە باری وەزن و قافیەوە کەم و کووڕی زۆر بو و• زیاتر بخوێنەوە و زۆرتر خۆت بە شێعری شاعیرانی پێشوو وە ماندوو بکە هەتا شارەزاییەکی زۆرترت بە سەر ناسینی شێعردا هەبێ • شاعیری هێندەش سووك و هاسان نیە • زیاتر هەوڵ بدە •

مەهاباد : کاک ڕەزا ئەمینی

شێعر و نامەکەت بە دەستمان گەیشت • بە داخەوە شێعرەکانت زۆر کرچ و کاڵن•بۆ ئەوەی پوخت و پاراو بن دەبێ زۆرتر هەوڵ بدەی •

مەرەند : کاک ئەحمەد فەقێ ئیسماعیلی

پاش سلاو و سوپاس لە پێوەندی و هاوکاری یەکەت شێعرەکەت لە چەند جێگادا کەم و کووڕی هەیە • بۆ وێنە ئەو بەیتەی خوارەوە هەم لە باری وەزنەوە لەنگە و هەم قافیەی نیە :

ئەو خولایەی کە فەرمانی قەهری بە
بای دا
وا قەومی عادی وەژێر
خاکان دا

دیارە کە مەسرەعی دووەمی شێعرەکەت زۆر کورت ترە و دەگەڵ میسرەعی یەکەم یەك ناگرێتەوە لە باری قافیە شەوە " دا " دەبێتە ڕەدیف و " خاکان " و " بای " دەبوایە قافیە بن کە هەڵە یە • لە چەند بەیت خوارەوەتردا دەنووسی :

یەکێ دەپووشێ فاسوونیا و حەریر
یەکێ نابینێ قەت نان و پەنیر

ئەو بەیتە لە باری سنعەتی شێعری یەوە بێ هەڵەیە • بەلام لە باری ماناوە تازە نیە و لە موناجاتی زۆرشاعیری دیکە دا نووسراوە • زیاتر هەوڵ بدە • سەرکەوتووبی •

پیرانشار : کاک کەریم ئاسوود

شێعرە کلاسیکەکەت جوان و بێ هەڵەیە بەلام شێعرە نوێ یەکەت بۆ چوونی هەڵەی زۆر تێدایە و دیارە کەلە کاتی نووسینی شێعرەکە دا تەنیا وەزنت لە بیر بووە و لە ماناکەی ورد نەبوویەتەوە • بۆ وێنە: ئەوە خۆشەویستی یە کە دەتوانێ لە نێو خوێن و ڕەگ و دڵی ئینسان دا جێ بگرێ•ئەگەر ئینسان عاشقی شتێك بێ و ئەو ئەوینەی بکاتە ئەو پەڕی خۆی دەڵێ ئەو •••ئەوەندەم خۆش دەوێ کە لە نێو خوێن ودڵی مندا ڕیشەی داکوتاوە • بەلام ئەتۆ دەڵێی :

ئەی دوژمنی لە مێژینـەم
لە ناو دەستمی ، لە سینەمی
لە ناو هەر قەترە خوێنمی

کە بۆ چوونێکی هەڵـەیـە و وا دەگمینی کە دوژمنە لە مێژینەکەت لە نێو دەستت دایە بەڵام ئەتۆ هیچی لێ ناکەی و تەنانەت ڕێگات داوە هەتاتێکەڵی خوێن و گیانیشت بێ . یا لە چەند دێـڕ خوارەوەتر دا نووسیوتە :

وجـوودی جوان و بۆگەنت ...

ئەو دێڕەش بێ مانایە . چونکە جوانی و بۆگەنیـوی دووسیفەتی دژ یـەکـن و ناتوانی لە پێـهەڵکوتن دا بڵێی : ئـە ی جوانـی بۆگـەنیـو ...

هەوڵ بدە زیاتر لە مانای شێعرەکانـت ورد ببیەوە . شێعری بێ مانا وەك گوێـز ی بێ تۆکڵ وایە . سەرکەوتوو بـی .

سەقز : کاك مستەفا محەممەدی

برای بەڕێز : نامە فارسی یەکـەت و شێعرە کوردی یەکەت بە دەستمان گەیشت . لە مەڕ نووسینی کوردی داوای ڕێنوێنیـت کردبـوو . لە شێعرەکەت را (کە بە زمانی کوردی نووسرابوو) دەر دەکەوێ کـە تـا رادەیەك شارەزاییت بـە سـەر نووسینـی کوردی دا هەیە و دەتوانی بە نـووسینـی مەشق لە رووی نووسراوەی کوردیـشەو کەم و کووڕی یە لە نێو ببەی . شێعرەکەت جوانە و ئەگەر درێژە بە کارەکەت بدەی بە هیـوا ی خوا لە داهاتوویەکی نیزیك دا شێعرەکانـت لە لاپەڕەکانی شاعیرانی لاو دەگونجێـن .

ئەوەدووبەیت لە شێعرەکەت دەخەینـە بەر چـاوی خوێنـە ران :

سـڵاو پێنـووسم ، سـڵاو هاودەمـم
سـڵاو رەفیقـی دنیـای ماتـەمـم
بینووسـە پێنـووس هۆنراوەکـانـم
قەت ماندوو نەبی دەردت لە گیانـم

سەرکـەوتووبی

شنـۆ : کاك ئەییووب مێهدی زادە

وێڕای سڵاوێکی گەرم و گوڕ نـامـە و شێعرەکەت گەیشتە دەستمان . ئـەوە چەندەمین نامە و شێعری تۆی بـەڕێزە کـە دەگاتە دەستی ئێمە . خۆشحاڵین لەوەیکـە پێوەندیت دەگەڵ ئێمە نـاپسێنـی و لـە هاوکاری یەکەت دا بەردەوامی . شێعرەکانی پێشووت کەم و کووڕییـان زۆر بـــوو . بەڵام خۆشحاڵین کە ڕێنوێنی یەکـانـی ئێمەت لە بەر چاو گرتووە و توانیـوتـە تا رادەیەکی زۆر پلەی شێعرەکانت بەریـە سەرێ . بەڵام لە نووسینی کوردی دا هەڵە ت زۆرە کە پێویستە بە موتاڵای زۆرتر ئـە و هەڵانەش چاك کەیەوە . ئەوە چەند بەیـت لە شێعرەکەت دەخەینە بەر چاوی خوێنەران :

ئاخـۆ ئەتوانم ئـەمشـەو
ژانم بـە جۆرێ چـار کـەم
بـاڵ بگـرم هـەر وەکـوو کـەو
روو لە لای کۆشکی یـار کـەم
ئەتـرسم بـاڵ و پـۆپـم
لە ئاسمانـی کـەش و ئـاڵ
یـەك لە دوای یەك هەڵـوەرن
ژین کەن بە خەون و خـەیـاڵ

نامە و دیاری ئەو ئازیزانەشمان بـە دەست گەیشتووە ولە لایەن بەرپرسـانـەوە و راوێژکاران و رەخنەکانیان لە دەفتـەری تایبەتی دا نووسراوەتەوە ولە گەنجینـەی فەرهەنگ و ئەدەبی ئەو ناوەندەدا هەڵگیراوە وێڕای سوپاس لە ئێوە هاوکارانی بەڕێـز چاوەڕێین هەتا ئەو پێوە ندیە پتەوترکەن ولە مەودوا سروە بە دیاری یە جوانەکانتان برازێننـەوە .

سەردەشت : سمایل خدری ـ ئیبراهیـم مستەفا ـ سەعید رەحمانی ـ خالـیـد جووتیار ـ ئیسماعیل خدری ـ ع . م ـ رووبار ـ عەلی محەممەدی ـ عوسمـان عەلیزادە ـ مەحموود حوسێنی ـ شـاکـر سەردەشتی ـ کەریم خدر زادە ـ حەدادی ـ بەختیار حەسەنی ـ خالد جووتیار ـ ئەمیـر مەلکاری .

بـۆکـان : محەممەد سولەیمانپـوور ـ عەبدوللا ئـەییووب زادە ـ محەممـە د سولەیمان پوور ـ ناسر باباسـیـری محەممەد ئەمین رەحیمی ـ عەبدولـلا رەمەزانـی ـ محەممەد تازە قەلعەکـی ـ کەمال ئەحمەد ـ ئەبووبەکر رەحیم پوور ـ محەممەد فارووق فووجی ـ عەزیز دەیلـەمی ـ کەماڵە ددین کەریمی ـ حوسین حەسەنی ـ سمایل قاسمی ـ محەممەد ڕەسوول مەلایی ـ ئیسماعیل قاسمی ـ رەسوول خـدری ـ حامید نیعمەتی ـ عەلی ئەحمەدی ـ سەعیـد رەمەزانی ـ لوقمان نەجاری ـ عەودولخالقی یەعقووبی ـ ئەنوەر نوور محەممەدی ـ نـاد ر نیروومەند ـ عەلی ئەمین و عوسمـانـی مەناف پوور ـ سەلاحەدین فەتاح ـ کـەما ل کارگەر .

شنـۆ : خوشکە مەریەم ئەدیب زادە ـ عەبدوللا ئەحمەدی ـ جەمیل ئاسو ـ سـلیـم یووسفی ـ محەممەد ئەدیب زادە ـ حەسـەن رەوەندی ـ سەلاحەدین عەزیزیان ـ کەمال نابووس ـ ئیبـراهیـم مـــورادی سەلاحەدین ماوەتی ـ فەتاح ئەحمـەدی ـ محەمـەد سەلیم چایی ـ عوسمان شوکری ـ هیوا ئەمینی ـ حایل قادری ـ خوشکـە مەریەم ئەدیب زادە ـ موزەفەر مەهدی زادە .

سەقز : ئیبراهیم بازیان ـ عەبـدوللا وەکیلی ـ جەمال توپچی ـ ئـەنـوە ر غەفووری ـ نافع مەزهەری ـ جەعفـە ر محەممەدی ـ سەید کامیل حوسێنی ـ کـاو ە کول کار ـ مەحموود خالدی ـ خـالـد حەسەن زادە ـ فاتیح حەیدەر نژاد ـ محەمە د شافیعی ـ جەمال رەعدی ـ محـەمـە د نافیع عەلائی ـ عەبدولکەریم رەزاقـی ـ عەبباس کەریمی ـ شاهۆ ـ ز . ی ـ مەحموود قادر ئاوارە ـ زاهد ئـازمی ـ کەریـم گەنجعەلی پوور ـ خـوشکـە شەهناز رەحمان پوور ـ محەممەد کەریم .

پیرانشار : عەلی مەولوودی ـ حەسـەن بایەزیدی ـ عوسمان پەراکەندە ـ محەمـە د شەریـف زادە ـ سـەعید عەبـدی ـ عەبدولقادر بەرزەنجی ـ ئیبراهیم یووسفی ـ محەممەد وەسیمی موحەسیلی ـ کەریـم ئاسوود ـ مەلا عوبەیـدیلا ـ عەبدولکەریم بایەزیـدی ـ حوسین ئەمینی ـ مـە لا قادر پیرە مێرد ـ سەیید ئیسماعیل سەییـد شوکری ـ سەیید حەسەن و سەید ئەحمە د بەرزنجی ـ رەحمان عەبدوللا پوور ئازەر ـ سولەیمان مـودەرسـی .

سنە : نیعمەت کارگاهی ـ حەبیب ولـلا شاە مـورادی ـ زەبوون ـ خالیـد ئەحمەدی ـ خالید پەشێو ـ حـامـد مودەرس گورجی ـ ئەنوەر رەوشـەن ـ ئیسماعیل مەجیدی .

سەیرانێکی کورت بە جیهانی هونەری منالاندا

■ فارووق سەفی زادە
(بۆکەیی)

هەڵسەنگاندنی بەرهەمی هونەری منداڵ بە تایبەت لە باری وێنە ونیگارەوە،کە دەگەڵ چاوکردنەوەی،دەست پێ دەکا ، باسێکی گرینگە وبیر و را لەم بارەوە زۆرە. چۆنیەتی پەروەردەکردن و بارهێنانی منداڵ لەو ڕێبازەدا ،ئەرکێکی زۆر گرینگە.

ئەگەر لە سەرەتای منداڵی- یەوە،بۆ چوونێکی دروستمان لە منداڵ هەبێ و بارهێنانی دروست بێ ،زەوق وباری هونەری منداڵ هەر لەو سەردەمەوە دیاری دەکرێ.

دەورانێکی سەیروسەرسوڕهێنەر:

بەرلەوەی لە دونیای سەیری منداڵی وردبینەوە، پێویستە بە چاوێکی توێژکارانە و زانایانە بڕوانینە منداڵ.

ئەگەر بە وردی بڕوانینە هەردوو دیمەنی دەرەوە(ظاهر) و دەروونی (باطن) منداڵ بۆمان دەردەکەوێ کە هەزاران مەبەستی سەرنج ڕاکێش لە دەروونی هەرمناڵێکا - هێندێک دیاروهێندێکیش نادیار- خۆیان حەشارداوە.

جابۆیە دنیای منداڵی دەورانێکی سەیروبەربڵاوە وهەر لەم ڕوانگەوە ، زانایان ورەوان ناسان دەڕواننە دەروونی منداڵ و هەر ئەو شوێنەش لە داهاتوودا درێژەی دەبێ .

ئەگەر دایک وباوک لە ماڵێ و ماموستایان لە قوتابخانە بتوانن دەروونی منداڵ بدۆزنەوە ودەخووخدە و ئاکاری منداڵ بگەن،هەردوولا (منداڵ - ئەندامانی دەوروبەری منداڵ)، دەتوانن بە یەکەوە بەرەو ژیانێکی دروست‌هەنگاو هەڵێننەوە.

لە ئەنجامی ئەم تێبینییانەدا بۆمان دەردەکەوێ کە منداڵ ڕاستەوخۆ، سەرچاوەیەکە بۆ فێربوون وفێرکردن .

ئاواتێکی دەروونی :

مناڵ پەپوولەیەکی گوڵزاری بەهاری ژینی دڵکێش و ڕەنگینە. منداڵ دەیهەوێ لە نهێنی یەکانی ژیان وسروشت ودەوروبەری خۆی بگا وهەروەها دەیەوێ لەدەروونی خۆی وهاواڵ وخوشک و برا و دایک وباوک وماموستاکانی بگا .

هەربەوهۆیە دەڵێن منداڵ خۆی هونەرمەندێکی بەسەلیقە ولێهاتووە .

کاتێک ئەم بەرهەمە چەقەرە دەدا و پەل بڵاو دەکاتەوە کە ڕێگای تایبەتی خۆی بۆ دیاری بکرێ وجا ئەمجارە ئاکامێکی باش وجوانی دەبێ .

ئاکار و بزووتنەوەی منال پێشاندەری وێنەی خەیاڵی وی یە .

بۆ وێنە ئەگەر توانی شتێک بە دەستەوە بگرێ هەڵیدە سووڕێنێ،هەڵیداوێ و.... یا دەنگی سەیردەردێنێ دەقیژێنێ و... بەم جۆرانە هەستی دەروونی خۆی دەردەبڕێ وئاوات وئارەزووەکانی خۆی بە شکڵی وێنەیەک لە ئاکاری خۆی دەردەبڕێ.

دەتوانین بڵێین هەربەم شێوە ،منداڵ لەو کاتەوە چاو دەکاتەوە، بە هەمە ڕەنگ پێداویستی و ئارەزووی دەروونی خۆی دەردەبڕێ و بە پێی زیادبوونی تەمەنی حاڵەتی ئەم ئاکارانە دەگۆڕدرێن.

پێوەندی منداڵ دەگەڵ دەوروبەری:

منداڵ لە هەموو شتی دەوروبەری خۆی ورد دەبێتەوە دەیهەوێ لە ناخی هەموو شتێک بگا و نهێنییەکان بدۆزێتەوە .


سازکردنی خانووچکە،ساز کردنی شتی سەیربە کاغەز و چیلکە و گەڵا وگوڵ وشەمچە و...،شتێکی تەبیعی یە

هەرلەم ڕێبازەرا، دەبێ کەرەسەی یاریکاری بەپێی تەمەنی منداڵ بۆی هەڵبژێر- درێ. ئەم کارەش دەبێتە هۆی پەروەردە بوونی زەوقی هونەری منداڵ.

هەروەها بردنە دەری منداڵ بۆ گەشت و سەیران و دیتنی دیمەن و وێنەکان،بۆپەرەگرتنی توانای هونەری منداڵ بەجێیە.

سەرەتای وێنەگەری منداڵ:

کاتێ منداڵ خوشك وبراکانی دەبینێ کە قەڵەم ودەفتەریان بەدەستەوە و خەریکی نووسینەوە و وێنەکێشانەوەن پەلاماری قەڵەمەکانیان دەدا و دەیەوێ وێنەی دونیای تایبەتی خۆی بکێشێتەوە. بە پێکەنینەوە، ڕاست وچەپی خەت دەکێشێ ولە خۆشیان هەڵدەبەزێتەوە. ئەگەر قەڵەم ودەفتەری لەبەردەست نەبێ،دارودیوارخەت دەکێشێ



جا لەبەر ئەوەی ئاواتی منداڵ سەرکوت نەکرێ وبەهرەی پیرۆزی زیندە بەگۆڕ نەبێ پێویستە کەرەسەی پێویستی بدرێتێ تا هونەرەکەی گەشە پێ بدا.

بابەتەکانی وێنەگەری منال:

لە رابردوو دا، زۆرجار بە هۆی نەناسینی هەستی خاوێنی دەروونی منداڵ ئەم زەوقەی منداڵ سەرکوت کراوە وسەدان هونەرمەند بە ناکامی سەریان ناوەتەوە.

ئازادی کاریان بە منال نەدەدا ئەگەر داباشیان ،لە چوارچێوەیەکی بەستراودا بوو کە منداڵ مەودای فیکر کردنەوە و دەربڕینی هەست و زەوقی خۆی نەبووە.

جێی داخێکی زۆرە کە ئێستاش لە زۆربەی قوتابخانەکان ئەم کارە هەر ماوە و بایەخی واقیعی بە هونەر نادرێ،بەڵکوو هونەر بە سووك دەگرن....

کار لە سەر منداڵ بۆپەروەردە کردنی لایەنی هونەری دەبێ بەردەوام بێ،دەبێ کادری هونەری زیاد بکرێ و لە هەموو چەشنە کاری هونەریداهاوبەشی بکات. بایەخی تەواوبە هونەر بدرێ، چونکە هونەر ئاوێنەی ژیانە.

ژیانی ڕۆژانەی منداڵ وەك لە خەو هەستان، نان خواردن گەڕان، پێوەندی دەگەڵ دە ورو- بەر هۆنراوە و چیرۆکی منداڵان و... بۆ وێنەگەری منداڵ زۆر سووژەی باشن.

ئەوەشمان لە بیر نەچێ ئەگەر منداڵ ویستی بەداخواز وئارەزووی خۆی وێنەیەك بکێشێتەوە،نابێ بەرگری لێ بکرێ.

دانی ئازادی بە منداڵ:

ئێمە لە ژیانی ڕۆژانەی خۆماندا هەڵس و کەوتی زۆرمان لە بەرە. کەسیش نیە لەم ڕێبازەدا ڕێنگامان پێشان دا. ئەو مەبەستە بۆ منداڵانیش لەبەرچاوە منداڵ ناتوانێ بە وتە بێزاری خۆی دەربڕێ ،لە دەروونیدا دەمێنێتەوە هەر بۆیە ئەگەر دەست لە کاری منداڵ وەردەین دەروونی بریندار دەبێ و لە کارەکانی دڵسارد دەبێتەوە.

منداڵ وەك سەرچاوەیەك وایە کە ئەگەر زۆر دەستکاری بکرێ وردە وردە ویشك دەبێ

بەڵام ئەگەر لە سەرچاوەکەیەوە خاوێن بکرێتەوە، ئاوەکە خاوێن وجوان دێتەدەر ودرێژە بە ڕێگای خۆی دەدا.

هەڵسەنگاندنی بەرهەمی منداڵ :

گەلێ ڕاست ودروستە کە گوتراوە دەردەدار بە دەردی خۆی دەزانێ... لەمەوبەر هەربەش و پارچەیەکی وانەی* هونەر بە دەست مامۆستایەکەوە بوو بەم چەشنە مامۆستایەکی تایبەتی بۆ هونەر تەرخان نەکرابوو تابتوانێ زنجیرەی سەرەتا وکۆتایی ئەم مەبەستە ڕەنگینە بەیەکەوە ببەستێ. یا هێندێك لە مامۆستایان ئەم وانەیان بە دەرفەت زانیوە بۆ حەسانەوەی خۆیان و سەرکوتکردنی منالەکان.

ئەرکی مامۆستاکان ئەوەیە کە منالەکان هان بدەن کە بتوانن ڕۆژ بەرۆژ باشتر خۆ بنوێنن.

بەم چەشنە تووی هێز و توانای باوەڕ بە خۆکردن لە دەروونی منداڵ دا دەچێنرێ وهەست بە سەربەخۆ بوون دەکا.

هەندێ چیرۆك لە وێنەی منداڵدا :

ژیانی مرۆڤ وەك چیرۆکێکی شانۆیی وایە. سەردەمی منالێش خۆشترین وجوانترین بەشی ئەم شانۆیەیە کە پڕە لە خەونی سەوزو ئاڵ، پڕە لە کاتی شیرینی سەردەمی دونیای منداڵی.

سەرەتای ژیانی منداڵ پڕە لە سەرنج و تۆمارکردن. لەو سەردەمەدا منداڵ وەك تۆمارێکی ئەلکترۆنی. هەموو شتێك وەردەگرێ و ژیانی منداڵی لەم سالانەوە دەس پێ دەکا.

باوکێکی هونەرمەند گێڕایەوە:

منالەکەم. کە تەمەنی سێ ساڵ ونیوە، خەریکی یاری کردن بوو، لە پاشان وێنەیەکی کێشاوە و گوتی:

- ئاها بابە، وێنەی تۆ و دایکم کێشاوەتەوە.

کاتێ سەرەنجمدا ،دیتم زۆر خەتی تێکەڵ وپێکەلێ کێشاوەتەوە منیش ئافەرینم پێ گوت و ماچم کرد.

پاشان دیتم خەریکە بە قەڵەم وێنەکە خەت خەتی دەکا. کاتێ هۆی ئەم کارەم لێ پرسی.

وەڵامی دامەوە :

ئاخر تۆ زۆرجار توورە دەبی وبە توندی بە سەرمێزەکەی دادەدەی.

منالێکی تر، خەتی جۆرا جۆری کێشاوەتەوە و دەلێ ئەمە وێنەی ئەم باڵندانەن کە لە باغ دیتوومن و هەریەکەی نێوێکیان لەسەر دادەنێ.

لە جێ یەکی تر هێندێ منالێ قەڵەم بە دەست،دەفتەرەکەیان خەت خەت دەکەن و دەڵێن وێنەی یەکتر دەکێشینەوە.

ئەوروکە هەلێکی زۆر باش بۆمندالان پێك هاتووە کە ئەگەر بتوانن کەلکی لێ وەرگرن. داهاتوویەکی ڕووناکیان لەبەرە.

قوتابی یەکی پۆلی یەکەمی سەرەتایی تەماشای وێنەکەی کە کێشاویەتیەوە دەکاودەلێ:

لەناو ئەو باخ ودارستانەرا پیاسە دەکەم.

کیژۆڵەیەك زماوەند و بووك گواستنەوەی گەڕەکی خۆیان دەکێشیتەوە وبە پێکەنینەوە دەلێ :

نوقل ونەبات بەسەر بووك دا هەلدەاوێن.

بەم چەشنە لەم جۆرە چیرۆکانەدا هەمووهەستێك لە ناخی منالەوە سەرهەلدە- دەن وبە شێوەیەکی دروست پێوەندی نێوان سروشت ودەوروبەر ودەروونی منداڵ دەردەخەن.

بێ گومان ئەگەر منداڵەکانی ئێمەش لەم ڕێبازەدا سەرپەرستیان هەبێ، لە داهاتوویەکی نیزیك دا دەبنە خاوەنی قوتابخانەی هونەری تایبەتی خۆیان و دەگەڵ کاروانی هونەری مندالانی جیهان بەرە وپێش دەڕۆن.

لە کۆتاییدا دەلێم کە ئەم باسە بۆ نیشان دانی مەبەستێکی گرینگ وچارەسەر کردنیەتی ،هەروەها دەرگا ،بۆ درێژە پێدان وتۆژینەوە و فێر کردنی لە لایەن زانایانەوە ئاوالە دەکاتەوە.

سالی ١٣٢٩ هه تاوی تاقمێك چه ته له له دێی بانه زێو، ناوچه ی سه رده شت ده گه ڵ سه ید فه تحوڵلا نۆكه ری حه مه دی ئاغای " لێلانه " به شه ڕ هاتبوون. له و شه ڕه دا سه ید فه تحوڵلا لاقی ده شكێ و ماوه ی چوار مانگ ده جێداده كه وێ.

زۆرجار دوكتۆری خۆماڵی ده رمانی ده كه ن به ڵام چا نابێته وه، فه قێ ساڵحی شه رگه سه ید عه وڵای برای رێنموونی كردبوو، هاته " سه به تلوو " كه من ده گه ڵ خۆی به رێ. پاش تكا و ڕه جایه كی زۆر هه ستام ره گه ڵی كه وتم. كاتێك گه یشتمه " لێلانه " سه ید فه تحوڵلایان به داره مه یت هێنا لای من، چه ند رۆژێكم ده رمان كرد چاك بۆوه. دوای ئه و نه خۆش ئه وه نده زۆر بوو بۆ ماوه ی مانگێك فریای چوونه وه نه كه وتم. جاری وا بوو نانم پێ نه ده خورا.

رۆژێك كابرایه ك به ناوی سه ید مه نسوور خه ڵكی (ماوه لۆ) هاته لای حه مه د ئاغای " لێلانه " كچێكی نه خۆشی بوو هێنای بۆ لای من و قسه كانیان به م جۆره ده ست پێكرد:

-" حه وت ساڵه نه خۆشه. مردووه به ڵام نانی زیندوان ده خوا، ماوه یه ك له مه وبه ر به یارمه تی هێندێك له براده رانی ئه و دیو ناردم بۆ سوله یمانیه، شه ش مانگ له خه سته خانه ماوه به ڵام بێ فایده بوو. دوكتۆره كان چاره یان نه كرد، له وێرا ناردیان بۆ كه ركووك ماوه ی ساڵێكی ته واویش له وێ ماوه سه رت نه یه شێنم چاره ی نه كرا، دۆستان وه ڵامیان دامێ چووم هێنامه وه بۆ ئێران.


له ئێران بردم بۆ لای شێخ ئه مین بێژوه یی.

گوتم: " قوربان ئه و دیاریه م بۆ جه نابت هێناوه. دیاره پاش خوا تۆ به منت داوه (سه ید مه نسوور هێنده باوه ڕی به شێخ ئه مین هه بوو وایده زانی كچه كه ی خوا پێداوی ئه وه.)

شێخ فه رمووی بیبه وه بۆ ماڵێ، خۆت خزمه تی بكه قه ولت پێ ده ده م چاك

به سه رهاتی سه ره وه مان له لایه ن میرزا محه مه دی ره فاعی یه وه كه پزشكێكی خۆماڵی یه پێكه یشتووه كه خڕ و پته و بڵاومان كردووه.

ده رمانی خۆماڵی



به سه رهات

ده بێ ، ئه منیش چون زۆرم باوه ڕ پێی بوو به دڵنیایی هێنامه وه ماڵی خۆمان ٠ دوکتۆره کانی ئه و دیو گوتبوویان تا ئێستا نه خۆشی وامان نه دیوه هیچ جێگایه ك له له شی ناجووڵێته وه ، پێڵووی چاوی زه رد بووه،ددانی لێك توند کردوون ، ده نگی نایه و نه خۆشیه که ی ناناسرێ ٠ به ڵام من پێم وابوو شێخ له غه یبه وه پێی گوتراوه چا ده بێ ٠

حه مه د ئاغا گوتی :

-" سه ید مه نسوور زۆر فه قیره ده بێ زۆر باش چاو له نه خۆشه که ی بکه ی ٠

هه ستام چووم کچه م موعاینه کرد به ڵام هیچ شتێکم له نه خۆشیه که ی نه زانی ، چۆنه تی نه خۆشیه که م له دایکی پرسی :

-" دایه گیان ئه و کچه چۆن بوو وا نه خۆش که وت ؟"

-" ماوه یه ك بوو به مێردمان دابوو ، به ڵام هێشتا ماره کراوی کابرا بوو ، نه گوێزرابۆوه ، رۆژێك باران باری کانی یه ك له پشت ماڵانه ، چووبوو خاوێنی کاته وه ، وه ختایه کی هاته وه هه موو گیانی ده به ر ئاوێ دابوو وه ك مێوژۆکه ده له رزی ٠ چه ق و چۆی ددانی بوو و ئه منیش خێرا جلکه کانم له به ر داماڵی ٠ پاش دوو سه عات ژانێکی پێوه نووسا به نینۆك عه رزی هه ڵده قه ند ٠ ژانه که ی هێدی بوو ٠ ئه وجار دوو رۆژ مته قی لێبڕا وده نگ له و دیواره هاتبێ له و کچه نه هات ٠ وام زانی نه ماوه ٠ ئه گه ر لێی خورد بوومه وه به حاستەم ودووبه ڵا هه ناسه ی ده هات ونه ده هات ٠ یه ك دوو که وچکم خوارده مه نی ده گه رووی کرد ٠

خوارده مه نی ده گه رووی کرد ٠ سه رت نه یه شێنم حه وت ساڵه تووشی ئه و رۆژه ڕه شیه بووینه ، هه رچی هه مان بوو لێمان خه رج کردووه ، کابرای بێگانه ش خۆ باب وبرای نیه دڵی پێ بسووتێ ئه گه ر دیتی وایه له باتی هه مو و شتێك ته ڵاقی دا ٠

پاش قسه ی دایکی بۆم ده رکه وت که چڵك و چه په ری ئاوه که چۆته نێو له شی و ده بێ به تاڵ کرێ ٠ بۆ ئه و کاره ته ندوورم پێ داخستن لێ گه ڕام هه تا ئاوره که ی دامرکا ، پاشان نه خۆشه که م به کۆنیاك و رۆن زه یتوون چه ور کرد ٠ رووتم کرده وه و خستمه نێو ته ندووره که ٠ به ڵام له جیاتی کورسی له سه ر پووتێکم* دانا و بۆ ئه وه قالبی نه سووتێ سه ری له ده رێ بوو ، گه رما سه نجم نابووه زاری و گلۆێنه شم گرت ٠ پاش ده ده قیقه دڵۆپه ئاره قه یه ك له نێوچاوانی وه ده ر که وت له سه ید مه نسوور م پرسی :

-" کچه که ت ناوی چیه ؟

- ئامینه

بانگم کرد ئامین دوای حه وت ساڵ گوتی :

-" به لێ

دایك وباوکی له خه نی و خۆشیان که می مابوو دڵیان بتۆقێ ، ئامین جار له جار چاکتر بوو ، پاش بیست ده قیقه به جوانی وه قسه هات ٠

سه عاتێك زیاتر له ته ندووردا نه ماوه ، ئازای به ده نی ده به ر ئاوێ دا بوو ، ده ستت له هه ر جێگایه کی دابا ده یزانی ، هێنامه ده ری و به دایکی جوان جوان وشکم کرده وه ٠ دیسان له خۆ چوو ٠ سێ ده نگ گۆگجه* م حازر کردبوو و نه فه سی مه سنووعیشم ده دایه ، گۆگجه که م ده زاری دا تولووخانده وه ٠ به ئاوی گۆگجه فشاری خوێنی هاته سه رێ ٠ پاش حه وت رۆژ نه خۆش به لای لێ برا ٠

له ناوچه ی سه رده شت ده نگی داوه که دوکتۆره که ی " سه به تلوو " نه خۆشێکی مردووی زیندوو کردۆته وه ٠ به قسه ی خه ڵکی له رۆژنامه دا نووسرابوو به ڵام خۆم نه مدی ٠

به گوێره ی خه به رێ که له خه ڵکم زانیوه ئێستا ئه و کچه شووی کردووه وله شاری سه رده شته و منداڵیشی هه یه ٠■

خۆشکە چکۆلەی چاوشینی من...

■ عەلی نانە وازادە

شەو نەبوو ، بەڵام هەتاویش بەئاسمانەوە نەبوو • دوو کێوەکان خۆیان دەنواند و لە نێو تەمێکی یەکدەست دا تلابوونەوە* • مارێکی ئەستوور و درێژ خۆی لە قەفی دارێک هاڵاندبوو • بێچوو و باڵندەکان زاریان بە دەمای خۆیان داپچڕاندبوو و دەیانجووکاند • دایکە و بابەشالاویان دەبرد ، دندووکی چووکیان لە گیانی مار رادەکێشا بەڵام مخابن کەلکی نەبوو • مار زاری بە قەراهیلانەکە داپچڕی و دەیەویست جووجەڵەکان بە هێلانەوە هەڵلووشێ کە خوشکە چکۆلەی چاو شینی من لە خەو راپەڕی •

نیوە شەو بوو • ئەستێرەکان فوو کرا بوون • لە ئاسمان ، لە دیوارەکان ، تەنانەت لە پەنجەرە و رۆچنایی ، تاریکی دەتکا نێو ژوورەکەی • یەک بە خۆی هاواری کرد • پرخەی خەڵک هاوارەکەی خنکاند و قووتی دا • هەناسەیەکی هەڵکێشا ، هەناسەکە پەنجەی لە سینگی دا کوتا و نەهاتەوە دەر • دەستی بە ئەوکی گرت و رای کردە کۆڵان •

هەر هەڵدەهات . کون تەواو نەدەبوو ، کۆڵان بنەبانی نەبوو • وەرەز بوو ، ماندوو بوو • تاریکی بە شوێنیەوە نەمابوو ، لە جێی خۆی دانیشت • دیوارێک لە سووچی کۆڵان بەرز ببووەوە • کوندێکی دەستەمۆ لە سەری هەڵنیشتبوو و سەری بێچوەکانی دەخوارد و پەنجەکانی فڕێ دەدان • دەستی بۆ پێی درێژ کرد •



پەنجەکانی تێکەڵاوی زەوی ببوون • ویستی هەستێ ، نەیتوانی • زەوی بۆ لای خۆی دەکێشا ، دەیەویست قووتی دا •

تاریکی لە پشت دیوار پەنگاوی خوارد بۆوە • دڵۆپێک رەشاییتکا نێو دەریای مەندی تاریکی ، شەپۆلی داوە • دەریا شڵەژا ، بوو بە فەرتەنە* • دیوار رووخا • تاریکی بۆوە لافاو بە هاژە هاژ بە کۆڵانەکان داهاتە خوارێ و ماڵەکانی رەپاڵ نا •

خوشکە چکۆلەی چاوشینی من زاری نەبوو هاوار بکا ، دەستی نەبوو مەلەی بکا ، پێی نەمابوو پێی رابکا ، چاوی بڕا تێرتێر گریا • فرمێسکی شین بوو بە و دمێک* پەردەی تاریکی دادڕی • هەموو زەوی ، هەموو وڵات شین هەڵگەڕا بەڵام شینتر لە رەنگی ئاسمان •

کێوێکی بەرز لە بەر دەمی لە خەو دابوو • ئارام ئارام لە سەر پەنجە وەسەر کەوت • لە بن رەوەزێک هەتاو پەڵە هەورێکی بە خۆی دادابوو وخەونی دەدیت • هەورەکەی لە سەر لادا و پیلی راکێشا • هەتاو لاساری دەکرد و چاوی خەواڵووی هەڵنەدێنا • خوشکە چکۆلەم چاوی ماچ کرد ، قژی زەردی خۆی پێ دادا و بۆ نێرینەی ئاسمانی نارد •

ئاسمان ساو بوو ، هەتاو قژی زەردی بڵاو کردبوو • لە کێو داگەڕا • ماڵەکان نەمابوون بەڵام دەرکەکان هەروا بە داخراوی مابوونەوە • لە بەر هەر دەرکەیەکیش گوڵێک روابوو • گوڵێک لە بەر خۆیەوە دەگریا • گوڵێکی زۆر چکۆلە بوو هێشتا نەپشکووتبوو • لە بەر بێڵایە لانکەیەکی لێ بوو • هەڵیگرت و لە لانکەی ناو لایە لایەی بۆ کرد بەڵام گوڵ هەر دەگریا و دایکی دەویست • هەستا رۆیشت پرچی بێنێ جۆلانەیەکی بۆ دابەستێ • بۆ لای کێو رۆیشتەوە • هەتاو زۆر دوور کەوتبۆوە و دەستی پێی رانەدەگەیشت • هەرای لێکرد :

- هۆی هەتاوێ پرچە زەردەی من
بدەوە !

هەتاو مۆنەی لێکرد و رووی لێ وەرگێڕا . خوشکە چکۆڵەم توورە بوو . دارێکی درێژی هێنا و لە هەتاوی راکێشا . هەتاو لە پڕ بوو بە مارێك ، رەش وئەستوور . لە دار هالا و هاتە خوارێ . مار گەزارەی* ئاورینی لێ دەرکێشا . داوێنی کراسەکەی ئاوری گرت . بە گریان بە کۆڵانەکاندا هەلات . کۆڵان بنە بانی نەبوو . ئاور پەرە گر بوو و بلێسەی دەدا . گوڵەکان هەڵدەپرووزان و لە جێی خۆیان گڵکۆیەکیان لێ ساز دەبوو . هەموو شار بوو بە گڵکۆ ، شار بوو بە گڵکۆی کۆڵان . خوشکە چکۆڵەی چاو شینی من هەر دەتواوە و کەم دەبۆوە . وردە ،ورد ە هەر چاوی ما ، چاوێکی شین . چاوی شینی بوو بە کووژەکە . کووژەکەیەکی شین بەڵام شینتر لە رەنگی ئاسمان .


شەو نەبوو ، بەڵام هەتاویش بە ئاسمانەوە نەبوو . پیرێژنێك خەمی هەزار ساڵەی لە بوخچەی بن هەنگڵی نابوو و بە کۆمەکوم رێگای سەختی داهاتووی دەبڕی . لە سەر رێگا کووژە کەیەك کەوتبوو . دەستە چرچەکانی بۆ درێژ کرد . هەڵیگرت و لە سەر لەپی دەستی ماوەیەك تێی فکری . لانکەی نەوەکەی ساڵها بوو کووژەکەی نەبوو . روانیە ئاسمان کووژەکەی دەباغەڵ نا و دیسان ملی لە ریگا ناوە .

پەنجەرە

ماموٚستا سوارە ئیلخانی زادە

دیاری : ئەحمەد شەریفی

تەوژم و تین ئەگەڕا
نوتفەدانی پەنجەرەکان
وە ...
ماڵی بێ زگ و زا*
پڕ ئەبوو
لە تۆوی بەهار !
شنە هەمیشە وەکوو
ویر دی زاری پەنجەرە بوو
ئەبوو بە سەر بەندێ
لە قاپی سەوزی زەمەندا*
دووپات ئەکراوە
منیش دڵم پشکووت
بەڵێنی دەعوەتی رەنگینی پەنجەرەی
تا کی بەرە و بەهارم دا
لە بەر بەیانی وەها
خۆشەویست و متفەڕکا
کە کۆلکە زێرینە
ئەبوو بە مەقتەعی شێعری
د رێژی بارانە
وە ... پڕ بە پێستی لەشم
حولۆلی گیانی
تەبیعەت بوو
دەستم
لە چەشنی شینکە لە خاکی
بەهاری پاك ئەڕوا
وە عەتری زاری کچی پێوە
خاکی ماجووی*
منیش بە سەجع و هەوای
شەپۆلی چۆمە ئەلێم
شێعر و باو وباڵۆرەم
وە بابە سەوزە بە نەرمی
خەریکە لاوژە ئەگێڕێ
بە شێعری پاراو م
وە ئیمانم
پتەو ئەبێ بە سەفای
گەورە ماڵی پەنجەرەکان
لە هەر چی ئینسانە



ئەگێڕمەوە بە هەموو بانگەوازی دەستی بڵاوم
دەمێکی بوو دڵی من
پڕ بە پێستی تەنیایی
شەپۆ و شینی ئەگێڕا
دەمێکی واداوێ
بە هەر چی والەوزە و زاری سەوزی پەنجەرەدا
دڵی بە تاسەی من
خەریکە پێ ئەکەنێ

ساڵی ١٣٤٧
سوارە



ئاسنگەر و کوڕەکەی

■ سمایل سەید شوکری

له رۆژگارانی زۆر قەدیم ، له شارێکی بچووك ئاسنگەرێك دەژیا • ئاسنگەر پیاوێکی بەختەوەر بوو و بە ئاسوودەیی ژیانی رادەبوارد •

له کاری ئاسنگەری ، داهاتێکی باشی هەبوو • تەنیا پەژارەی ئەوە بوو کە کوڕێکی تەمبەڵ و بێکارەی بوو کە دەستی له رەش و سپی نەدەدا •

رۆژێك ئاسنگەر بە کوڕەکەی گوت :

ـ رۆڵە گیان تۆ ئێستا گەورە بووی و دەبێ کارێك بۆ خۆت بدۆزیەوە • دەبینی کە من پیر بووم و تۆش نابێ هەروا بێکار بسووڕێیەوە • جا بەو هۆیە سبەینێ کە له ماڵ وەدەرکەوتی تا کارێك نەدۆزیەوە و هێندێ پووڵ نەهێنیەوە روو دە ماڵ نەکەیەوە.

کوڕەکە بەو باسە زۆر تێك چوو • رۆیی بۆ لای دایکی • کاتێك دایکی بەوەی زانی زۆری بۆ پەرۆش بوو • پێی گوت :

ـ خەفەت مەخۆ کوڕم من هێندێکت پووڵ دەدەمێ ، بیدە بە باوکت و بڵێ بۆ خۆم کارم کردووە و وەدەستم هێناوە •

کوڕە بۆ سبەینێ ئەو کارەی کرد • پووڵەکەی دا بە باوکی • باوکی کوڕە هێندێکی دەست رێ خست و دەنێو ئاوری کوورەی هاویشت و گوتی :

ـ ئەم پووڵە تۆ خۆت وەدەست نەهێناوە •

کوڕە هیچی نەگوت • بە ناڕەحەتی بەرە و ماڵ بۆوە و چۆوە لای دایکی و رووداوەکەی بۆ گێڕاوە • دایکی سەبارەت بە خۆشەویستی کوڕەکەی ، لە رووی دڵسۆزیەوە ، دیسان هێندێکی دی پووڵ دا یە و پێی گوت :

سبەینێ زوو له ماڵ وەدەرکەوە و تا شەو مەگەڕێوە • شەوێ بڕۆ لای باوکت و پووڵەکەی بدە یەو بڵێ خۆم کارم کردوە و



وەدەستم هێناوە • له وانەیە ئەمجار نەزانێ •

کوڕە بۆ سبەینێ ئەو کارەی کرد • بەڵام بابی دیسان زانی ئەوە دەسڕەنجی خۆی نیە • سەری راوەشاند و بە

پەرۆشی یەوە گوتی :

- ئەو پوولە بە کارنایە، ئەو پوولەت بە کار و تێکۆشانی خۆت وەدەست نەهێناوە . ئەگەر بێتوو سبەینێ وەشوێن کارێك نەکەوی ، شەوێ ناهێڵم بێیەوە ماڵێ .

کوڕە زۆر نارەحەت تر لە جاران چۆوە لای دایکیو رووداوەکەی بۆ گێڕاوە . دایکی ئەمجار تێگەیشت کارێکی دروستی نەکردووە و باشتر ئەوەیە دڵسۆزی بێ جێ بۆ کوڕەکەی نەکا . ماوەیەك بیری کردەوە و پێی گوت :



کوڕە زۆری پێ تێك چوو . بەلام ئیدی چونکە تازە کەس نەبوو دڵسۆزی بۆ بکا ،بە هەناسە ساردی بە شوێن کارێکەوە لە ماڵ وەدەرکەوت .

رووی لە چەند جێ کرد تا لە ئاکامدا لە لای وەستایەك کە بۆ کارگەرێك مەحتەل بوو ، دەستی بە کار کردن کرد . ئەو رۆژە زۆر ئازا و تەڕدەست کاری کرد . رۆژ ئاوا یە هەر چەند کە زۆرماندوو بوو ، بەلام دڵ خۆش بوو . خۆشحاڵ بوو لە بەر ئەوەی کە دەیزانی ئەگەر ئەو پوولەی بە هێزی شان و با هۆی خۆی وەدەست هێناوە ، بۆ باوکی بەرێتەوە ، ئەو ئیتر ناتوانێ هیچی پێ بلێ و ئیرادی لێ بگرێ



- کوڕم باوکت راست دەڵێ . واباشترە وە دوای کارێك کەوی و لە شان و باهۆی خۆت کەلك وەرگری و شتێك وەدەس بێنی . پوولێك کە بە کوێرە وەری و دەست و مستی خۆت وەدەستی بێنی ، بێتوو کەمیش بێ ، باشتر لەو پوولەیە کە بێ ماندوو بوون و بە خۆڕایی وەدەستت دەکەوێ .





کوڕە بە خۆشی بۆ لای باوکی چۆوە و پووڵەکەی دە دەستی نا . ئاسنگەر دیسانیش پووڵەکەی لە ناو دەستی دا هەڵخلاند و دەنێو ئاوری کوورەی هاویشت و گوتی :

ـ نا ، تۆ دیسانیش درۆم لە گەڵ دەکەی . ئەو دراوەت بە تێکۆشانی خۆت وەدەس نەهێناوە . کوڕە لەم کارەی باوکی سەری سوڕ مابوو. خۆی بۆ لای کوورە هاویشت و پووڵەکەی لە ناو خۆڵە مێش و ئاگر دەرهێناوە و گوتی :

ـ دەڵێی چی بابە ؟ من لە بەیانی یەوە ئارەقە دەرێژم تا ئەم پووڵەم وەدەس هێناوە . ئەو کاتە تۆوا بە هاسانی دەسڕەنجی من فڕێدەدەی.

ئاسنگەر کە چاوی بەم کارەی کوڕەکەی کەوت پێکەنینی هات و گوتی :

ـ بژی کوڕم ، ئەو جار بۆم دەرکەوت کە ئەوە دەسڕەنجی خۆتە . ڕۆژانی رابردوو، کاتێ پووڵەکانم لێ دەئاورگەکە داویشتی، تۆ هیچ کاردانەوەیەکت لە خۆت نیشان نەدەدا ، چونکە بۆ وەدەس هێنانی ئەوان زەحمەت نەکێشابوو تا بایخیان بۆدابنێی؛ بەڵام چونکە ئەمڕۆ ئەو پوولـەت بە



تێکۆشان و کاری گران وەدەس هێناوە، قەدریشی دەزانی . جا لە ئێستاوە من و دایکت نە تەنیا لە بوونی کوڕێکی وەك تۆ شەرمەندە نین ، بەڵکوو شانازیشت پێوە دەکەین .



کتێب ناسی

☐ ناوی کتێب :
جغرافیای غرب ایران یا کوههای ناشناخته اوستا
☐ نویسنده : عماد الدین دولتشاهی
☐ چاپ نخست : ۱۳۶۳
☐ تیراژ : ۲۰۰۰ نسخه
☐ چاپخانهٔ نقش جهان
☐ قیمت : ۳۷۰ ریال

ئەم کتێبە لە ۱۸۶ لاپەڕە دا بلاو بـۆتەوە٠نووسەر (عماد الدین دولتشاهی) دەلێ کـە ئەم کتێبـە وەرگێراوی بەشێك لە " زامیـادی یەشته" کـە یەکێکە لە کتێبەکانی ئەوێستا و دەپێشدا لە لایـەن زانای فەرزانە مامۆستاپوور داوودەوە کراوەتە فارسی٠

مامۆستا دەولّەتشاهی وەرگێڕانێکی تازەی لـەم بەشەی " زامیادی یەشت " کردووە کە جیاوازی یەکی بنەڕەتی دەگەلّ وەرگێرانەکەی پوور داوود هەیە٠ هۆی ئەم جیاوازی یە دەولّەتشاهی خۆی بەیانی کـردووە٠

" ئەغلەبی واژە ئەویستایی‌یەکان دەگەلّ ئـەم واژانە کە لە کرماشان قسەی پێدەکەن یەکن و بـە سانایی دەناسرێنەوە٠چەند سالێکی تەواو واژە ئەوێستایی و کوردی یەکانم لە بەرامبەر یـەك راگرت و پێکم گرتن تا بۆم روون بۆوە دەگـەلّ زاراوەی کەلهوڕی و کرماشانی یەکن ٠ ئەوەشم بـۆ دەرکەوت کە زانا رۆژاوایی یەکان بێژ (تلفـظ) و مانای دروستی زۆربەی واژە ئەوێستایی یەکانیـان نەزانیوە و بە هەلّە وەریـان گێـڕاونـە سەرفارسی٠ لـە ئاکـامـدا هاتمە سـە ر ئـەو بـڕوایـە کـە بێ سەرنج دان بە وەرگێڕاوەکانی زانایانی رۆژاویـی ئەو کتێبە بە کەلك وەرگرتن لە زاراو ەی کەلهوڕی و کرماشانی دووبارە وەرگێڕمەوە سەر فارسی ٠٠٠"

نووسەر بە تێراشکاوی و ئیمانەوە دەلـێ: " بەشی زۆری واژە ئەوێستایی یەکان دەزاراوە و بن زاراوەکوردی‌یەکانی رۆژاوای ئێران دا پاش هەزاران سالّ هـەر ماون کە یارمەتیمان دەدەن باشتـر مانای واژە ئەوێستایی یـەکان لێك بدەینەوە ٠"


بـۆ نموونە رستەیەك لە ئەوێستا کە مامۆستـا دەولّەتشاهی بەیارمەتی کوردی کەلهوڕی وکرماشانی مـانـای لێداوەتـەوە رستەی ژێرەوەیە:

ئـەویستایی: [illegible]

بێژ بە پیتی کوردی : پەنامیَ ئەو یەزدانەن تائەو زایات ٠

مانای بە کـوردی : پەنام بۆ ئەو یەزدانەیە کـە ئەو تۆی زایاند (خولّقاند)

دەولّەتشاهی لە درێژەی کارە گرینگەکەی دا یـەك یەکی ناوە ئەوێستایی یەکان لە بەر یەك هەلّدەوەشێنێ و لـەت و کوتیان دەکا و بەرامبەرە کوردی یەکە- یان لە بەرا مبـەر رادەگرێ و مانایان دەکاتـەوە و تەرجمە و بۆ چوونی ژاك دەمۆڕگان و پوورداوودو زۆر زانای دی وەلا دەنێ ٠ بەم شێوە مامۆستـا دەولّەتشاهی ئالّ و گۆڕێکی گەورەی دەناسینی زبانـی ئەوێستایی دا پێك هێناوە و خەتی هەلّەی بە سـەر زۆر بۆ چوون و لێکدانەوەی پێشووی زانایانی ئێـرانـی و رۆژاوایی داهێناوە و ئەوە شتێکە کە لە داهاتـوودا دەنگ و هەرایەکی زۆر بەرز بەرز دەکاتـەوە■





شێعر چیه؟

ئه میر حوسێنی

زۆرکه س له زۆر جێگایان له ئه ده بیات و شێعر و شاعیری دواون . به لام مه به ستی شایانی باس ئه وه یه که :

ئێستاش به شێکی زۆر له شاعیره لاوه کان نازانن له شێعره کانیاندا باسی چ بکه ن! هه ر له سه ر ڕێ و شوێنی پێشوو باسی زولف وئه گریجه و پرچی لوول و به ژن و بالا و خه ت و خال ده که ن .

هه روه ك ده زانین گۆران ئه و ر چه یه ی شکاند و باسی کۆمه لایه تیشی ئاوێته ی شێعر کرد . به لام هێشتا هه ن که سانێك که ده ستیان له م جۆره باسانه هه لنه گرتووه و ده لێن :

ئێمه جگه له باسی دلداری خه می دیکه مان نیه، به لام هه روه ك ده زانین گه له که مان به هه زاران ده ردی کۆمه لایه تی و ئه خلاقی و رووحی هه یه که شایانی باس و لێکۆلینه وه ن .

له ژیانی ئه وڕۆدا کاتی باسی ره شماری پرچ وگۆنای ئال به سه رچووه .

ئه وڕۆ شێعری هه ر شاعیرێك ده بێ گیروگرفتی کۆمه له که ی پێشاندا و هه ر شێعره ش مه به ستێکی تێدا به دی بکرێ که سه رچاوه که ی کۆمه له .

" کاتێك شێعر وهۆنراوه ی ئه دیبێك موتالا ده که ین خه م وپه ژاره یه کی زۆر دامان ده گرێ و دل و ده روونمان ڕێك ده گوشرێ ، خه مێکی شاعیرانه که به ردی بناغه ی هونه ره به لام ئه و خه مه له شێعری نوێدا به دی ناکرێ . ئه وه ش له حالێکدایه که خه م ته نگی پێ هه لچنیوین و چوار ده وری گرتووین . خه می لاوبوون ، خه می نان، خه می داهاتوو، خه می ته مه نێکی به فیڕۆچوو ،خه می ئاواتی به ئاکام نه گه یشتوو ،خه می ژن بوون ، خه می بێکاری و ته نیایی و له هه موو ان به رزتو خه می «بوون و نه بوون" .

شێعر ده بێ ده نگ و هاواری کۆمه ل بێ .هێشتاش داب و نه ریتی زۆر ناحه ز له نێو ئێمه دا باوه که که س بۆلاشیان نه چووه و ته نانه ت ئاشێره شی پێ نه کردوون .

" شاعیر ده بێ به گوتنی هه ر دێره شێعرێك موویه کی سپی کا و به هه ر هۆنراوه یه ك سووچێکی گیانی بسووتێ ."

تایبه تمه ندی یه کانی شاعیر زۆرن ره نگه ئه و دوو رسته ی خواره وه که مێکمان شاعیر پێ بناسێنێ .

" شاعیری هاوچاخ ده بێ بزانێ له چ سووچێکی ئه و دونیا پان و به رینه دایه و چیان لێ ئه ستاندووه .
ئه وانه ده بێ له شێعره که یدا ده نگ داته وه ."

شێعر و ئه ده بیات یانی ده نگی ژیان و گشت تایبه تمه ندی یه کانی . جا ئه و تایبه تمه ندی یانه چ ده رد بن و چ ده رمان .

ئه ده بیات یانی به ره و رووبوونی ئینسان و ژیان .

سەلاح عەبدوللازادە

بێ کەس



لە کۆڵانی ماڵە مامم دەنگ و هەرایەك دەهات . زیل و بەندێك بوو دەتگوت رۆژی قەرە*وەیسە . کەوشەکانم بەپەلە دەپێ کرد و بۆ لای هەراکە رۆیشتم . پیاوێکی پیر و ردێن سپیم دیت کە سواری ئەسپێکی بۆرە ببوو . دیار بوو چاوی کەم نووره و منداڵێکی زۆری لێ کۆ ببۆوە یەك فیتووی لێدەدا و یەك شوولێ لە ئەسپەکەی راست دەکردەوە و هەر یەکە بە جۆرێك گاڵتەی پێ دەکرد . لێ یان کردبووە هەرا و ئەویش تووڕە ببوو و جنێوی دەدا و خۆی رادەپسکاند . زۆرم پێ ناخۆش بوو . پێم وابوو پیرە پیاو گێلە یا شێتە کەوا دەورە یان داوە و سەریان لێ شێواندووە . دەبێ چۆن بژی . بۆ کوێ دەچێ ؟ چارەنووسی چیە ؟ هێدی هێدی چوومە بەرەوە و لێم پرسی

" مامە گیان بۆ کوێ دەچی ؟ ئەم منداڵانە بۆلێت کۆبوونەوە ؟ . "

پیاوە پیرە لە قلپەی گریانی دا و گوتی :

-" بڕۆ لە من گەڕێ ! لێم گەڕێ با وام لێ بێ . حەقی خۆمە ! "

تێ نەگەیشتم دەبێ چی بەسەر هاتبێ و چی کردبێ ؟ منداڵەکانم بڵاوە پێکرد* و جڵەوی بارگینەکەم گرت و کەوتمە پێشی و بردمەوە ماڵی خۆمان . پاش پشوودانێك لێم پرسی :

-" مامە گیان بڵێ بۆچی نارەحەتی ؟ "

لە وەڵامدا گوتی :

-" نارەحەتی چی ؟ بریا زوو مردبام و ئەوکارەساتەم نەدیبا !. "


لێم پرسی :

-" مامەگیان ، ماڵێك حاڵێك ، لەکوێ دەبی ؟ چۆن دەژی ، منداڵێك ، کوڕێك کچێك ، کەست هەیە ؟ "


هەر کە وام گوت کوورەی دەروونی بڵێسەی کێشا و زووخاوی هەڵرشت . هەناسەیەکی دڵسووتێنی هەڵکێشا و گوتی :

-" ماڵم هەبوو ، عەولادیشم هەبوو . بەڵام ئەمڕۆ کەسم نیە . سێ کوڕم هەن خودا غەزەبی خۆیان بەسەردا ببارێنێ و دنیای روونیان لێ تاریك بێ . بە هەزار کوێرەوەری وفەعلەیی و سەپانی و شوانی وگاوانی گەورەم کردوون ،پێم گەیاندن ژنم بۆ هێنان ، ئێستا هەرسێك لە سەر مووچە و مەزرای خۆیانن و تێر و تەسەلن . رامناگرن، پێ یان عەیبە بە من بڵێن بابە . خەڵك شیووکولم بۆ دەکەن . بووکەکانم رووم لێ وەردەگێڕن و بێزیان نایە کارم بۆ بکەن . دەڵێن لیکن و پیسە و لەرزۆك بووە و بۆگەنی دێ. لە ماڵدا هەرکات میوانێك، کە سێك دێ کوڕەکانم دەڵێن بڕۆ دەرو مەیە ژوور با نەزانن تۆ باوکمانی . ئێستاکەش دەریان کردووم و سێ رۆژە کوڕە گەورەکەم بە بیانووی دوکتۆر بەسواری تا ئێرەی هێناوم و خۆی لێ دزیوەتەوە !

ئەرێ کاکە گیان عەولادم پێ گەیاند بۆ ئەو رۆژە ئاوام بەسەر بێت یا بۆ ئەوەی داردەستی پیری و پەککەوتەییم بێ ؟




تێبینی لە پڕ کردنەوەی ئەم جەدوەلە دا هەموو ئوسوولی ڕێنووسی کوردی بە پێی ڕێنووسی هەڵبژێردراوی ئەم گۆوارە ڕەچاو کراوە جگە لەوەی نیشانەی (٧) دانەنراوە، واتا ئەگەر بۆ وێنە وشەی (شر ،کوڵ، زۆر ، شێر ، و...) ی تێدابێ بە شکڵی (شر ،کول، زور ،شیرو...) دە نووسرێ ·



ئەو عارفە دڵسووتاوە بۆ کچی گاور لە ئیسلام وەرگەڕا ـ کلۆر ٢ ـ کز ـ دوو پیتی دوایی ئەلف بێتکە ـ سەر بەرەو ژوور ٣ ـ ڕێگا بە زبانی ترکی ـ نووسەرێکی بە ناو بانگی رووس ـ ردێن · ٤ ـ دۆڵ و شیو ـ کاری " ریا " کردنە ـ بلوێر· ٥ ـ هیوا ـ ورگ ٦ ـ پادشای باڵندان ـ بەشێك لە خانووبەرە ـ سنەیی دەڵێ هەیە ٧ ـ لە وێرا ـ ئەو بارستا بەفرەی بە با دەکەوێتە سەریەك و کۆ دەبێتەوە " ئەو " بۆ نێرینە بە زبانی ئینگلیسی · ٨ ـ ژمارە یەکە ـ ئاوەڵناوی پێوەندی ـ وڵاتێکی ئەفریقایی ٩ ـ جێگای پێشوو ـ نێو چاوان ـ ١٠ ـ خوشکی مێرد ـ دووپاتەی پیتێك ـ ئاوەڵناوی دووهەم کەسی تاك و کۆ بە زبانی ئنگلیسی ـ هەوسار ١١ ـ تەشەر و تانە ـ چەقالە ١٢ ـ کاری شایستە و باش ـ ناوچەیەکی کوردستانی تورکیا ١٣ ـ بێدەنگ ـ نیوەی خودا حافیزی بە زبانی بێگانە ـ گیایەکی کوێستانی ـ فەرمانی هاتن · ١٤ ـ نادیار ـ پیاو ـ مێژوو نووسی یوونانی قەدیم ١٥ ـ ڕژیمی خوێنمژی بەعس دەیەوێ بەم چەکە جووڵانەوەی کورد دابمرکێنێ ـ ئاوی نێو دەم ·

Mohammad

١ ـ گوڵێکی بەهاری ـ " کن " بە زاراوەی بادینی ـ ئاوی زار ـ ٢ ـ نۆبەتی وتەب ـ ئاوارە ـ ڕوخسار ٣ ـ ئامرازێکی کایە کردنی منداڵ کە بە دەوری خۆیدا دەسووڕێتەوە ـ کەشتی بیابان ـ شە · ٤ ـ واژەی هەڵبژاردن ـ دێوەزمە ـ ٥ ـ ئاوی ڕوونی سەر ماست ـ خەڵکی هەورامان ٦ ـ وردە بابەت ـ هەڵمەت ـ ٧ ـ دژی بڵیند ـ دووپاتەی پیتێك ـ زۆری نەماوە ببێتە " چۆم " ـ " ئێمە " بە زبانی بێگانە ٨ ـ خەڵکی عێراق ـ کورادە ٩ ـ دوو پاتەی پیتێك ـ بۆ سەر کەوتن دەبێ بەرز بی ـ ئاوا ـ دەردو بەلا ١٠ ـ ئەوانە دۆست نین ـ ئەستاندنەوەی لە دوژمن زۆر خۆشە ـ واژەی هەڵبژاردن · ١١ ـ " نۆبە " بە زاراوەی سنەیی ـ پارچەیەکی ناسك و زەریفە بۆ دەسرۆکە و پشتوێنی ژنان ١٢ ـ ناوی مەلێکە ـ جواوی تێکەلاو ـ دەستەمۆ ١٣ ـ ورتە ورتی هەست بزوێنی باڵندە ـ کایەیەکی بێگانە کە لە سەر میز دەکرێ ١٤ ـ باشوو ـ دەم و چاوی تەڕی پێ وشك دەکەنەوە ـ شێوە ڕۆیشتن ١٥ ـ لاواز ـ سوورەیەك لە قورئانی پیرۆز بۆ بەرێ کردنی پیاوی سەرە مەرگ ـ واژەی دەرد و کەسەر ـ ئاوی نێو دەم ·







پڕکراوەی جەدوەلی ژمارە (٢٨)

پەندی پێشینیان

* دونیا دبیت بهوّست ،بەلێ دوژمن نابیت دۆست.
* دەستێ ماندوو ل سەر زکێ تێرە.
* دەستێ ب تنێ دەنگ ژێ ناهێت.
* دوێ جەرباندێ چێترە ل ماستێ نەجەرباندی.
* دویرە نویرە.
* دەنگێ دەفێ دویرڤە خۆشە.
* دو کەر گارانەکن ، دو عەرەب کاروانەکن ، دو ژن دیوانەکن.
* دەرمانێ چیڤێ هەر چیڤە ، ل دوژمنی خونەکە هێڤی گەر تو شێربی دێ بی ریڤی.
* تەیرێ نێچیرێ ، دمێ وی یێ خارە.
* عاقل تاجێ زێڕینە ، بەلێ سەرێ هەمیادا نینە.
* رویڤی یێ وارێ خۆبە،نە شێرێ خەلکێ بە.
* شام شەکرە،بەلێ وەلات شرین ـ ترە.
* **قساراست یان ل شێتا ببهێ یان ل زارووێا.**
* **قیزا کو داییک پەسنێ وێ بدە بۆ خالۆ باشە.**

محەمەد شەعبان شلی

مەتەڵ

١ ـ بنکێ ئاخینە ، ناڤکێ دارینە ، سەرکێ زێڕینە.

٢ ـ حم حمە ـ دیوار سمە.

٣ ـ دارەکال دنێ ، پێنج تا دچنێ چهار ل رۆژێ ، یەك ل شەڤێ.

٤ ـ گیسکێ مەلا یی ، چو سەری چیایی ، نەهێلا داڤەکا گیایی.

٥ ـ کودکێ خوینێ ، چۆ جۆخوینێ چو مزکەفتی ، پەلەك کەفتێ.

٦ ـ سێسەد زەلام هاتن برەنگەکی یێ سترانا دبێژن بدەنگەکی.

٧ ـ شەش بەند و بەند لکەك دو نان و کۆتلکەك.

٨ ـ ل ناڤ دارو بارا ، زەر دکەن وەکی گوهارا.

٩ ـ سەرمشارە
پێ خەپارە
دووڤ قەتارە
کەرۆ د یکە
بێژە چیکە؟

بەرسڤا مەتەلان
١ ـ میۆا تری ٢ ـ مشك
٣ ـ نڤیژ ٤ ـ شە ٥ ـ
تڤەنك ٦ ـ مێشا هنگڤینی
٧ ـ تەرازوو ٨ ـ گوهیشك
٩ ـ دیك

* پیاو نابێ جحێلان بشکێنێ.
* پێم بلێ لەگەڵ کێ هەڵدەستی و دادەنیشی ؟ پێت دەڵێم تۆ کێ ی ؟
* چون گوێمان لە دەنگی هەڵۆ دەبێ کە بە سەرماناتێ دەپەڕێ، هەروا ش ناوی مرۆڤ دەمێنێ لە پاش مردنێ.

غەفووری

* قشقەڵە بە خۆراپی بن کلکی گامێش ناخورێنێ.
* بەزی بە پشیلەی بسپێری.
زۆرە ملی مل کەچی بەدواوەیە.
* سەد جاری بگرە و جارێکی ببڕە.
* وەستا خشتی خوارڕانێ ئاخری دەرووخێ.
* کەوچك بە دەستی کابان تەقەی نایە.
* لەو گوێ یە وەری دەگرێ لەوی دی دێداتە دەر.

محەمەد رەسووڵ بلێند گرامی

* مەشهوورە هەرکەس بەکەم نەزانێ
پیاوەتی زۆریش بەکەم دەزانێ
* بۆیە خاوەن کار هەر دەڵێ زووکە
پێمەرە دەست فەعلەوە سووکە
* گوێ بگرە پەندی هەموو کەس بیستوو
رامەپەڕێنە قەت سەگی نووستوو
* ئەو کارەی خۆت پێت دەکرێ بە کەس مەکە.
(عومەر شێخ محەمەدی).

پیاوێك کورەکەی دە نێرێتە دەرەوە تا فێری عەرەبی بێ کورە پاش سێ ساڵ دەگەڕێتەوە.

باوکی پێ ی دەڵێ:

کوڕم شوکر عەرەبی باش، فێربوویە؟

کوڕ: بەڵێ بابە گیان

باوك: عەرەب بە وشتر دەڵێن چی؟

کوڕ: بابە ئەوە زۆرگەورەیە

باوك: ئەدی بە مێروولە چ دەڵێن؟

کوڕ: بابە ئەوە زۆربچووکە.

باب: ئەدی رۆڵە بە مەڕ ی دەڵێن چی؟

کوڕ: وەڵڵاهی مەرم لە بیرنەماوە بەڵام شتێکی سەیریان بە بزن دەکوت.

"شنۆ فارووق سەیران"



رۆژێك پیاوێك دەگاتە ڕێبوارێك ولێ ی دەپرسێ:

- کاکە سەعات چەندە؟ ڕێبوار پتێکی لە سەری دەدا. پیاوەکە دەڵێ:

- ئەوە چ بوو؟

- پێم وتی سەعات یەکە. کابرا لە وڵامدا دەڵێ:

- باش بوو سەعات دوازدە نەبوو

" شنۆ: مەعسوومە ئەدیب "





منداڵێك لەگەڵ باوکی لە بازاڕ دەگەڕێ. چاوی بە ئەفسەرێك دەکەوێ کە میداڵ ونیشانێکی زۆری بە سەرشان وسینگەوە دەبێ لە بابی دەپرسێ:

ئەو هەمووميداڵ ونيشانانە بۆچی بە سەرشان وپیلی ئەوپیاوەوەنە؟


باب:

ئەوانە نیشانی سەرکەوتن لە شەڕدان:

کوڕ:

ئەدی بۆ ئەتۆ ودایکم هێندە شەڕدەکەن بەڵام هیچ نیشان و میداڵێکتان وەرنەگرتووە؟

بانە: زاهیر رەزایی



ماموستا لە قوتابیان پرسیاردەکا:

پێغەمبەر لە کوێ وەفاتی کردووە؟ هیچ کام لە قوتابیان نەیانزانی وەڵام بدەنەوە.

لەوکاتەدا یەکێك لە قوتابیان ئاواڵی تەنیشتی دەقورنجێ ئەویش بە هۆی ئێشی کە بەدەنی دەگا دەڵێ: مەکە.

ماموستا دەڵێ بژی.

داچەپڵە یەکی بۆلێدەن.

پیرانشار: عەلی مەولوودی



کابرایەکی بێ عەقڵ لە شاری بە خەیاباندا دەڕۆیی، لە پڕ چاوی بە پینەچی یەك کەوت کە سە تڵێکی ئاوی سوور (کە وشی تێنابوو ودەری هێنابۆوە) لە پێش دانرابوو وەیزانی دۆشاوە، چاوێکی لە سەتڵە ئاوە سوورەکە کرد و بە پینەچی کوت:

-" خاڵە ئەو دۆشاوە لیوانی بە چەندە؟

پینەچی سەری هەڵێنا و تەماشایەکی کابرای کرد زانی زۆر بێ عەقڵە کوتی:

-" بە پێنج قڕان.

کابرای بێ عەقل کە لیوانی چای پینەچی لە وێ بوو هەڵی گرتوو لیوانێکی تێ هەڵدا و خواردیەوە پاشان بە پینەچی گوت:

-" ها ئەوە پێنج قڕانەکەت بەلام دۆشاوەکەت بەکار نەدەهات نەلێی کابرا بێ عەقل بوو!؟

جەلیل یۆنسی

فه‌قیێ ته‌یران



وه‌رگێڕ له‌ ئینگلیزه‌ بیه‌وه
ئه‌حمه‌د قازی

وه‌رگێڕ له‌ فارسی
په‌رویز جهانی

ب قه‌له‌ما:

دوکتۆر مارگرێت روودێنکۆ　1

ناڤێ فه‌قییێ طه‌یران ده‌نگبێژی ئسترانێ مێرانییێ، فیلسۆف و شاعر ل ناڤ گه‌لێ کورد دا، ناڤه‌کی زۆر ناس کری و بناڤ و ده‌نگه‌. کۆمه‌ك زۆر ژ لاوژه‌ و ئستران و شێعرێد ئه‌ڤینداری یێ کو ل ئه‌ده‌بیاتا کوردی دا هه‌یه‌ نسبه‌ت دده‌نه‌ فه‌قییێ طه‌یران.

ئه‌و شێعر و ئستران و هۆزان و لاوژانه‌ ل بارا خوو، خه‌یسه‌ت و ره‌فتارێ هه‌ره‌ باشه‌ گه‌لێ کورد، ئه‌ڤینداریێ و دلداریی دانه‌، هنده‌ك ژی هۆزانێن فه‌لسه‌فینه‌.

به‌رێ هه‌رته‌نێ هۆزانێن ڤی شاعری به‌ره‌ڤ ببوون کو به‌ره‌به‌ره‌ هنده‌ك بابه‌تێن دی لێ زێده‌ بوون. چیرۆك بێژ و ده‌نگبێژان کو بخو شێعر و ئسترانێد مێرانییێ و ئه‌ڤینداری یێ دگۆتن هنده‌ك شێعرێد وه‌کی شێعرێد فه‌قییێ طه‌یران ل شوونه‌وارێ فه‌قی زێده‌ کرن. هۆزانێن فه‌قی گه‌له‌کی بینانی فۆلکلۆرێنه‌. هۆزانڤان ل سه‌ره‌کانییێ هه‌ره‌ به‌رفره‌یه‌ فۆلکلۆرێ زۆر ویَج و به‌هره‌ ڤه‌رگرتییه‌.

خه‌لك گه‌له‌کی حه‌ژی هۆزانڤانێ ئوها دکن. ئه‌وجوره‌ شاعرانه‌ زوو دکه‌ڤنه‌ ناڤ چیرۆك و ده‌ره‌ڤۆکا. ئه‌ڤ گۆتنا ل بارا فه‌قییێ طه‌یراندا راست و دوروسته‌. خه‌لکێ باوه‌ر دکرن کو ئه‌و خودانێ هێزه‌ك سرِی و خودائییه‌. هه‌موو سه‌ر وێ باوه‌رێ بوون کو ئه‌و زمانێ طه‌یر وطوو و چۆله‌مه‌و هۆڤان و ئه‌زمانێ سروشتێ دزانه‌. ناڤێ شاعر بخوژی هه‌ ئه‌ڤێ ئارش و مه‌عنییێ دده‌، (که‌ سێکو بال طه‌یرا هیم دبه‌). کۆمه‌ل و جڤاته‌ك زۆر حه‌ژی شێعر و هۆزانێ فه‌قییێ طه‌یران دکن و هۆزانی فه‌قی ژی ل ناڤ جڤاتێ دا زۆر په‌ڕه‌دایه‌ و پێش که‌تییه‌. خه‌لك ل هه‌ر کۆم و ده‌سته‌یی دا حه‌ژی هۆزانێ فه‌قی دکن.

پشکه‌ك زۆر ل هوزانڤانێد هه‌ڤچه‌رخ ل هوزانید خوه‌دا ل شێعرێ فه‌قی نه‌مووشا هلددن و بینانی وی هۆزانا چێدکن و حه‌تتا گۆره‌کی ده‌رڤۆك و ئه‌فسانا خوه‌ دگه‌هینن وی.

ئاگاداری بێد مه‌ ل بارا ژیناڤی شاعری دا زۆر کێمه‌. گۆره‌کی نڤیسینێد (ئا٠د٠ژابا) موحه‌مه‌د فه‌قییێ طه‌یران (٧٠٢ ـ ٧٧٧ کۆچی) پێ ناسناڤێ (میم و ح) هۆزان ڤه‌هوونایه‌. ئه‌و ل بازارێ مکسێ سه‌ر ب ئوستانا هه‌کاری ل کوردستانا تورکیایێ دا هاتییه‌ دونیایێ. ژ شوونه‌وارێ وی مرۆڤ دشێ ناڤێ ڤانه‌ بینه‌: "شێخی سه‌نعان"، "چیرۆکا شێخ به‌رسیسا"، "چیرۆکا هه‌سپێ ره‌ش".

بێ گومان فه‌قییێ طه‌یران هه‌ژماره‌ك زۆر هۆزانێ فه‌لسه‌فی و ئه‌ڤینداری یێ ڤه‌هوونایه‌ کو بناڤێ شێعرێد فۆلکلۆریك جیدا مانه‌. جدا کرن و هه‌ڤ ڤه‌قه‌تاندنا کار وشوونه‌وارێ شاعر و فۆلکلۆرێ کاره‌کی زۆر چه‌تن و دژواره‌. بلی

شێعر و ئێسترانێد مه گۆتی
چیرۆکا " شێخێ سه نعانێ"ژی
کو ل ناڤ کوردان‌دا زۆر بناڤ و
بانگه یا فه قییێ طه یرانه ·

چیرۆکا ئه ڤینداری یا
شێخێ سه نعانێ ل سه ر کچا
گوندی ل ناڤ خه لکێ رۆژهه لاتا
ناڤین و وی ئالی قه فقازێ
بناڤ و بانگه · په یدا کرنا
سه ره تا و ده ستپێکا جیهـ و
ده ما قه ومینا ڤێ سه رهاتێ
و دوورا چوونا ڤه گوڕین و
ته کووز بوونا وێ ل درێژایا
مێژوویێ دا کاره کی چه تن و
دژواره · هه ر ته نێ مه رڤ
دکاره گومان بکه کو ئه ڤ
چیرۆکا ل جیهه کی دا
قه ومییه کو خه لکێ وێ ده رێ
فارسی ئاخفتنه ، چاغێ قه و-
مینا وێ ژی ده مه که کو
سۆفیتی و خودێناسی یێ
پێ دانایه سه ر مه یدانا -
بیرو هزرێد مرۆڤان ·پێشترین
شۆلا ئه ده بی کو ل سه ر ڤێ
سه رهاتا ڤۆلکلۆریک هاتییه
کرن ، کارێ شاعرێ فارسی
بێژه ئیرانی شێخ فه ریده دین
عه طاره (۱۱۹۳ _ ۱۱۱۹)·پاشێ
ئه میر عه لیشیر نه وایی
(۱۵۰۱ _ ۱۴۴۱) پشتی وی ژی ل
سه ده یا نۆزدێ‌دا وه‌جده ت
گیلانی ، حوسێن جاوید (۱۹۴۱ ،
۱۸۸۲) و هنده کی دی ئه و
سه رهاتا دانه به ر ڤه ژاندن
و ڤه هاندنێ ·

ل کتێبا (ئاخفتنا طه یرا)
" منطق الطیر " یا عه طاردا
سه رهاتی یا شێخێ سه نعانی
و دۆتا گوندی ژی هاتییه
ڤه هوونان · ل وێ کتێبێ دا
سه رهاتییا شێخ و کچکێ
بابه تا بنێشه ئییه · لێ ل
ره خ وێ سه رهاتێ‌دا هنده‌ك
بابه تێ دی ژی هاتییه · لێ
هه ر ئوسا کو مه گۆت خیمێ
هه ره بنێشه ئییه ڤێ هۆزانێ
هه مان چیرۆکا شێخێ سه نعا-
نی و دۆتا گوندی یه ، کو
زۆرجارا وه کی شوونه وار و
سه رهاته‌ك جودا هاتییه
چاپ و به لاو کرنێ ·

گۆره کی نڤیسینێ ئی · ئی ·
بێرتێلس ، ئه ڤه زۆر گرنگ و
به ربچاڤه · ئه ڤ شوونه وارا نه
تنێ خودانێ ئه رزش وبایه‌خه‌ك
هه ره ژۆره هونورییه ، به لکو
خیم و بنێشا سۆفیتییێ ژی تێدا
جی بوویه ·

ل شوونه وارێ نه وایی دا
ئه م دیسا بجوره کی بینانی
هه ڤراستی ڤێ بابه تێ
دبین · ل هۆزانا ئاخفتنا طه یرا
(منطق الطیر) دا سه رهاتا
شێخێ سه نعان خودانێ پله و
مه قامه کی به ربچاڤه ·
نیوه رۆکا هه ردوو هۆزانا
بینانی هه ڤن · چون نه وایی
نه خاستییه سه رهاتا ئاخفتنا
طه یرایه عه طار بگوهۆره ،
شوونه وارێ وی بناڤێ کاره کی
تۆره ڤانی یێ یه به ربچاڤ
نه هاتییه ناسین · مرۆڤ
نه شێ کاری وی ڤه رگه ڕاند -
نه ك سه ڕاست ژ شوونه وارێ
عه طار بهه ژمێره · نه وایی
ل شوونه وارێ خوه دا شرۆڤه
کرن و په سن و پێدا-
هه لگۆتنێن دوور و درێژ ئینایه
کو ل شوونه وارێ عه طاردا
به رچاڤا ناکه ڤه · ئه وی
ده رکه تنا شێخ ل دینێ
ئیسلامێ ب ئاوو تاوه‌ك
تایبه ت و بره نگ و بێهنه‌ك
جودا راگه هاندییه و شرۆڤه-
کرییه ·

ل فۆلکلۆرا کوردی دا چیرۆ-
کا شێخێ سه نعانی ب فه رق و
جودایی و گوهۆڕینێد زۆر
بناڤێ " دۆتا گورجا " هه یه ·
قه ت دوور نینه کو فه قییێ
طه یران سه رهاته‌ك ژ وان
سه رهاتانا کر به خیم و
بنێشا هۆزانا خویه شێخێ
سه نعان ·

ئه ڤ هنده هێژایی به را
خودانێ یه کو پاشی ڤه هوونانا
هۆزانا شێخێ سه نعانی (یا
فه قییێ طه یران) ئه ڤ
سه رهاته دیسا بینانی
هۆزانه‌ك فۆلکلۆری که تییه
ناڤ فۆلکلۆرێ کوردی و حه تا
رۆژا ئیرۆژی هه ر مایه ·ده‌بییا
فه قییێ طه یران بۆ دانانا
هۆزانا خو سه رهاته‌ك بناڤ و
بانگ بنێشه دانابه و پاشێ
ئه و سه رهاتا بێ کێم و کاس
هوونان‌دبه · ئه مما ئه ڤ گومانا
ژی پێ به رچاڤ گرتنا کێش و
قافیه یا رۆن و حه تا ئه و
په یڤ و گۆته یێ کو لێ
وێج ڤه گرتییه (پشکا زۆر ه

په یڤا عه ره بینه) راست ده رناکه ڤه ٠

مه لێره دا هۆزانا فه قییێ طه یران و سه رهاتا فۆلكلۆری دایه به ر هه ڤ ٠

فۆلكلۆر :

رۆنایا فندێ گهشتێ
حوری یا بكوورا بهوشتێ
شێخ دی سه ربانێ كه نیشتێ
شێخ باطنی بانگ بكه تێ
شێخ خه ونێ دا دین دبوو
تژی دماخا خوون دبوو
سێڤا سپی ره نگین دبوو
ئاخ دووره رۆژا وێ بێ
ئه هلێ ته رز ئه هلێ ملووك
هندی مه زن چه ندی چووك
خوچه و ئاغا و ملووك
هه موو شێخ دكن پرسیار ێ

فه قییێ طه یران :

رۆهنیا فه ندێ گهشتێ
حوری یا بوكرا بهشتێ
دی ل سه ربانێ كنشتێ
دی كو كه چبان دكه تێ
دنیڤا خه لوه تێ ئه و دیندبوو
تژی دماخێ خوون دبو و
شه هبا سپی ره نگین دبوو
ئه وحال و ره نگ قه ت ژێ نه تێ
ئه هلێ طه ریق ئه هلێ سلووك
هه رچ مه زن ، هه رچ بچووك
ئاخا وخاجه و ملووك
پرسینه ل شێخ زه حمه تێ

هه یلۆ ل به یته ك فۆ — لكلۆری یه ته زه دا كو كوردێد قه فقازێ ل سالا ١٩٦١ زدا چاپ كرنه ، مرۆڤ دشێ وه كی هه ڤ بوونا وێ دگه ل هۆزانا فه قییێ طه یران ببینه ٠

فه رق و جودایا ڤان به یتانه هنده كی دگه ل به یتێ پێشین هه یه ٠ ل بنێشی دا بابه ت و سه رهاتی هه یه كه ٠ ئه مما لێره دا ئه م دبینن كو شێخ ب داخازا سۆفی و موریدێد خوه ده ست ژ ئه ڤینا كچكا فله هه لناگره و نایێ سه ر دینێ ئیسلامێ ٠

" ئه ز خوه خوه هه رم بێژم
شێخ عه طاره "
وه كی ئه و شه هه ر بۆ من
باغه و قیز بۆی من بوویه
هناره ! "

ئه ڤ به یته بینانی به یتێد پێشین نینه و ره نگێ وان ناده ٠ خودانێ په خشانه ك رێك وپێك و ره ه و په هێ هۆزانڤانی یێ یه ٠ هۆزانێد وێ دگه ل به یتا به لاو بوویی دوروست بینانی هه ڤن وئه ڤه خوه ژی دگه ل هۆزانا فه قی وه كی یێكه ٠


ل دانه به ر هه ڤا ره ه و په هێ شێعری و په خشانی نه وه كی هه ڤ بوونا چاوانی و رێبازا شۆلێ و بكاربرنا په یڤ و گۆتنه یا ژی باش و رۆناهی به رچاڤا دكه ڤه ٠ ئینانا په یڤێد سه رگرتی و كنایه و ئستعاره و گۆتێد عه ره بی نیشان ددن كو هۆزا — نڤان شاعره كی مه زن وخودان جه ره به بوویه ٠ به یتا په خشانه ڤێ سه رهاتێ خودانێ تایبه تییه ك جودایه ٠ ئه زمانێ به یتێ زۆر ساده یه و لایێ هونورڤانییا وان زۆر لاوازه ٠ نێوه رۆكا وێ بجوره كی ساده هاتییه گۆتن و گه له كی نێزیكی ئه زمانێ ئاخفتنا خه لكێ یه و گۆتنه و په یڤێد عه ره بی تێدا به رچاڤا ناكه ڤن ٠

ئێجا ئه ڤ پرسیارا تێته پێش كو گه لۆ شكلا په خشانا ڤێ به یتێ ژ شكلا هۆزانا وێ مێژڤه تره ؟ گه لۆ ئه ڤ به یتا په خشان بوویه ؟ خیم و بنێشا به یتا هۆزانێ یان به ره واژی وی یه ؟ به رسڤا ڤێ پرسیارێ زۆر دژواره ٠

" ئی ٠ ئی ٠ بێرتێلس " هۆزانا ئاخفتنا طه یرایاعطار بناڤێ خیم و بنێشا سۆفیتیێ دایه ناساندن ، كو ل وێ دا مرۆڤ دگێژه یێكاتی یا تنێ ٠

هۆزانا شێخی سه نعانی ل ئه ده بیاتا فارسی دا كو گه له ك شاعرا ئه و ڤه هوونانه هه موو جیبیا ژێهه لچوونا مرۆڤێ خودێناس بۆ لایێ خودێ نیشان دده ٠ ل ناڤ خه لكێد وی ئالی قه فقازێ دا سه رهاتا شێخێ سه نعانی ل بار ا نێوه رۆك و چاوانییا خوه دا فه رق و جودایی دگه ل ئه و ا مه گۆتی هه یه ٠ ڤێ ده رێ ئه ڤینا خودێناسی و مه عنه وی جیهێ خو دده ئه ڤینا مادی و دلۆڤانییا مرۆڤانی یێ ٠

دوومایی همیه



پادشاهێ دادگەر

بێکەس مێرگەسۆری

هەبوو نەبوو کەس ژ خودێ گەورەتر نەبوو. پاتشاهەک هەبوو، پاتشاهەکی باش و خودێ ترس. هەروەختێ کو ڤی سولتانی نڤێژ دکر، مەکە و مەدینە دهاتنە پێش چاڤێ وی، رۆژەکی ژ رۆژان ل وەختێ نڤێژێ دا مەکە و مەدینە نەهاتنە پێش



چاڤێ وی، چەند رۆژ پێ چوون سولتان رۆژ بۆ رۆژێ لاوازتر دبوو.

رۆژەکی دایکا وی گۆتێ :

- کوڕێ من چ هاتییە سەرێ تە بۆ من ژی بێژە کانێ تۆ بۆ رۆژ بۆ رۆژێ لاواز و لەغەر دبی.

سولتان گۆت :

- دایێ چ ژ دەستێ تە نایێ، ئەز چ تشتی بۆ تە نابێژم.

دایکێ گۆت :

- کوڕێ من مانە من شیرێ سپی دایە تە، ئەز زۆر حەز دکەم کو بۆ من بێژی.

سولتان ئاخێنەک هەلکێشا و گۆت :

- دایێ ئەڤ چەند رۆژە کو ل وەختێ نڤێژێ دا مەکە و مەدینە نایێنە پێش چاڤێ من

دایکێ گۆت :

- کوڕێ من کا چ بێدادی و زولمەک ل مەملەکەتی، فەقیر وهەژارەکی را هاتییە کرن، لەوا مەکە و مەدینە نایێنە پێش چاڤێ تە.

پاشا گۆتە وەزیرێ خۆ چار دەست جلکێد دەروێشا حازرکە. وەزیر چار دەست جلکێ دەروێشا حازر کر.

پاتشا دگەل وەزیرێ خۆ جلکێ دەروێشا ل خۆکرن و کەتن وەلات چوون حەتا گەهیشتن بازارێ بەغدایێ. چاڤێ وان ل کۆشکەک جوان و بلند کەت لێ دەروازێ وێ کۆشکێ سەرابن لێدابوون .. پاتشا ب وەزیرێد خۆڤە چوونە ناڤ حەوشا وێ کۆشکێ. گاڤا کو پاتشا و وەزیرێد خوڤە ب جلکێد دەروێشا چوونە ناڤ حەوشێ ژنەک ل قەسرێ هاتە خار، ژنەک هند جوان و جندی بوو کو وەکی وێ جندی ل دونیایێ دا نەبوون .

ژنکێ دەروێش برنە ژوور و بۆ وان فراوین ئینا و گۆتە وان بفەرموون. پاتشا گۆتێ :

- خووشکێ ئەز نانێ وەناخۆم.

ژنکێ گۆت :

- بۆ دەروێشێ دەلال، چ کەس لڤێ مالێ بێ خارن و ڤەخارن نەچوویە، ما چ بوویە تو بۆ ناخۆی ؟

پاتشا گۆتە ژنکێ حەتا تونەبێژی من کا ئەڤ دەرکێ کۆشکێ بۆچی وەرگەڕیایە و سەروبن بوویە ئەز نان ناخۆم.

ژنکێ گۆت :

- دەروێش بەلا خۆ ل مە ڤەکە، ئەز بێژم یان نەبێژم چ دەردەک ژ دەردێد مە دەرمان نابە، نانێ خۆ بخۆ و دەست ژمە بکێشە .

پاتشا گۆت :

- حەتا تو نەبێژی ئەز نان ناخۆم

ژنک نەچار ما و گۆت :

- رۆژەکی ئەز و خودامێد خۆ چووبوونە سەربانێ کۆشکێ و مە بەرا خو ددا دیمەن و بینبەرێد شار. هنگێ حاکمێ شارژی دەرکەتبوو سەیرانێ، وەختێ کو من دگەل خودا ما ل سەربانی دبینە دبە ئاشق و ئەڤینداری من. حاکم نهە میرێ من گرتییە و دبێژێ حەتا تو





ژنا خو بۆ من بەرنەدەی ئەز تە ئازاد ناکەم و ئەزێ تە بکوژم. ئەڤەیە مژی

دەركێ كوشكا خو سەروبن لێدایە و رەش گرتییە.

پاتشا دەماك ئەڤە بهیست فراوین





خار و پاشی فراوینێ پاتشا گوستیلا پاتشاهی یێ نیشانی ژنكێ دا و گوتە

وێ هەرە بێژە حاكم من قەبوولە مێرێ من بەردن و ئازاد بكەن .

ژنكێ گوت :

- نە ئەم ئیسلامن ئەڤ گوتنە حەرامە و یا بوونی نینە.

پاتشا گوت :

- بلا مێرێ تە بەردن هنگێ ئەز دزانم كا ئەز دێ چ بكەم .

ژنكێ قەبوول كر و بودەرێ دەرخا - نا حاكم رێ كەت و گوتە دەرگەڤانا ئەز هاتمە بلا حاكم مێرێ من ئازاد بكە و ئەزێ گوتنێ وی جی بینم .

حاكم دەستوور دا مێرێ وێ بەردان و ئازاد كرن و گوتن سبەیی ئەم دێ ، بێن و ژنكێ ببەن .

روژا پاشێ حاكم دگەل چەند ماقوول و گرەگرێد خو بو برنا ژنێ چوونە قەسرا وی مروڤی. بەرا خو دایێ چەند دەروێشژی وا ل وێ دەرێ روونشتنە حاكم گوتە وان هوون دەركەڤن دەرێ ، دەروێشا گوت مەژی دڤێ ئەم داوەتا هنگو ببینن.

ل وێ دەمێ حاكم چاڤ ب پاتشای كەت و پاتشا گوستیلا پاتشاتی یێ نیشانی وی دا ، چاڤێد حاكم ئالوزیان و چوكێد وی سست بوون و ل عەردێ كەت ونەهش بوو.

پاتشا حوكم كر دەست و پی یێ وان گرێ دان و ئەوانا هەموو ئیعدام كر و خودانێ كوشكێ كرە حاكمێ بەغدایێ و دانا سەر جیهێ وی وگوتێ :

- ئەگەر توژی ل سەر ریكا ئسلامی دەركەڤی دێ ل ڤانە خرابتر بكەم.

هنگی پاتشا نڤێژ كر، مەكە و مەدینە ل جاران جوانتر هاتنە پێش چاڤێد وی و سوپاسی یا خودایی جی ئینا .

مەلای جزیری

من دی سەحەر،شاهێ مەجەر،لە بسی دبەر، مەخموور بوو
ئەودێم زەری، سورمۆشتەری، یارەب پەری ، یا حوور بوو

حووری وەشە، شیرین مەشە ، کاکول رەشە ، خال حەبەشە
خالێن دڤەر،مسکاتەتەر، نازك بە شەر ، کافوور بوو

نازك لەتیف، گەردەن زەریف ،لە بسێ شەریف،کیمخە وقەدیف
من دی بوەخت ، ئەونیك بەخت،ئیرۆلتەخت فەغفوور بوو

فەغفوور سورە، سیمادورە، هەیبەت پورە، پور دل گورە
ئەوهاتە مەش، من چوونە هش، دل من دعێشقی فوور بوو

دل بووکەری، زایابەری ،لازم هەری ، دی ئەوزەری
من دیگەلەك ،ئەو سورمەلەك ،وەك مەشعەلەك ،پرنوور بوو

مەی بەرکەفێ، مەشهاسەفێ،سۆزادەفێ، دا قەرقەفێ
حوسنالدیم، وەسفان نەشێم، هەرچی دبێم ژێ دوور بوو

دامن سرۆش، وەرمەی بنۆش، زەوق وخورۆش ،لەوچۆم ژهۆش
ژوێ عێشوەیا ،یاربووخوەیا، ئەونەژمەیا ،ئەنگوور بوو

من دی بخاب ، ئەو ماهتاب ، دا دل کولاب ، جۆهتێ غوراب
دل شەوشاند، خوێ لێ رەشاند، خۆش هەرشاند، تێك هوور بوو

هوورکر جەسەد، قەوسێن سەمەد، تیردان کەبەد، داد و مەدەد
جەرحان ژنەو، خوون دایەکەو عێشقا مەلەو،مەشهوور بوو

لەویەك نەسەق ،من تێن سەبەق، نووایەقەق دا دل شەفەق
شیرین لەبێ، دێم کەوکەبێ ،لێ بەندەبێ، دەستوور بوو

دلبەر نمزەر، دامن سەحەر، خەجلیم ژبەر، لێ ئەوقەدەر
زانم گوا، ئەومەهروا، وەك لوئلوا، مەنشوور بوو

بسكێن رەش...

پاش فێرقەتێ، زۆرموحبەتێ، مژطەلعەتێ، چۆم حەزرەتێ
وەسلا جە بیب ،من بوونەسیب، مەلعوون رە قیب رەنجووربوو

جاما زەلال،خەمرا حەلال ، یاراشە*پال ، دامن بحال
عێشقاغەدار، سۆهتی ستار، نێڤ ماویار، سەد سوور بوو

شاهی جەڤین، غەمژێ رەڤین ،مارێ شەڤین ،ئیساند ئەڤین
دەردوبەلا ، وێن چۆن هەلا ، عومرەك،مەلا، مەهجوور بوو

پورمن زەجر، دیتن هەجر، مابوو ئەجر، سوبح و فەجر
شەمعا مەهەل ،بوو سەد محەل ، میننەت مەدل،مەسروور بوو

یاروەعدەدا، بلەعلێن خوەدا، وەر بامەدا، چین پەردەدا
دسپێدەیێ ، چووم وەعدەیێ ،کوژبادەیێ مەخموور بوو

ئێحرام مەبەست، ئەسوەد بقەست، یارهاتە مەست ،ئەزچوومەدەست
جۆهتێ حەبەش،تیردان بوەش، حەجامەخوەش مەبروور بوو

ڤێ کاکولێ، چینێن دەلێ، قەلبێ " مەلێ"داڤ دانە لێ
داڤا دلان، نێڤ سونبولان ، سەرسۆرگولان، مەنقوور بوو

* * * * * * * *

چاڤێن گەش...

من دی ژغەفلەت جام دکەف شاهێ نەجەف دل کرهەدەف
رۆژهات شەرەف،*شێربوونەخەف، هەرچارطەرەف، نوورایەقەق

زولمەت نەما ،سوحبەت ڤەما، نوورا شەمالان چوو سەما
لێ ئەودەما ، زولف بوون جەما، هاتن سەمایێ یەك نەسەق

وەردان گولاڤ ،گرتن خوناڤ،لێ مندناڤ، سۆهتن هناڤ
من دی بچاڤ ،زولفێن بلاڤ،لێ بوونەداڤ ، بەندکر بناڤ

نوورا بەسەر، گوفت وخەبەر ، قەندوشەکەر، زولفانل سەر
خالێن دقەر ،بایێ سەحەر، دابێتەدەر،سوبحا بحەق

فەرهەنگۆک

ئەوجە : حەوجە ،حەوجێ، لازم ، پێویست

ئەوەندووکە (ئـــەوەندووسکە): زۆرکــــەم نەختێك

ئەوا : ئەوها (بن زاراوەی مەنگوڕی) ئاوا ، وەها ، ئەوتۆ

ئێرەیی : بەغیلی ،چاوچنۆکی ،حەسوودی

بلی : بێچکە ، جکە

بڵاوەپێکردن : بڵاو کردنەوەی کۆمەڵێك کــە لە جێگەیەك کۆ بوونەوە ٠

بە دی : ئاشکرا روون ، بەرچاو

پاك : هەموو ، تەواو

پێ بە هەرزانی : قەدەم بە خێر ، سەر بـە رسـق

پڕ پێدا کردن (گرتن) : بە پەلە دەباوە ش گرتن

پێن وەگێڕن قەزایە : بە قەزا پێمـــا ن بگێڕنەوە ٠ تۆڵەمـا ن لێ بکەنەوە

پووت : (پیت) ، چەلەنگ ، حەلەبی

تنووك : تاریك ، رەش و بێ رۆچن

تێ فکرین : بە سەرنجەوە چاوەکەسێك بڕین

تاو ئەنگووت " : رۆژ هەڵات ، تاو هەڵات

ترازاندن : لابردنلە سەر ، خستن

تەلاقن دەکەوێ : تەلاقمان دەکەوێ ٠ لـــە ناوچەی مەنگور و شنۆ و دەشتە بێل و چەند ناوچەی دیکە دا (ن) لە جێگـــەی (مان) دەکار دەکرێ ٠وەك کارن هەیە (کارمــا ن هەیـە) ٠

تلانەوە : لە بەر چاو ون‌بوون٠ نوقم بوون ، خلـــۆر بوونەوە

توون : جەهەنـــدەم ،ئاوردان

جە ڕدان : پێچ دان ، لێك هاڵاندن ، جیـــڕە-بابە دان

جە لاب : جەلاد ، سەر بڕ

جووت غیرەت : غیرەتی جوولاوە (؟)

چرپان‌چرپان : تێکە و لێکە ، ئـــاژاوە

خـــاکی ماجوومی : گلی رەشی بە قــەوەت و تەڕەزن

خومیا : خوویا ، دیار

خۆدە خێوی (بن زاراوەی مەنگوڕی کۆن) : وەخۆ دێتەوە ، رادەپەڕێ

دیارە و زەمزەمە : داب و دەستوور ، کـەب-کەبە و دەبـدەبە

دەستم دەگەڵ بدەنێ : یارمەتیم بدەن

دەبان : باشـترین ، نەوعی خەنجەر

دەمەر قۆپان : جۆرە شەڕواڵێکە لە ســـەر دەرپێ وە لە پێ دەکرێ ٠

رۆژی قەرەمیس : رۆژێکی پڕ هـــەرا و ئاژاوە

رە داوا کەوتن : وە دوو کەتن

را - و بێ ڕا : تەگبیر ، بەرژەوەند

زەمەند : شیناوەرد و جێگەی زەنوێـر و پـڕ گژ و گیا

زەمورەك : زەنبوورە

زە برینگ : زەبر ، زەربە

زگ‌وزا : زەو و زوو (زاد و ولد)

سوو لاندنەوە : سووتاندنەوە ، زووراندنەوە٠

سیـر : ئـستیر ،ستەیرك ،ئـستەیر ، سەیر

شەپال : جوان ،جندی ،رند، رێك و پێك

شا لاو : هێرش بردن ، بە پەلە بەرەو کەسێك یا شتێك چوون ٠

غەنج : نازو عیشوە

غـــولۆو : تێك هاویشتن ، هەراوهەڵڵا

فەرتەنە : فرتەنە ، لانکە کردنی کەشتی و پاپۆڕ لە نێو ئاودا

فا : چەشنێك قوماش یا پارچە

قەرحە (قرحە) : برین ، زان

قلیاندار : نۆکەرێکی تایبەتی کە قلیـان و سەبیلەی بۆ ئاغا ساز دەکرد ٠

قاو کردن : گاز کردن ، بانگ کردن

قاوش : (؟)

کاردانەوە : (عکس العمل ، واکنش)

کە سیرە : لە سەرمان سڕ بوو ، بــــە سەرما کەوتوو ٠

کونە بڕ (کون‌بڕ) : پڕ بوون و پەستێوران

کەڵ مـل : ملهوڕ ، مل ئەستوور

کریمان : دامان‌نا (فرضا) ، وای دانێین

کۆگجە : هەڵووچە

گفت : بەڵێنی ، قەول

لە خواجا بێداریان‌دا : لە شەپپووریان‌دا (؟) ، خەبەریان‌دا

مە سنەوی دە بێتـــە حـە فتـا مـە ن : وەر گێڕاوی ئەم نیوە شێعرە فارسی یە یــە (مثنوی هفتاد من کاغذ شود) ٠

مارتین : نەوعێك تفەنگ

ماك : بنەما

نەهیریە : نەهریە ، نەهری ،(ناوچەیـــەك لە کوردستانی تورکیا)

ودم : هەناسەی شەفا هێنەر

وانە : دەرس

وەردیان : کێشکچی

هێڵ : خەت ، کووز

هە رە مە : پەلە

سروه خزمەتکاری ئەدەبی کوردی



وێنه گری سروه



وێنەگری سروە



مەهاباد: بایەزید مورادی



بۆکان : سەلاحەدین خوسرەوی



